# دوو خەون و عەشقێک



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

کۆمەڵە چیرۆک

# دوو خەون و عەشقێک

## سەڵاح مەنوچێهری



ناوی کتێب:
نووسینی:
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە:
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری:
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە ()ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

# دوو خەون و عەشقێک

لەبەر دەرگای نووسینگەی ترمینال، کوڕێکی دە پازدە ساڵە وەستابوو، دەستماڵێکی بەدەستەوەبوو لەبەر خۆرەکە ڕای ئەشەکاند کە وشکەوە ببێ. موسافیرەکان پاش ناوونوسی و کڕینی بلیت، ئەو کوڕە ماشینەکەی پێشان ئەدان کە بچن سوار ببن.

موسافیرەکان لەوەی کە توانیبوویان بگەن بەم ماشینە خۆشحاڵ بوون. چونکە ئەمە دوا ماشێنی ئیمڕۆ بوو. یەک یەک و دوودوو سەریان هەڵئەدا. هەر موسافیرێک کە سوار ئەبوو چونکە سەندەڵییەکان خاڵی بوون لەم جێگەوە ئەچوون بۆ ئەو جێگە و لەویترەوە بۆ دانەیەکی تر. کچێک هاتە ژورەوە، جانتایەکی بەدەستەوە بوو، چاوێکی بەناو سەندەڵییەکاندا گێڕا. لە پێشەوە ژنێک دانیشتبوو، حەزی نەکرد بچێتە تەنیشتیەوە. لەوەی کە بۆ نەچبووە تەنیشتیەوە بۆ خۆشی جێگەی پرسیار بوو. ئایا هۆی ئەوە بوو کە هاو تەمەن نەبوون؟ زۆر جار ڕواڵەتی مرۆڤ بنیادەم بەهەڵەدا دەبات. ئەم ژنە بەڕواڵەت نەچووبووە دڵی ئەم کچەوە. کچەکە گورج چاوی لێ هەڵبڕی، دوو سێ سەندەڵی چووە دواترەوە دانیشت. جانتاکەی خستە ژێر سەندەڵییەکەی و دەستماڵێکی لە گیرفانی دەرهێنا ئارەقی تەوێڵی پێ سڕی، دەم و لوتی پێ پاک کردەوە و نایەوە گیرفانی. دەستی برد جانتاکەی لە ژێر سەندەڵییەکەی دەرهێنا، نایە سەر کۆشی و کردیەوە،



کیفە شانیکەی لێ دەرهێنا و خستیەوە ژێر سەندەڵییەکە. ئاوێنەیەکی لە ناو کیفەکەی دەرهێنا و سەیری خۆی کرد. دەستماڵ کاغەزییەکەی گرت بەدەستییەوە و ئاڵاندی لە قامکی. گۆشەی چاو و دەوری لێوی و بەر گۆنای کە بەهۆی ئارەقکردنەوە ئارایشتەکەی تێک چووبوو دروستی کردەوە. دەور لێوی دروست بوو. بەڵام گۆشەی چاوی راستی تێک چووبوو. قەڵەمچاوەکەی دەرهێنا و سەر لە نوێ ڕشتیەوە. سەیری سەر و پرژی خۆی کرد یەک دو تاڵ کەزی لە ژێر ڕوسەریەکەی دەرهێنا و لەدەور ئەنگوستی ئاڵاند، لوولی کرد و لەبەر لاجانگی بەری داوە. جارێکی تر بەوردی سەیری خۆی کرد و هەناسێکی هەڵکێشا، دەم و لووتی کوڵ و نوقڵی چەناکەی خڕ و چاڵێکی بچووکی تێدا بوو. ڕووسەریەکەی شل کردەوە، سا و گەردنی شیرین، شێوەیەکی بێگەرد. کاتێ کە تفی قوت ئەدا کڕکڕاکەی بەئەسپایی ئەجوڵا و شێوەیەکی جوانی ئەدا بەسیمای. بنیادەم خۆی ئەزانێ کوێی جوانە و کوێی ناحەزە، یان چۆن بکات جوانە و لی ئەکاڵێتەوە. ڕەنگ و ڕووی گەنمی. گەندەتووکی دەور لێوی کە پۆدری لێ دابوو تا سپی بنوێنێ، ئارەق شۆردبوویەوە و تۆزێک مەیلەو کەسک ئەینواند. چاو و برۆی خورمایی تۆزێک مەیلەو کاڵ. قەڵەمچاو و ئاوێنەکەی خستەوە ناو کیفەکەی و باوەشێنەکەی دەرهێنا تا خۆی باوەشێن بکات و ئارەقە ئارایشتەکەی نەشواتەوە.

ڕۆژنامەیەک کەژی سەندەڵییەکەی بەرانبەریەوە بوو. دەری هێنا و خۆی پێوە خەریک کرد. هەوا هێشتا گەرم بوو. نەوەک تینو تاوەکەی نیوەڕوان، موسافیرەکان یەکی بەساکێک و جانتایەکەوە ئەهاتنە ژوور، زۆر قەڵس و ماندووبوون. ماندوویی و شەکەتی لەسیمایاندا بەدی دەکرا. ئەم شەکەتییە پتر بەهۆی پەلەپەلەوە بوو کە بەشکەم بەماشینەکە بگەن.

کوڕێکی گەنج هاتە ژورەوە و، چاوی بەناو سەندەڵییەکاندا گێڕا لەگەڵ

کچەکە چاویان بەیەک کەوت. کچەکە ڕوی وەرگێڕا و لە شیشەکەوە سەیری دەرەوەی کرد. کوڕەکە هاتە ڕەدیفەکەی بەرانبەر کچەکە دانیشت. کچەکە ڕۆژنامەکەی کردەوە و خۆی پێوە خەریک کرد. لەژێریشەوە دزەی نگایەکی دا بەکوڕەکە. ئەی شایەد جوان بوو، بۆ جارجارە دزەی نیگایەک و سەرنجێکی دڵدارییانە خراپ نەبێ. بەمەرجێ کوڕەش باوەڕی وابێ (دەی با جوانیش نەبێ خۆ بەم دەم و دەستە نابێتە مێردەزمەم) ئەمەی لەبەر خۆیەوە وت. کچەکە لەقەستی ئاوڕێکی داوە لە کوڕەکە، جوان نەبوو خراپیش نەبوو. بۆ ئەوە ئەبوو پێی ڕابوێرێ لەڕ و درێژ، بیچمی زۆر لاواز بوو. ئەو تۆزە ڕیشە لەڕییەکەی شاردبووەوە. بەگشتی جوان نەبوو. بەڵام چاو مار و گوێ قۆلاخ و زۆریش نا شارەزا بوو بۆ بەرخورد لەگەڵ ئافرەت. بەسەیرکردنی کچەکە، کوڕەکەش ڕاستەوخۆ سەیری کردەوە و بەدەمیەوە پێکەنی و سەرێکی بۆ خوار کردەوە. کچەکە ڕوی وەرگێڕا. بەڵام وزەی سەرنجی کوڕەکە لەسەر کچەبوو. کە هەستی بەڕوانین و وردبوونەوەکەی دەکرد. بێ ئیرادە ئاوڕێکی تری لێ داوە. کە ئەویش بەهۆی تەوژمی نیگای کوڕەکەوە بوو کە مێشک و بیری بەخۆیەوە ڕادەکێشا.

کوڕە دیسان بەدەمیەوە پێکەنی و ئەمجار بەڕاشکاوی سڵاوێکی لێ کرد. کچەکە لەو گشتە ڕووداری و بێ ئەدەبییە بێزار و بەبێزەوە ڕووی وەرگێڕا، کە ئیتر بۆ ڕابواردنیش نابێ. بەڵام کوڕە هەستی بەبێزاریی کچەکە نەکرد و بەسەیرکردنی خۆی پەرەی دا وەک بڵێ: «تۆ سەیری من ناکەی مەیکە من ئەیکەم» ئاخری کچەکە لەو هەموو سەیرکردن و وردبوونەوەی کوڕە بەفرووز هات، ناعیلاج ڕۆژنامەکی گرت بەبەر ڕوویەوە و لەبەر خۆیەوە وتی: «هەتیمە ئێژی سەگی قەرەچییە خۆ چغە نازانێ بەو تەرح».

تا ئەم دوانە خەریکی ئەم بەینە بوون، ماشینەکە تاک و تراکی مابوو کە



پڕ ببێ. کچەکە ڕۆژنامەکەی لەبەر ڕووی لابردبوو خەریکی خوێندنەوەی بوو. لە ژێریشەوە هەر چاوی لە درگاکەوە بوو. بەشکەم ئافرەتێ بێتە ژوورەوە و لە تەنیشتی دانیشێ، ژنێک هاتە ژورەوە. کچەکە سەرێکی لێ هەڵهێنا. بەشکەم چاوی پێی بکەوێ و بەئاماژە پێی حاڵی بکات: «من تەنیام وەرە لای منەوە دانیشە». بەڵام ژنەکە لە چەقی درگاکە ڕاوەستابوو تەکانی نەدەخوارد. دیار بوو ماتڵی کەسێکە، ئاگای لە سەرنج و ملەتاسکێکەی ئەم نەبوو. ژنەکە جارجار سەیری ناو خەڵکەکەی دەکرد و بۆ جێگەیەک دەگەڕا. کچەکە دیسان سەیری کردەوە و تۆزێکیش سەری بۆ ڕاوەشاند، بەڵام ژنەکە ئاگای لەم نەبوو، ئەو بۆ جێگە دەگەڕا و ئەم بۆ هاوڕێ. پیاوێک هاتە ژوورەوە پێکەوە بڕێک وەستان و چاویان گێڕا و بەناو ڕێرەوەکەدا ڕێ کەوتن. ژنەکە کیفە شانییەکەی گرت بەدەستیەوە تا خەڵکی لێ نەکەوێ. ئەم کچە لەگەڵ ئەوەی کە سەندەڵییەکەی تەنیشت خۆی و بەرانبەرەکەی و دانەیەکی تریش لە پێشەوە خاڵی بوو ئیتر ئاگای لە دواوە نەبوو کە چەندانەی تری خاڵییە. بەهاتنی ئەم ژن و پیاوە لە تەنیایی دەردەهات و ئەو کوڕەش بەهۆی مێردەکەی ئەم ژنەوە لە چاوەڕاوکێ و قۆتەقۆت ئەکەوت. کچەکە زووزوو سەیری ژنەکەی ئەکرد. بەنزیک بوونەوەیان زەق سەیری ژنەکەی کرد و بەبزە و پێکەنین داخوازی لێ ئەکرد. ژنەکە لە دوورەوە هەستی بەسەرنجەکانی ئەو کچە کردبوو لەبەر ئەوەش لە بەردەم کچەکەدا وەستا. کە لە ڕاستیدا کەوتبووە نێو بەرەگەی کچەکەوە. ئاوڕێکی داوە لە مێردەکەی:

«ئالێرە دانیشین»

مێردەکەی بڕێ منجەمنجی کرد، سەیرێکی کچ و کوڕەکەی کرد و سەیرێکی دواوەی کرد و وتی:

«نا ، ئەچینە دواوە بەلای یەکەوە دائەنیشین»

ژنەکە لەبەر لچەوە داوای لێبووردنی لە کچەکە کرد و ڕۆیشتن. بەڕۆیشتنیان بزە لەسەر لێوی کچە تاسا ، لەداخا ڕووی وەرگێڕا و سەیری دەرەوەی دەکرد. بەڕۆژنامەکە خۆی باوەشێن دەکرد. لەدەرەوە چەن کەس دەوری شێتێکیان دابوو ، خۆیان دابووە پاڵ سێبەری مینی بووسێک، شێتەکە هەڵی دەخستەوە و چەپڵەی لێ دەدا و گۆرانی دەوت، خەڵکەکەش وێڕای ئەو چەپڵەیان لێ دەدا و پێی پێ دەکەنان. ماشینەکە سێ موسافیری گەرەک بوو کە ڕێ بکەوێ. ڕێبوارەکان لەوەی کە زۆر ماتڵ بووبوون لەبەر خۆیانەوە جنێوبان ئەدا بەساحێب ماشینەکە و بەو سێ موسافیرەی کە هێشتا نەهاتبوون.

– «ئەرێ باوە ئەمە کەی ڕێ ئەکەوێ ؟»

– «بەخۆا دانەیەکیشی مابێ ڕێ ناکەوێ»

– «پەح دانەیەک! خواخوامان بێت ناو ڕێگەکەش پڕ نەکات»

– «نەباوە ئێستە ناتوانن کاری وابکەن. پۆلیسی ناو ڕێگە جەریمەیان ئەکات. زۆر توند گرتوویانە»

– «ئەی نەیانگرتووە»

– «با سووکیش بیگرن، ئێستە ئێمە پرووکاین»

لەناو موسافیرەکاندا یەکێکیان جگەرەیەکی داگیرساند.

موسافیرەکان دەنگیان بەرز کردەوە:

«ئەرێ باوە سیگاری چی. خۆمان لەبەر ئەم گەرما پرووکاین. ئێوەش خراپتر خەریکن قانگمان ئەدەن»

– «بیکوژێنەوە»



– «ڕاس ئەکا باوە ئەخنکێن دای مەگیرسێنە»

یەک دوانێک دەستیان کرد بەکۆخین، ئەوەی کە جگەرەکەی داگیرساندبوو ، وتی:

– «ئەشا باوە لە داخی ئامانە. هەتا دوێنێ نزگەرەیان ئەدا بۆ دووکەڵی تەپاڵە ، کەچی ئێستە بەدووکەڵی جگەرە تەنگە نەفەس ئەون» .

چەن کەسێک پێکەنین و دانەیەک قسەکەی گرتە خۆی و وتی:

– «دوێکە چواری وەکو تۆ تەپاڵەیان بۆ ئێمە ئەکێشا و ڕێگەی بەر درگای گەورەکەشیان نەبوو»

– «ڕاست ئەکەی، ئەو وەختە جەنابت ڕێگەی دیوەخانت نەبوو ، لە گەوڕ تلوور کەوتبووی، شوان ئەحمەدی خزمەتکارت ئەی فەرموو مەیەنە ناوۆ ، ئاغە بەبۆی پا تەنگە نەفەس ئەوێ»

ئەم جواوە بۆ لێبووردن نابێ. ئەبێ بەهۆی ناکۆکی. هەڵمەت، پەلامار، دەنگ بەرز ئەبێتەوە. خەڵک دەکەونە بەین ناو جێیی ئەکەن. برێ تریش لەسەر جێگەی خۆیانەوە دەس ئەکەن بەنەسێحەت و ئامۆژگاریکردن و هەوڵ ئەدەن هێمنیان بکەنەوە:

– «پەلامار پەلاماری چیتانە عەیبە»

– «ئاگاتان لێ بوو چی وت!!»

– «نا با بزانم ئەو قسە مانای چییە! چۆن... !»

خۆڕاوەشاندن، خۆبادان، بیگرە و بەردە. نە... نە... بۆ لێبووردن نابێ. قسە ، جنێو نە... بەس ئەوە جوابی خوێنە. وردی کرد ، دایبەزاند ، کەسایەتییەکەی کردی بەتۆزی دەم با ، حورمەت، ڕێز، هیچی نەهێشت. رەفیقەکانی ئەڵێن چی. دوایی چۆن سەیریان بکات. چۆن بەرەفێقەکەی

ئێمە؟... جیاوازی من... تۆ... نە... هەموو یەکین. شەڕ زل بووەوە.

– «قوربان سەڵاواتێ لێ بدەن. زلی مەکەنەوە لە سەری مەڕۆن»

– «کوڕە ئەوە بگرە»

– «تۆ دانیشە»

خەڵک کەوتنە بەین. دایان مرکاندنەوە هەموو بێدەنگ بەتەمابوون دیسان دەس پێ بکاتەوە. کچەکە سەیری دەوروبەری خۆی کرد. هەرەکی بوو شتێک بڵێ. بەڵام ڕووی بکردایەتە کێ؟ ئای تەنیایی. کۆڕەکە کەوتە قۆتە، بەڵام کچە ڕووی وەرگێڕا. ئەننەهو کە ئەسڵەن نایشیبینێ. تۆ کەی بۆ ئەوە ئەشێیت بییە هاودەنگی من، حەدت چییە. چونکە کەس نییە بەلامەوە، لەبەر خۆمەوە بۆ خۆم قسە ئەکەم:

– «چەن بێکلاسن. بێ شەخسییەتگەل. لە هەرچی شوێنایە ئەشێ خۆیان بنوێنن».

فیکەی خۆی دوو رەو درێژە ئەیناسێ، ئەم قەلە بێ هێلانە نییە. لەگەڵ منیەتی. توێکڵی هەیە. بەتوێکڵۆ قسە ئەکات. خاس ئەزانێ چی ئێژێت. ئەم قسە خۆی دیارە بەری بەکوێوەیە بەم کارانە چاک شارەزایە. ئەم قسانەی لەبەرخۆیەوە ئەکرد. بەپێی تەجرووبە ئەیزانی کە قسەکانی ئەو کچە ئەم ئەگرێتەوە بەدەنگێکی تۆزێک بەرز ڕووی کردە میچی ماشینەکە و وتی:

– «ئای وتت... ئای وتت... ئەمانە هەروانە... هەر زۆر بێکلاسن!! پرێستیژ ژێر سفر. خۆ هەرچی کەسە وەک تۆ نییە کلاسی لە بانەو بێ–شێوەی قسەکردنەکەی گۆڕا بەشێوەی سنەیی – بادبزەنەکەی بەدەسەو بێ و بەڕۆژنامە خۆی باوەشێن بکات».



کوڕەکە لە هێنانی وشەی تۆ بۆچوونێکی تایبەتی هەبوو ئەیویست سەری قسە لەگەڵ کچەکە بکاتەوە تەنانەت بەقڕەش بووە.

کچە هەستا سەر پێ سەیری کوڕەکەی کرد و وتی:

– «جەنابی شەریفتان ناوەکەی فێر بن ئەو وەختە پلوتک بپەڕێنن».

کوڕەکە سەری نا بەلارەوە و بەپێکەنینەوە وتی:

– «ناو چە؟؟»

کچەکە باوەشێنەکەی نیشان وا وتی:

– «جەناب ئەم باوەشێنە! بادبزەن نییە»

کوڕەکە دەستی ڕامانو سەر سوڕمانی بەچەناگەیەوە گرت و چاوەکانی زەق کردەوە. بەزۆرزانی و بەشەیتانی دەستی کرد بەپێکەنین وتی:

– «ڕاس ئەکەی کەنیشکە، وام ئەزانی نانەشانە»

کچە هەر لە یەکەم چاوپێ کەوتنی کوڕەکە زانی هەتیمچەیە و بەرەڵا. ڕەفتار و ڕەوشتی زۆر نادروست و چاو دڕیاگە. تەماشای نێو چاوی بکە خۆی دەرئەخات. پێویست ناکا بیدوێنی. لەوەی کوڕەکە وێرای ئەو زیت و زەق تماشای نێو چاوانی ئەکا. هیچ حورمەتی ئافرەتی لا نییە بەچاو خەریکە حەریف ئەخوازێ بۆ شەڕە قسە (ئەگەر ئەتوانی جوابم بەرۆ) پێی گران بوو سوورتر سەیری نێوچاوانی کوڕەکەی کرد. حەریف، ئەوە حەریف، هەرچەند لە مەیدان بەدەرکردنی ئەم جۆرە کوڕە ساویلکانە بۆ ئەم کارێکی زۆر ئاسایی بوو، هەر ئەوەندە دەنگی بەرز بکردایەتەوە کە تۆ خۆت دایک و خۆشکت نییە چەنێ ئامۆزایی بێ باوکی لێ پەیدا ئەبوو. بەڵام هەرچی سەیری قە دو باڵای ئەکرد، بۆ ئەوە نەدەبوو بیدا بەدەم شەقەوە. پێویستی بەیارمەتی خواستن نەبوو هەزار داوی وای تەقاندبوو. لەم بارەشەوە زۆر

بەخۆی خاترجەم بوو، نەک بەم تەڵەوە نابێ بگرە هەر چوار پاچکەی حەریفەکەی پێوە ئەکات. بەوردی و هێمنی سەیری سەر تا بەخواری کوڕەکەی کرد بەپێکەنینەوە سەیری نێوچاوانی کوڕەکەی کردەوە، کوڕەکە بەم سەیرکردنە چاک گەشایەوە کچەکە دیسان ڕوانییەوە نێو چاوی وا کە بیر و زەینی کوڕەکەی گرتە دەست بەبچووکترین جووڵەی چاوی، چاوی کوڕەش ئەجووڵایەوە. کچە بەهێمنی و بەنەشمە نەشم سەیری پێڵاوەکانی خۆی کرد کوڕەش وێڕای ئەو سەیری خوارەوەی کرد. کچەکە ماتڵی نەکرد نەیهێشت کوڕەکە سەر هەڵبڕێ نۆکە شەقێکی بۆ حەواڵە کرد لە جێگەی خۆی دانیشت. هەستی کرد کە وردی کرد، شکاندی، ڕووخاندی، حەقی خۆی بوو.

ماتڵبوونی موسافیرەکان و گەرمای ناو ماشینەکە دنەیان ئەدا بەگێچەڵە خامۆش بووەکە. یان گێچەڵی تر ساز دەبوو. لەم بەینەشدا یەک دوانێک لەبەرئەوەی کە وەخت بڕوات و تۆزێکیش ڕابوێرین هەرەکیان بوو شەڕەکە هەڵگیرسێننەوە. هەر تاو نەتاوێک خۆیان نا بەڵەد دەکرد و لایەنی دانەیەکیان دەگرت بەڵام وەخت بوو شەڕەکە ئاوقای خۆیان بێت:

– «وازبێتە باوە ئەو هەتیوە بێ حەیایە و ئەمانیش لە شەڕ ئەگەڕێن لێمان لادەن مەردی خوا بن»

ئەم گێچەڵە کۆتایی پێ نەدەهات مەگەر بە بەڕێ کەوتنی ماشینەکە. شاگردی ماشینەکە هاتە ژوورەوە سەیری ناو ڕێبوارەکانی کرد. دانەیەک لە دواوە وتی:

– «ئەرێ باوە ڕێ ناکەون؟»

– «بۆ چەنە... پوڵ ئەو سیانەس بەن تا بڕین»

موسافیرەکە بێدەنگ بوو. شاگردەکەش چووە خوارەوە بەدەنگی بەرز



بانگی کرد لە-ڕانندە-ی ماشینەکە:

«ئا شەمسوڵڵا... دەی باوە بێوەرییەویەکیان خوارد. خەریکن ئانە سەرو بەچک یەکا».

ئا شەمسوڵڵا سەر تاپا ڕەشێکی بەقەڵافەت بوو گەووگیپاڵ شۆڕ لە بەر درگای نوسینگەی ترمینال خەریکی گاڵتەوگەپ بوو بەدەم قسەکردنەوە زووزوو دەستی دەهێنا بەسەر و سمێڵیا و چنگی دەخستە، قژی ڕەش و لوول، سمێڵ تۆپ و ڕەش و برۆی پەیوەست و ئەستوور ناوچاو هەمیشە گرژ و مۆن وا دیار بوو ئەگەر بێت و وانەوێ پیاوەتییەکەی لەخشتە دەرئەچی. بەرەو ماشینەکە وەڕێ کەوت دانەیەک لە درگای نوسینگەکەوە بانگی کرد. بەدەم ڕێوە لای کردەوە کاغەزێکی پێ نیشان دا. لیستەی ناوی موسافیرەکان بوو. ئا شەمسوڵڵا بەدەس ئیشارەی کرد بەشاگردەکەی کە بچێ بیهێنێ. شاگردەکەی چو بۆ کاغزەکە و ئەمیش نیشتە پشت فەرمان. لەبەر لچەوە سڵاوێکی دا بەعەرزدا لە ئاوێنەکەوە سەیری سەر و سمێڵی و موسافیرەکانی کرد. کە زیاتر مەبەستی سمێڵەکەی خۆی بوو. نەوا تاڵێ خوار و ژوور بووبێ سەیری ئەملا و ئەولای خۆی کرد دروستە میزان. (خواو بێ بۆ تیپت. بۆکارت چەو گەرەکە فەلەک) وای ئەنواند کەوا بەخۆی ئەڵێت. ماشینەکەی ڕۆشن کرد. ڕێبوارەکان بەڕێکەوتنی ماشینەکە گەشانەوە و هەموو لە خۆشیدا بێ دەنگ بوون. بەڵام هێشتا لەدرگای ترمیناڵەکە نەهاتبوونە دەرەوە وەستا. شاگردەکەی دەستماڵێکی هەڵگرت دەستی کرد بەشیشە خاوێن کردنەوە خۆیشی چووە خوارەوە دەستماڵێکی یەزدی لە گیرفانی دەرهێنا و دەستی پێ سڕی و هێنای بەسمێڵیدا. موسافیرەکان دیسان قەڵس بوونەوە.

هەوای دەرەوە زۆر گەرم نەبوو. بەڵام چونکە ئەم ماشینە تەنەکە لە پێش

نیوەڕۆوە لەبەر ئەم تاوەدا وێستا بوو چاک گەرم داهاتبوو. ئەم هەمو گەرمای کە لە خوێدا تەرخانی کردبوو. ئەیدەماندە ناو ماشینەکە. بەم بۆنەوە هەوای ناو ماشینەکە لە دەرەوە گەرمتر بوو موسافیرەکان هەمو خەریکی باوەشێن کردنی خۆیان بوون. چاویان لە درگای ماشینەکە و بنیادەمەکانی دەرەوەبوو. خانمێک لە چەقی درگاکەدا وێستا. سەیرێکی ڕێبوارەکانی کرد. سەیرێکی ژنە تەنیاکەی کرد. سەیرێکی ئەم کچەشی کرد و یەک ڕاست هات بۆ لای ئەم. وتی:

– «تەنیان ؟»

– «بەڵێ»

– «ئیجازە هەیە»

– «فەرموون»

بە ماندویی و شەکەتی خۆی دا بەسەر سەندەڵییەکەدا ڕووی کردە کچە سنەیەکە وتی:

«ببەخشن تۆغا، سلاّمیشم لەبیر چوو. لەبەر ماندوویی...»

– «قەی چە ئەکا... سلاّم لە منەو... حەدم چەس بەخێر بی. مانو نەوی»

– «مانووی چی... خۆ مردم تا گەیشتم»

– «دەمێکە هایتەڕییەو»

– «لە مەیان ئیقبالّەوە تا ئێرە بەچوار پەنج تاکسی هاتم. لەم داوەزە چۆ ناو ئەو لەو داوەزە چۆ ناو ئەو. خۆ تاکسی تا دەربەس وێسابێ کەس سوار ناکەن. جواوی موسافیر نادەنۆ. ئێژی هان لە پشت شتێکی زۆر موهیما دانیشتن»

– «ئەیچە ئەر وەڵلا عەسرەو دوا کورسان فرە شلوقە، تاکسی تیا گیر



ناکەفێ»

رووسەری و مانتۆکەی ڕاشەکان تا تۆزێک فێنکی بێتەوە. سەیرێکی دەور و بەری خۆی کرد. لای کردەوە تەنیا شتێک کە گورج چاوی گرت، سەرنج و نیگای ئەو کوڕە بوو. لەسەر جێگەی خۆی دانیشتەوە ڕووی کردە کچە سنەییەکە:

– «ئەو کوڕە بۆ تماشا ئەکا ؟!»

– «چە ئەزانم فامیل سەو محەلی لێمەنێ هەتیمە چاو باشقەڵە»

تۆزێک بێدەنگ بوون. کچەکە وا تازە هاتبوو وتی:

– «دەی باشە ناڕوات؟»

– «نەوەڵلا چە بڕوات دوانی ماگە»

– «ئەی خوا بەزیاوی نەکا لەم گشتە گەرما»

بڕێکی تر ماتڵ بوون ژن و پیاوێک هاتنە ژوورەوە. ژنەکە لە پێشەوە دانیشت. پیاوەکەش هاتە لای ئەم کوڕەوە بەبێ ڕوخسەت دانیشت. ئەم دوو کچە هێشتا لەگەڵ یەک ئاشنا نەبووبوون و لە یەک ڕوویان نەکرابووەوە، سەرنجی یەکیان نەدابوو بەلاّم هەردووکیان زۆر چاک سەرنجی ئەم پیاوەیان ئەدا کە ئێستە هاتبووە ژورەوە و لە ریزەکەی ئەو لاوە دانیشتبوو. هەردووکیان بەچاوی مشتەری سەیریان دەکرد، بەلاّم وا نە کە هەست بەیەکتری بکەن. کوڕەکە کالّوکرچ بوو. جلوبەرگ ڕێکوپێک، پۆشتە و پەرداخ، بالاّبەرز، سمێل قەیتانی کە سەر لێوی گرتبوو، لێوی یەک تۆز ئەستوور و چەناکەی پان، بەر قەپۆزی تۆزێک بەرز، بەگشتی ڕوالّەتێکی جوان و خانم پەسەندی بوو. پالّی دابووەوە و چاوەکانی لێک نابوو، وەک بیەوێ ماندوویی و شەکەتی دەر بکات. هەرچەند شەکەتیی گەرما لە

ماندوویی ناخۆشترە. هاتنە سەرخۆ و شەکەتی دەرکردن لەگەڵ ماندووی دەرکردن گەلێک جیاوازە. ئەم بۆ هێدی بوونەوەیە و ئەو بۆ کرژبوونەوە.

شاگردەکە بانگی ئاشەمسولای کرد. موسافیرەکان ئەم چەند دەقەیان وەک ماوەیەکی زۆر درێژ لەبەر چوو. ڕاننده کە دیسان بەشێنەیی هات بۆ لای ماشینەکە و لە پشت فەرمانەکە دانیشت، دیسان لە ئاوێنەکەوە سەیرێکی خۆی و خەڵکەکەی کردەوە. ماشین ڕێ کەوت. بایەکی فێنک هاتە ژورەوە. هەموو خۆیان دا بەدەم باکەوە، با، پێستی دەوچاویانی نەوازش ئەدا، ئارەقی دەموچاویانی وشک ئەکردەوە، کرژی ئەکردنەوە، ماشینەکە تونتر ئەڕۆیی و با، ئیتر عەزیەتی ئەکرد. شووشەکان بەسران. بەس هەر یەکی تۆزێکیان خاڵی کرا، کە با بێتە ژورەوە. وردەوردە ئەوانەی کە پێکەوە دانیشتبوون و یەکیان نەدەناسی، لەگەڵ ئەک ئاشنا بوون و سەری قسەیان لەگەڵ یەک دامەزران. بەشوێن بچوکترین شتا ئەگەڕان، کە سەری قسەی پێوە گرێ بدەن، کە سەرجەمی قسەی هەموویان باسی ڕووداوەکانی ڕۆژ بوو لە خەرجەوە بیگرە تا گرفتی کۆمەڵایەتی:

– «هیچ شتێک لە جێگای خۆیدا نەماوە. هیچ شتێک»

– «ئەرێ وەڵاهی سەگ ساحێوی خۆی ناناسێ»

– «ڕۆژ بەڕۆژ نرخی هەموو شتێک ئەچێتە سەرەوە»

– «حورمەتی چی، کاورا کە نەتوانێ خۆی بەخێو بکا»

– «ئای ڕاننده! نەوارێ شتێ ڕۆشن کە»

– «ئەرێ با پیاو تۆزێک ئارام بێتەوە»

– «موسیقا قووتی ڕۆحە»

– «ئەرێ بەخوا دانەیێک نییە بێژێ ئەم گشتە بەو بەختی و بێ



ئەخلاقییە لە کوێوە هاتە. وەڵا برا جاران وا نەبوو، قوربان تەواوی ئەم کارانە لە ڕوی حەساوەوەیە خۆیان لە ڕۆی بەرنامەوە پەرەی پێ ئەدەن. ئەگەر خەڵکەکە بەشتی واوە سەرقاڵ نەکەن، ئەگەر خەڵک ماتڵی پێویستییە سەرەتاییەکانی خۆی نەبێ دیارە ئەتوانێ بیرکاتەوە. بەڵام بەداخەوە، ئێمە وانین، ئێمە ماتڵی سەرەتاییترین پێویستیەکانی ژیانمانین. هەموو هەوڵ و تەقەلایەک ئەدەین بۆ ئەوەی باری ئابووریی ژیانمان باشتر بکەین کەچی لەم لاوە کەلێنێکی گەورەترمان تێ ئەکەوێت. جا کەوا بوو ڕۆژ بەڕۆژ ئەو شتانەی کە لەلای خەڵک بایەخ و ڕێز و بەهابوون بێ ڕەنگ و بێ بایەخ ئەبن و بۆ بەرەی داهاتوو نامۆ ئەبن»

– «برام بیری چی تەواو گەنجەکانمان بیریان هەر سک و ژێرسکیانە»

– «بەڕاستی وایە. داهێنان. مێشکی ئازادی دەوێت، لەم حاڵەتەدایە کە نوێگەری سەر هەڵئەدات»

– «پەح خەیرە نوێگەری، ئەو ڕۆژە کە تۆ دیت تەواو بوو، خەڵک سکیان تێر بوو سارد و گەرمیان نەچێشتبوو، پێیان وا بوو شۆڕش چییە، ئێستە خەڵک چۆن ئەتوانن شۆڕش بکەن،باسی ئاڵوگۆری کۆمەلایەتی بکەن. تازە خەڵک کەی ئەتوانن بیر لە ئێستای خۆیان بکەنەوە، ئێستایەک کە متمانەی پێ ناکرێت، داهاتوو بەجێگەی خۆی. من ئەوە چەن شام دیوە، چەن دەوڵەتان گەڕاوم، دەوڵەتی بێوڵەتی وام نەدیوە. تەمام دنیا گەڕیدەم، ئادەم دوو سەر نەدیدەم، ئەمانە دوو سەرن دوو سەر»

هۆی ئەم باسانە بۆچونی زانستی نەبوو، بەس گرفتی دەروونی بوو کە زمان و بیری خەڵک پێی ڕاهاتبوو، ئاوێتەی بووبێ ئەوەی بیانەوێ، ناڕاستەوخۆ زاریان بەمناشت و شکایەت دەکرایەوە وەک سڵاو و چاک و چۆنی. ئەڵبەت بەم بۆنەوە بڕێک لەو فشارە دەرونییەیان کەم دەبووەوە و

مێشک و دڵیان هێدی دەبووەوە. باسەکە گورج کۆتایی پێ دەهات. وەک چاک و چۆنی کە گورج کۆتایی دێت. باسی ڕۆژانە و گاڵتە و جەفەنگ جێگەی دەگرتنەوە، یان باسێکی تریان دادەمەرزان یان کۆتاییان پێ دەهێنا و ئیتر بەیەکەوە نەئەدوان. دو کچەکە زووزوو سەیری یەکیان ئەکرد بووبوونە پێوەری بیچمی یەک. قسە سەرەتاییەکان کرابوو هەردووکیان سەیری دەرەوەیان دەکرد. ئەوەی کە تازە هاتبوو. وێڕای ئەوەی کە سەیری دەرەوەی ئەکرد سەرنجی ڕوخساری کچەکەشی ئەدا. تا بزانێ کوێی جوانە و چۆنە. ئەویش بەدەم لاکردنەوە سەرنجێکی ئەمی ئەدا و لە لاشەوە دزەی نیگایەکی ئەدا بەکوڕە کاڵوکرچەکە. دیسان هەردووکیان سەیری یەکیان ئەکردەوە و یەکی بزەیەکیان پێشکەشی یەک ئەکرد و ڕوویان ئەکردە دەرەوە. شاخ و کەژ ڕەنگە کەسکە تۆخەکەی لە دەس دابوو، بەرەو زەردی ئەکشا و ڕەنگ و ڕووی خەزانی لێ نیشتبوو. لەوڕگە و پێ دەشتەکان بەهۆی ئەوەی کە پەز و مالاتی لێ لەوەڕابوون سور ئەیاننواند. گەنم مەلۆ مەلۆ لەسەر یەک دانرابوون و لە برێ شوێندا هێشتا نەدوورابوون. تەراکتۆرەکان بەرێگەی نێوان مووچەکانەوە بوون و داشقەکەی پشتیان پڕبوو لە دەغڵ و دان، یان ئاڵف و کای تێدا بوو. لە پەڵەیەکی تر ماڵەغان گێڕان، تازە خەریکی دروێنەبوون و دەستیان بۆ سەیارەکان حەوا ئەدا.

کچەکە وا تازە هاتبوو هەرەکی بوو سەری قسە دامەزرێنێ. هەردووکیان لەوەی کە ئاوا بێدەنگ لەپاڵ یەک دانیشتبوون و بەس سەیری دەرەوەیان ئەکرد، بێ تاقەت بووبوون. گەرچی لە ئاوا شوێنێکدا کە بنیادەم ڕاگوزەر پێک ئەگەن پرسین و ناوی یەک ناسین، لە کوێوە هاتووی و بۆ کوێ ئەچی پێویست نییە، بەڵام یەک ناسین و سەر لە کاری یەک دەرهێنان، یەکێ لە خووە سەرەکییەکانی ژنە کە حەتمەن لە گەڵیا قسە ئەکا بیناسێ، ئەی شایەد بەقەوم دەرچوو، دواجار گلەیی ئەکات، ئەیەڕۆ حەیامان ئەچێ:



- «سنەیین؟»
- «بەڵێ»
- «سەقز بۆ ئەچی، خێرە؟»
- «ماڵ فامیلم ها لێنە. وتم بچم یەک دوو ڕۆژێک گەردشێک بکەم»
- «ماڵ فامیلەکەتان سەقزین؟»
- نەوەڵڵا، ئابجیمە»
- «ماڵیان لە کوێیە؟»
- «ئادرەسەکەیان نازانم تەلەفونەکەیانم هەس»

هەردووکیان پڕ بەدڵ حەزیان ئەکرد سەر لە کاروباری یەک دەر بێنن. یەکتر بدرکێنن و لەگەڵ خۆیاندا بەراوەردی بکەن. بەشێوەی قسەکردنەکەیاندا وا دەر ئەکەوت کە زۆر حەز لە پەرەپێدانی ئەم ئاشنایەتییە ناکەن کە ئەوەش بەهۆی نامۆییانەوە بوو. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو ڕێگا پڕ لە هەوراز و نشێوە لەبەر بکەن پێویست بوو زیاتر خۆیان سەرقاڵ بکەن. بە نابەدڵییەوە پێکەوە قسەیان دەکرد. بەڵام زۆر چاک سەرنجی یەکیان ئەدا، وەک لە کێبەرکێدا بەشدار بن تا بزانن کامیان زیاترن. تا ئەو جێگەی کە لەڕواڵەتا دیاربوو یەکیان بەراورد کردبوو.

ئەمجار خۆیان بەشتە چکۆلەکانەوە خەریک ئەکرد، سەیری دەستوپەنجەی خۆیان دەکرد. هەردووکیان دەست و پەنجەیان جوان. قامکی ئەو شووش و باریک، هینی ئەم قەڵەو، یەکی کلکەوانەیەکیان کردبووە ئەنگوستی دەستی ڕاستیان و بەدەستەکەی تریان کایەیان پێ دەکرد. ئەوەی کە تازە هاتبوو وەک لەمەش بێ تاقەت بووبێ و تاقەتی بەسەر چووبێ. خۆی لەسەر جێگەکەی جێبەجێ کرد کە هەرەکی بێت بنوێ، واشی ئەنواند زۆر

حەزی لە پەرەپێدانی ئەم قسانە نییە. لە ڕاستیشدا زۆر بەلایەوە گرینگ نەبوو چونکە وا هەستی ئەکرد هاوەڵەکەی خۆی لا ئەدات یان ئەم وا هەستی پێ کردبوو کە حەز ناکات قسە بکات. ئێستە کەوای دیبوو هەوڵی ئەدا وچانێک بدات و شەکەتی دەرکات. بەڵام ئەیزانی کە خەوی لێ ناکەوێ و ڕێگەش ماندووی ئەکات. بەنا ئومێدییەوە چاوەکانی نوقاند و سەری نا بەسەندەڵییەکەوە و هەوڵی دا بنوێ لەبەرخۆیەوە وتی:

– «ئەگەر حەزی لە قسە بوو بانگم ئەکا ئەی نا وا باشترە بنووم»

لەم خەیاڵانەدا دەنگێک ئەهاتە گوێی:

– «ئەی ئێوە خەڵکی کوێن؟»

خۆی کرد بەنوستوو جوابی نەداوە لەبەر خۆیەوە وتی:

– «ئاوا با بزانی لەگەڵتا قسە ئەکەن ئەشێ جوان جواو بەیتۆ»

کچە سنەییەکە لە تەنیایدا بێ تاقەت بوو. ناعیلاج جارێکی تر دووپاتی کردەو و شانێکی تێوە ژەند. ئەمیش لە قەستی چاوی هەڵبڕی، کە داچڵەکاوە بەهۆی شەکەتی ڕێگەوە خەون بردوویەتەوە. دەستی هێنا بەچاویا و باوێشکێکی بەدرووی دا و ڕووی کردەوە کچە سنەییەکە، وتی:

– «چیت وت؟»

کچە سنەییەکە ئەسڵەن خۆی نەشەمزان و دیسان پرسییەوە ئەویش لە جێدا خۆی کێشا و لە جوابا وتی:

– «خەڵکی سەقزم»

– «ئەی لە کورسان چەو ئەکرد؟»

– «چووم بۆ ماڵ قەوم و کەسم»



– «وام ئەزانی دەرس ئەخۆنی»

– «نەخەیر»

– «ئەی چ حەیف دیپلۆمو هەس؟»

– «ئەرێ»

– «دیپلۆم چە؟»

– «لیسانس حەساوداریم»

بەبیستنی لیسانسی حەساوداری کچە سنەییەکە ترێق بووەوە چووەوە بەخۆیدا. لە خەجاڵەتیدا بزەیەکی تەحوێل دا و سەری داخست. بڕێ ماتی کرد. ئەویش کە بەم تێکچوونەی زانی لەبەرخۆیەوە وتی:

– «ڕەحمەتت لێ بێ ئیمڕۆ لیسانس تر پێ ناکات، تۆ خەریکی فیزی دیپلۆم ئەکەی بەسەرما... دەبڕۆ ئەوە دەردت بێ، هەر ژان بژێرەڕۆ، بەگیانە شیرینەکەت گیانیشت دەر چێ لێت ناپرسم چی ئەخوێنیت»

هەرواکە ئەم قسانەی لەبەر خۆیەوە ئەکرد سەیری کچە سنەییەکەی کردەوە و لەبەر خۆیەوە وتی:

– «گەوجە گیان حەساوداری نیم وەلێ حەساوی کار خۆم چاک ئەزانم. حەساوداری خاسم»

کچە سنەییەکە ئەمجار شێوەی قسەکردنەکەی گۆڕی و ئەو هەموو فیس و دەمارەی یەکجێ وەلانا وتی:

– «بووەخشن، ئەتانم بپرسم ناوتان چەس؟»

– «نەستەرەن»

لەوەی کە خۆی بەم ناوەوە ناساندبوو هیچ کە شەرمی بەخۆی

دانەهات،بگرە زۆر لە خۆی ڕازی بوو، ناوەکەی خۆی شتێکی تر بوو، کە پڕ بەدڵ ڕقی لێی بوو، قەت بەبیریدا نەدەهات ڕۆژێ بتوانێ لەدەس ئەوناوە ڕزگار بێت و ناوێکی تر بۆ خۆی هەڵبژێرێ. بەڵام ئێستە بیری لەوە دەکردەوە کەسێک بەو ناوەوە بانگی ناکات و بەو ناوەوە نایناسێ. لەدڵەوە کەوتبووە گەشە. ئەم ناوە بۆ ئەو لەم ماوە کورتەدا بووبووە پلەیەک بۆ ڕەهابوون لە دەس ئازارێکی درێژخایەن کە لەوەتی خۆی ناسیبوو لەگەڵیدا ژیا بوو. کچە سنەییەکە وتی:

– «نەستەرەن... !! فرە زەریفە –چاوەکانی بەست و شێوەیەکی شاعیرانەی بەخۆیەوە گرت– وەی گوڵی نەستەرەن کە چەن قەشەنگە... فرە خۆشم تێ لێ... ئەسڵەن ئەزانی چە فرە جوان پێت ئەکەفێ»

نەستەرەن لەدەرونەوە بەم تاریف و پیاهەڵدانە زۆر گەشایەوە ئەمجار پتر لە خۆی رازی بوو. گەرچی ئەیشیزانی ئەم قسانە بۆ ئەوەیە هەڵەکەی پێشو داپۆشێ بەڵام خۆی لە دڵەوە بەم حاڵە کە ئێستە بووی و هەروا بەو کچە رای ئەبوارد. سەیری کچە سنەییەکەی کرد. وەک شتێ خۆیشی باوەڕی کردبوو کە ناوی نەستەرەنە. زۆر بەکەشم و نەشم و بەغەمزە و نازێکی فراوانەوە پرسی:

– «ئەی ئێوە ناوتان چییە؟»

کچە سنەییەکە بۆ ئەوەی لەو گشتە لار و لەنجە بەجێ نەمێنێ وێڕای ناوەکەی خۆی بڵاوکردەوە وتی:

– «لالە»

نەستەرەن سەیرێکی کرد. وەک بڵێ باشە خراپ نییە. لچێکی هەلقوراند. بەڵام گورج ڕەفتارەکی پەرچ داوە. چونکە هەستی کرد لەسەر لالە کارکردنێکی خراپی بووە. بۆ ئەوەی لاپۆشی بکات و لەدڵی



دەربهێنێ، وتی:

– «وەک خۆت کورتەباڵا و گەش و شیرین. دەم و گۆناش وەک لالە ئاڵ»

لالە بەم قسانەی نەستەرەن شەرم دایگرت دەست و پای خۆی گوم کرد. نەیدەزانی چی بکات، بێ ئیرادە بەتەواوەتی ڕووی کردە نەستەرەن و بەدەمیەوە پێکەنی و بەشەرمەوە سەری داخست. وەک ئەو کاتەی دێن بۆ خوازبێنی و شەرم ئەیگرێ. بەڵام گورج شەرمەکەی لەخۆی لادا و ئەم جار سەیری نەستەرەنی کرد تا بزانێ ڕواڵەتی نەستەرەن چۆنە. بەوردی سەیری کرد. ئەو هەمووە لەمەوپێش سەیری کردبوو، بۆچی ئاوا سەرنجی نەدابوو بەخۆی ئەوت وەک دیبووی باڵای بەرز بوو بەڵام زۆر نا، چاو و برۆی ڕەش و پان دەم بچووک و لێوی ئاڵ، لووتی تۆزێ زل بەڵام چونکە دەم و چاوی پان بوو دیار نەبوو. نەرمە ئارایشێکی کردبوو. لێوی خوارەوەی لە قسەکردنا لاردەبووەوە کە ئەویش جوانتری کردبوو کاتێ قسەی دەکرد پتر دەیبردە دڵەوە، کە بنیادەم هەستی دەکرد بەدەمیەوە پێ ئەکەنێ. لالە هەستی بەخەمێ کردبوو لە سیمای نەستەرندا زیاتر کاتێک خۆی نیشان ئەدا کە بێدەنگ بوایە و خەیاڵ بیبردایەتەوە. پێی خۆش بوو سەری لێ دەر بێنێ. بەم بۆنەوە حەزی ئەکرد زیاتر نەستەرەن بناسێ. هەستی ئەکرد ئەم خەمە، خەمێکی غەریبە.

لەم تەوسیفە شاعێرانەی نەستەرەن دیدی لالە بەرانبەر بەو بەتەواوەتی گۆڕابوو لەوەی کە سەرەتا ئاوا بەسووکی لە گەڵی جوڵابووەوە شەرمی بەخۆیدا هاتەوە، ئەم جار زۆر بەشیاوی لە گەڵی کەوتە گفتوگۆ بەم گۆرانکارییە کە بەسەر لالەدا هاتبوو، نەستەرەن بۆی ئاسایی بوو. بۆ خۆشی پێش هاتبوو. لالە و نەستەرەن زۆر بەگەرمی پێکەوە قسەیان دەکرد و لەیەک نزیک بووبوونەوە گەلێک لە نهێنیی یەکیان زانیبوو. تەنانەت

چەن کەسن چین و چکارەن. تەلەفون و ئادرەس ئاڵ و گۆر کرابوو. لە ماوەی نێوان ئەم باسانەدا هەردووکیان هەستیان بەوە کرد کە چاویان ها لە کوڕە کاڵ و کرچەکەوە، بەڵام خۆیان لەیەک هەڵە دەکرد کورەکەش کە هەروا پاڵی دابووەوە خەوتبوو. کچەکان پەیتا پەیتا هەوڵی ئەوەیان دابوو خەبەری بکەنەوە سەرنجی بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن، دەستیان کرد بەقسەکردن:

– «ڕاستی نەستەرەن تۆ چەن ساڵتە؟»

نەستەرەن تۆزی بیری کردەوە هات تەمەنی خۆی کەم کاتەوە بەڵام ئەو کارەی نەکرد، وتی:

– «سی ساڵمە»

– «ئەی تۆ ؟»

– «منیش بیست و هەشت»

هەردووکیان هەر لە سەرەتاوە زانیبوویان کە هەردووکیان سەڵتن. بەڵام هۆی ئەوەی کە تا ئێستە بۆچی بەعازەبی مابوونەوە بۆ هەردووکیان جێگەی پرسیار بوو. لالە بەشەرم و تێڕادوویەوە وتی:

– «تۆغا نەستەرەن گیان بووەخشی. نەیژی خەریکە فزوولی ئەکات. نەبەخوا... نەبەگیان تۆ... ئەزانی چە، چەوگە تا ئیستە شووت نەکرگە. چە بووە باعیس. ئاخر کەنیشک بەم خانمییە، زەریف هەزاران کەس ئارەزەوویان هەس کە دانێک وەک تۆیان گیر بکەفێ... نەکا تۆیچ هەتیمێک دەسی بڕیت، کڵاوی نیاگەسە بان سەرت. هەردوو دەستی نیاگەسە ناو پۆسە هێلکە و چوگە... چووگەسە پەی زیندەگیی خۆی، کوڕ... کوڕ... داخەکەیان هابان دڵ منەو. هەتا جواو ئەکەفێتە دەسیان ئەونە مەجنوون... ئەونە فەرهاد. ئانە بیاوانا... مەجنوون چە، فەرهاد چە.



وەختارێ دەسیات گیر بوو ئیتر زانیان کەنیشک کلۆڵ داکەفتیە وە دەردەکەیانەو ئەڕن. ئەڕنە پەی کاریان و ئەئاڵنە پاو پێل داماگێگ ترەو... چەیان لێ بێژم... چی ماگە... یا خوا، خوا باتە سەریاناو بیان واتە قان عەرزەکەو مشتێ هەڕگ کاتە ملیانا بۆ خاتر قورعان».

نەستەرەن لە ژیانی خۆیدا ئەزموون و تەجروبەیەکی وای نەبوو کە بتوانێ وەک لالە لە سەر کوڕ قسە بکات. ئاوا بیانناسێ و سەر کۆنەیان بکات. بەدەستیانەوە مناشت و گلەیی بکات. وەتی لە بیریا بوو کە زۆر ئاسایی جوابی کوڕێک بداتەوە وەک نیاز، خواستی دەروونی و تەمەنی خۆی بەراوەرد بکات نەیتوانیبوو.. بەردەوام جوابی هەموو پێشنیارێکی بەجنێو و قسەی ناخۆش دابووەوە. چەنها کوڕ کە ئەم خۆی حەزی لێ کردوون و بەئاواتەوە بوو لە گەڵیان پێوەندی بگرێ و ببێ بە دۆستیان. بەس هەر ئەوەندەی کە بیتوانیایە لەگەڵیان مشقە مشقی بەر کۆڵان و چپە و سرتەی پشت دریای ببوایە. حەزی ئەکرد دەستی تامەزرۆی بخاتە نێو دەستیانەوە بەهەموو هێزی و توانایی خۆیان بیگوشن و ئێسکەکانی ورد کەن. ئەو گەرمی و تاو تینەی ئەو گوڕەی پیاوەتییەیان دای سەپێنێ... بەڵام نا... نەیتوانیبوو...

دەترسا، ترسێ کە خۆی بۆ خۆی دروست کردبوو، سەرەتا ترسەکەی هەرزەکارییانەبوو: نە جواب نادەمۆ با ناوم نەزڕێ با داواکاری خاسم بێ با قسەم لە پشت نەبێ... کوشتبووی، نیازەکانی کوشتبوو، خواستە دەروونی و ڕۆحییەکانی کوشتبوو. ئەو نیازەی کاتێ کۆڕەکەی دراوسێیان بێهروزی ئەدی حەزی ئەکرد تەواوی گیانی چاو بێ و لێی بڕوانێ. بەیانیان کاتێ کە ئەچوو بۆ مەدرەسە، لە پشت پەردەکەوە ماتڵی ئەو بوو تا ئەو ئەڕۆشت و تێر سەیری ئەکرد، لە دڵی خۆیەوە چەنها جار بەقوربانی بووبوو ئەیدی کە ئەویش سەیری پەنجەرەکەیان ئەکات و چاو بۆ ئەم ئەگێڕێ، بەڵام ئەم خۆی

پیشان نەئەدا. بۆ خۆی ئاشکرا نەئەکرد؟! پاشان تێپەڕبوونی ئەو تەمەنە کە پەڕاوپەڕ بوو لە خۆشەویستی ترسێکی تر ڕوی تێ کردبوو ترسەکە ڕەنگی گۆڕیبوو ترس لەوەی کە بۆی نەبن... ترس لەوەی کە دەستی پێ گەرم بکەنەوە و بەرەڵای بکەن... ترس لەوەی کە نەتوانن لە یەک حاڵی ببن.. ترس... ترس ئەوەندەی ئەزانی کە نیوەی تەمەنی لە نیازی ئەوشتەدابوو کە لێی ئەترسا. ترس لە شتێکی خواکرد و پیرۆز. ئەو ترسانە خانەنشینی کردبوو. دەی بیستەوە ژنان و خەڵکی گەڕەک ئەیانوت: «چەن کچی خاسە. ئێژی ئەسڵەن لە گەڕەکیشدا نییە. وەڵڵا برا دەورەی ئێمەش وا نەبوو ئێمەش هەڵخەو داخەی خۆمانمان کرد». منداڵەکانی خۆیان و تەنانەت خۆیشیان بەو دەشکاندەوە بەڵام ئەم لە دڵەوە بەهەزاران جار ئێرەی پێ بردبوون و لە دڵەوە بەخۆشییەکانی ئەوانەوە خۆش بوو بەئاواتەوەبوو مەراق و پەژارەی ژوانێک بوینێ ئەو پەلە پڕوزێیەی بناسیایە بۆنی ئارەقی تیژی لەشێک. لەشی بێهروز سەرخۆشی بکردایە پڕ بەگیانی هەڵیمژیایە و ئۆخەی بکردایە.

ئەو ترسەی کە ئێستاکە لێی بووبووە دێوەزمە و تەواوی گیانی گرتبوو. سەرەتا زۆر ئاساییە و لە دەروونی هەرکچێکدا هەیە، بەڵام ئەم خۆی دابووە دەس ئەم ترسە و بەسەر خۆیدا زاڵی کردبوو. لە گەڵیدا ڕووبەڕوو نەبووبوو. نەیناسیبوو. ئێستەش وەک بارستێک لە پێش خۆی دانا بوو. کە لەم تەمەنەدا پەڕینەوە لێی کارێکی گران و ئەستەم بوو. لە هەڕەتی لاویدا، لە هەڕەتی سەرخۆشیی عەشق لێی نەپەڕیبووەوە. ئێستە کە ترسەکەی ڕەنگی گۆڕیبوو. دڵپیس و دڵ کرمۆڵی کردبوو. نا... نا... ئەستەم بوو ئێستە کە بەو هەموو نیازە دەرونییە لێیان دەبێزیا... نیاز، خواست، خواستی دەروون بۆ بینین بۆ... بۆ... نەفرەت بێز، ڕق، قین، لە دیتن، تەواوی گیانی گرتبوو. خۆی زۆر چاک دەردەکەی خۆی دەناسی... سەرەتا کە لێی نزیک بووبوونەوە



ئەم دوورە پەرێز وەستا بو... دوورتر. ئەوەندە خۆی دوور گرتبوو کە دوورەپەرێزی و لاگریی ئەوانیشی نەدیبوو. کاتێ کە هەستی پێ کرد. دی، زۆر تەنیایە. کەم کوڕ سەیری ئەکات یان هەر سەیری ناکات. ئەی کوا بێهروز؟! کوان کوڕەکانی تر؟! لە کەیەوە دیارنین؟! لەکەیەوە دەوروبەری خۆی نەدیبوو. لە کەیەوە خۆی نەدیبوو. ئەوانەی ئێستە سەیری ئەکەن. جۆرێکی ترن. لەسەرنج و تەماشایاندا، نیاز هەیە، خواست نییە، خواست هەیە... خۆشەویستی نییە. ئەو نیازەی، ئەو خۆشەویستییەی، ئەو خواستەی کە قەد نەیناسی و بێزی لێ کردبوو. ئێستە چی، لەم نگا و سەرنجانەدا چی ئەبینێ. «کوڕە کەوچکێ چێشت دروس بکا و ماڵەکە خاوێن کاتەوە تەواوە» یان «نگایەکی شەیتانی و هەرزەکارییانە هەستی بەگوناح ئەکرد و بێزی لە نگایان ئەبووەوە». ئەوانەی کە ئەم ئێستە دڵخوازیان بوو بەشوێن چاویاندا ئەگەڕا چاویان لەم ئەشاردەوە وەک شتێکی پیرۆز، نەک وەک کچێک سەیریان ئەکرد. شایەد وەک خسنێک. شەخسێک لە نگایاندا ئەشقی نەئەدی. نگایان خاڵی بوو. بێ گیان بوو، یان ئەم خاڵی و بێ گیان بوو. یان خاڵی و بێ گیان بووبووەوە. سەرەتا ئەم ڕێزەی بۆ پیرۆز بوو ئەم پیرۆز بوونەی بەلاوە بەڕێز، بەڵام ئێستە لێی بووبوو بەبار. بارێکی پڕ لە بێز و نەفرەت کە لەگەڵ هەموو گیانی پێوەندی گرتبوو. بووبوون بەیەک.

چەنها جار لە دڵەوە بەئاواتی نیگا و سەرنجێکی هەرزەکارییانەوە بۆ ئەوەی کە بیری لێ دەکردەوە زۆر جار ئەگەر لاوێکی ئەدی ئەیوت خۆزیا پڕ بەدڵ سەیری بکردایەم و پلوتکی بۆ بخستایەم، وەک ئەوانەی ڕێگەی مەدرەسە کە بێهروز پێیی دەوت و ئەم چەن بەناشیرینی لە خۆی بێزاندبوو. چەن کوڕی تریش هاتبوون بەڵام هەموویان ڕۆشتبوون و نەگەڕابوونەوە. ئیتر کەس شوێنی نەدەکەوت. کەس پلوتکی بۆ نەدەخست. نگاکانی بێهروزی

هێناوە پێش چاوی. نگا هەمان نگابوو. بەڵام شەرمی تێدا بوو. شەرمێکی رسکاو لە ئەشقێکی دێرینە. ئەیدی بێهروز ئەو نگا تاسەبارانەی جارانی نەمابوو. «ئای بێهروز لە کوێی؟ کە ئێستە گیانم بەتاسەی نیگاتە. بەتاسەی لە سەرڕێگە وەستانەکەت. بەتاسەی نامەکانت. کە هەرچی فرەم ئەدا دەرەوە دەستم بۆنی عەتری دەگرت. هیچ کات بەرامەی ئەوینەکەت نەچوو بەدڵما گیانم هەستی پێ نەکرد. لە کوێ بووم تا ئێستە؟ ئەی بۆ بێهروز و هاوتەمەنەکانی سەیرم ناکەن؟! نە... نە... هیچ نگاو و سەرنجێ وەک هینی بێهروز نەبوو. ئەو منی بۆ خۆم ئەویست لە هیچ نگایەکدا ئەو پاکیەم نەدی. هەمووی هاوتەمەنەکانی و کوڕەکانی تر. هەر کە جوابم کردن و بەڕووشی لەگەڵیان قسەم کرد ڕۆشتن. ئەوەی منی بۆ خۆی ئەویست هاتن و گرژ چوون. بەڵام ئەو منی بۆخۆم هەرەک بوو. بێهروز خۆیشی بۆ من ئەویست. ئەو منی بەخواستە درۆینەکانمۆ. بەتەنیاییمۆ، بەشەیداییمۆ هەرەک بو. ئەوان ڕۆشتن بەڵام ئەو ما. ئەو لە پاش ئەو هەمووە دڵ شکاندنە هیشتا نگای ئاوێنەی ئەوین و ڕێز بوو. ئای چیم کرد. بێهروز... بێهروز. ئەی بۆ کوڕەکانی گەڕەک دێن بەلاما سڵاوم لێ ئەکەن یان لە بەرم هەڵئەسن؟ ئەی بۆ سەیرم ناکەن؟ لە کوێی؟

لە ڕاستیدا لە ناو هەموو تماشاکاندا بەشوێن نگای بێهروزدا ئەگەڕا بەڵام نەیئەدەی. پەیدای نەدەکرد. نگایەک بوو لەناو هەموو نگاکاندا ونی کردبوو. لەناو جوانەمەرگی لاویدا لێی ون بووبوو. ئێستە بۆی ئەگەڕا «لە کوێی بێهروز لە کوێی؟ ئەی خۆم لە کوێ بووم!؟ چەن ساڵ بوو دەوروبەری خۆم نەدیبوو» سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. بیری کەوتەوە وا لە ناو ماشیندا و ئەگەڕێتەوە بۆ سەقز هەوڵی دا بەسەر خوێدا زاڵ بێتەوە، بەڵام نەیدەتوانی ڕابردووی بووبووە ئاوێنەی مەڕاق و ژان، هەموی ئەو جواب کردنانەی کە کردبووی خواستی دەروونی نەبوو نائاگاهانە و ناشارەزایانە



خوی پێ دا بوو، بەڵام ئێستە ئاگاهانە و شارەزایانە خوی پێ گرتبوو. لە ئێستە و لە دوێنێ پڕ بەدڵ پەشیوان بوو، بەڵام هیچ کات بەخۆیشی نەگوت کە ئەبێ پەشیوان بێ. ئێستە خۆی ئەدی کە کچ بوونی لەبیر چۆتەوە لێی دور کەوتووەتەوە. هەستی بەدورییەکەی ئەکرد. ئێستە بە ڕاستی ترسەکەی خۆی ئەدی ترسەکەی ترسێکی تربوو. کە لەگەڵ لالە قسەی ئەکرد هەستی بەشتێکی تازە کرد لە خۆیدا پێی ناخۆش بوو لالە سەیری ئەو کوڕە کاڵ و کرچە ئەکات. شتێک کە هینی ئەو نەبوو خۆی بەخاوەنی ئەزانی. هەستی کرد ئەبێ لە خۆی بێزی بێتەوە، بەڵام هیچ کارێکی لەگەڵ خۆی پێ نەدەکرا، بەس تەنیا کارێکی پێ ئەکرا هەوڵی دا ئاشکرای نەکات. لەگەڵ ئەم هەوڵەشدا بیری کردەوە بریا بیتوانیایە جێگەی ئەو کچە بگۆڕێ (ئەگەر جێگەکەشی بگۆڕم بێتە ئەم لاوە شایەد چاکتر بتوانێ لەگەڵی پێوەند بگرێ) دەستوپای خۆی گوم کردبوو. شەڵەژابوو هەوڵی دا مێشک و بیری خۆی کۆوە بکات. وزەیەک بەرەولای خۆی ڕا دەکێشا لە خۆی دور دەخستەوە وەک هێزی تماشا کردن وابوو. ئەرێ سەرنجی لالە بوو نەستەرەن دەستی برد رووسەرییەکەی دروست کردەوە دەستێکی هێنا بەدەموچاویا. لالە وتی:

– «چەو؟!... بۆ چە واو پێهات. وەزات خوا بێقسە وتم. چە ئەزانم تۆ عاجز ئەوی»

نەستەرەن هێدی بووەوە سەیری لالەی کرد و بەڕوویدا پێکەنی وتی:

– «نە عاجز نەبووم، زۆریشم پێ خۆش بوو لە جێگایەکی زۆر دوور بووم»

لالە سەری ڕاوەشاند بەزۆرزانی و شەیتانییەوە وتی:

– «لە کوێنە!»

– «چووزانم ئەونە مەینەتی زۆرە»

– «چ مەینەتێ کەنیشکە مەینەتی. خۆ تۆ خەریک بووی وەک نەوات ئەتوایتەو»

لالە شانێکی دا لە نەستەرەن و بەپێکەنینەوە وتی:

– «ئەزانی من لە سەر تۆ چۆن بیر ئەکەمەو»

– «چۆن؟»

– «ئاخر ئەترسم دیسان چتێک بێژم وا بڕیتە ناو خەیاڵەوە خوانەکردە لە کیسم بچی»

هەردوکیان پێکەنین، لالە وتی:

«لە وانەیتە وا داواکاریان فرەس. چەن دوکتور و موهەندس هاتگنەسە خوازبێنی... کەچی قەبووڵت نەکرگە. ئاخر حەقیچو پێ ئام، دوکتور موهەندس خۆناتانن جواو دڵ بەنەو. دڵ دڵ ئەخوازێ دڵ ڕوسەری نییە بیگۆڕیتەوە و تازەکە چوە چڵا تواوە. ئێستە خوا ئەزانێ ئەم دڵەی تۆ لە کوێنە بەن بووگە. لە ئێنتخابیشا فرە دەقیقی ڕۆ وە هەر کەسێک نایت پەڕوپاگەندەیشو فرەس... وەلێ ئەوەی دڵخاتەو دڵت ئەیخوازێ هێشتا گیرت نەکەفتە. فرەخۆشم تێ لەو جۆرە بنیامێگە لە –ڕووی کردە ئاسمان و دەستی هەڵهێنا– ئەی خوا چەبکەین بۆ دانی بتانێ قەور ئەم دڵە زەریفەی ئەم کەنیشکەمان بزانێ. نازانم شایەدیش گرفتار بووگە و هاودەس نامەردە و تۆی جێ هێشتییە و خۆی چوگە پەی عەیش و کەیف خۆیەو. ئەوەش ئەزانم تۆ وەک من نیت زو قسەی دڵی خۆت بکەی. نازانم چەو گەرەکە یان چەو ناگەرەکە وەلێ وەگیان تۆ –دەستی نەستەرەنی گرتە نێو دەستی و گوشی– خیرناوین بەگیان تۆ خوا ئەیان چزنێ چێو خوا سای نییە»



نەستەرەن چێژی لەو هەمـوو کراوەیی و ڕۆح ئازادی لالە دەبرد. حەزی دەکرد وەک ئەو لە گەڵ خۆی ڕاحەت ببواییە. ئەیزانی کە ئەم کراوەیە بەرانبەرە لەگەڵ شاراوییەکەی ئەو. حەزی دەکرد وابوایە. وەک خەڵک ئاسایی. وەک ئەو خەڵکەی کە ئێرەیان پێ دەبرد.

هەوڵی دا لە مێشک و بیری خوێدا پەروەردەی بکات. ماوەیێک وەک ئەو بیر بکاتەوە. بەڵام نەیدەتوانی. نەیدەناسی. تا ئێستە لەگەڵ هیچ کەس ئاوا بێ پەروا قسەی نەکردبوو لەگەڵ هاو پۆلیەکانی مەدرەسە. لەگەڵ خۆشکەکانی تەنانەت ئەگەر ئەمیش لە هوێڵدا بوایە کۆتاییيان پێ دەهێنا. ڕووی کردە لالە و پەرەی بە باسەکەدا:

– «ئەی تۆ تا ئێستە بۆ چی شووت نەکرد؟»

– «وەڵڵا چە ئەزانم»

لالە بێ دەنگ سەری داخستبوو بەکلکەوانەکەی کایەی دەکرد و دەری ئەهێنا ئەیکردەوە بەقامکیا ئەم پرسیارە هەژاندی هەموو شتێک بۆ وتن ناوێ. ئەوێ شتێک بمێنێتەوە و بنچکی دڵ پڕ بکاتەوە لە بەر خۆیەوە وتی:

– «چە بێژم چە ئەزانم کەنیشکە... ئەونە ئەزانم... هەر کەس دریای دڵی بکاتەو دڵی ئەوێتە کاروانسەرا. هەرکەسو ناکەسێک ڕووی تێ ئەکات، وەک منی پێ تێت. تا لا ئەکەیتەو ئەوگشتە زەرافەت و پاکییە، ئەو گشتە ئومێد و ئارەزووە، گشتی ئەوێتە مەسحکەی دەس هەتیمچە. خۆیشە و خراپتروە ئەنگوست نیشانتانە یەک... ئاوەسە... ئاوەها... ئیتر ئەو قسانەی کە دوێکە وەک ئایەی قورئان بوو بۆت ئێتر نایژنەفێ. هەر کەس ئەوینی لە گەڵتا قسە ئەکا ئەزانی بۆ چە بووەسە ڕەفێقت. ئیتر ئەو قسانە گشتی بیڕەنگ ئەوێتەو ئەوسا تۆش ئەچیتە پێی دڵتەو. خۆشت هات خاس،

خۆشیشت نەهات با بچیّ. نە ئەو منی بۆ زندەگی ئەویّت نەمنیش هاملە بیریا مودەتیّک هاینە یەکەو دواجار چە بیّژم......»

خەیاڵ لالەی بردبووەوە نەستەرەن بەپیّکەنینەوە شانیّکی تیّوەژەند: «چییە... خۆ لە من خراپتر تۆ ڕۆیشتی. ئاغای مۆهەندس... ئاغای دوکتور. یان ئەو هاو کلاسییەکەت. یان ئەو کوڕەوا بەماشینەکە دیّتە سەر ڕیّگەت... ئەریّ؟»

بەم قسانە لالە تەوژمیّکی هەژیّنەر دەروونی هەژاند. لە دەروونی خۆیدا ئەیقیژاند، دەنگی لەناو دەروونی خۆیدا کە وەک ئەشکەوتیّکی هەڵۆڵ وابوو دەنگی ئەداوە. بەهۆی کاردانەوەی دەنگی دەورونی هەموو مووەکانی لەشی قژی کردبوو. بەهەردوو دەستی لاجانگی خۆی گرتبوو، ڕەنگی تیّک چووبوو، بەلاوازییەوە سەیری نەستەرەنی کرد و ڕووی وەرگیّڕاو چووەوە ناو خۆی «چەیژی... چە... کام دوکتوور؟! کام موهەندس؟!... کام ماشیّن ! گشتیان هاتن بەهەزاران قسەی ئاشقانەو، نەبۆ من بۆ خۆیان. کە هیچیان گیر نەئەکەفت ئەچوون. نە من، نە ئەوان، ئیتر نەمن مەعشووقە بووم بۆ ئەوان، نە ئەوانیش ئەو ئاشقە شەیداکەی من. ئەو قسانە ئەیژیّ هیچی هی ئەوان نەبووە. ئەگریش لە شویّنیّکا یەک بووینیّ بەچاویّکی حیزانە تواشام ئەکەن و بەدەمەو ئەکەنن، تیشکی شەهوەت لە چاویانا ئاتە زەوقما، لە نیگایانا ناپاکیم ئەوینم، ئەشق...» پاڵی داوە تا تۆزیّک بەسەر خویّدا زاڵ ببیّتەوە، سەیریّکی ڕابردووی خۆی کرد «نە... نە... نەبوو دانەیەک بم گریّتە خۆی، ببیّتە پەنام، لە پەنایدا بحەسیّمەو، نەک بۆلەشم، بۆ ڕۆحم، بۆ دڵم، بۆ گیانم، وردم کات و دیسان دروستم کاتەو، دیسان بەدنیام بیّنیّتەوە بۆ دنیایەکی تازە، بۆ دنیای خۆشویستن، بۆ دنیای بوون، بۆ دنیای بەدنیا هیّنان»



لالە ئاوڕیّکی داوە لە نەستەرەن و سەری نابە سەندەڵیّیەکەوە. پاش تۆزیّک ڕامان، ڕووی وەرگیّڕا و سەیری دەرەوەی کرد. لە ڕابردووی خۆی پەشیمان بوو. هەرچی بیری لیّ ئەکردەوە شەرم ئەیگرت. خۆی و کۆمەڵگاکەی بەتاوانبار ئەزانی. هەمیشە ئەیوت تازە کەسیّک کەوتە ناو ڕیّگایەک کە لادانی زۆر گرانە بشتوانیّ خەڵک ناهیّڵن. خەڵک لەمپەر دروست ئەکەن لە بەریا و بەرەو ڕیّگەی هەڵە پاڵی تیّوە ئەنن. تا شیرین بووی شیرینی. کە ناشیرین بووی تفت لیّ ئەکەنۆ. بیّزت لیّ ئەکەن. بەم خەیاڵانە داهاتووی خۆی ئەدی کە لە ناو خەڵکا چۆن ئەویّ، شویّنەکەی خۆی لە کۆمەڵدا ئەزانی. بەم خەیاڵانەوە سەیری دەرەوەی دەکرد هەرەکی بوو لە خۆیو لە ڕابردووی ڕابکات و خۆی لەو بیرانە ببووریّ. جوانی کیّو و پیّدەشتەکان سەرنجی ڕاکیّشا وتی:

«تۆ بڕوا ئەو کیّفە چەن زەریفە لە نوکەکەیەوە تا پاینەکەی چەن رەنگی هاتیا -بەدەس ئاماژەی کرد بەشاخیّکی تر-، وردەو ئەویاکەیان بڕوا چەن زەریفە بڕوا ئەم لایە چەن سەوزەیان ئەولاترەو چەن زەردە».

هەناسەیەکی هەڵکیّشا و پاڵی داوە. ئەم قسانە بۆ ئەوە بوو میّشک و بیری کۆ بکاتەوە و هەندیّک لەو تەوژمی پەژارە کەم بکاتەوە کە سەر و دڵی گرتبوو. ئەیویست کاریّ بکات، شتیّ جیّبەجیّ بکات. مەجالی ڕۆشتنی نەبوو بیّ ئیرادە دەستی کرد بەگیرفانیدا، دەستماڵ کاغەزیەکی دەرهیّنا، لەگەڵ دەستیا کاغەزیّکیش هاتەدەرەوە کەوتە سەر کۆشی نەستەرەن. هەرەکی بوو لە دەست ئەو هەرز و بیرە رزگار بیّت. ئەشیا کاریّکی بکردایە بەدەستماڵەکە دەمولوتی پاک کردەوە وخستیەوە گیرفانی. نەستەرەن کاغەزەکەی پیّ داوە. لالە بڕیّ سەیری کاغەزەکەی کرد و وتی:

– «بوو چەمە بلیتە کەس»

نەستەرەن کردیەوە و خوێندیەوە:

– «حەوسەتمەن؟! زۆریشە»

– «بۆ چە زۆرە لە عـەوەزا فـرە ڕاحـەتتـرە. بنیـادەم لەناو ئەو مـینی بوسگەلاتا ئەگەیشت ئەچەمیاو فرە موسافیرەتیان ناخۆش بوو»

– «ڕاس ئەکەی بنیادەمیان زۆر لەیەک ئەترنجاند»

هەردووکیان سەبارەت بەیەک کەوتبوونە ناو دوو گرفتی دەروونیی تازەوە سەیری یەکـیان دەکرد بەڵام یەکـیان بۆ پەیدا نـەدەبوو. بەشوێن شتـێک لە یەکدا دەگەڕان کە بێتە پلەیەک بۆ دەرچوونیـان درگایەک بۆ دنیـایەکی تر، دنیای ئاسایی، دنیای خەڵک کە لێی غەوارە بووبوون ئەیانویست خۆیان لە ڕۆچنی تەسکی قسەیەکەوە خۆیان و دنیای تازەیان ببینن. دنیایەک کە وێڕای خەڵک بێن و بڕۆن و خۆشیـان بوێ. هەردووکیـان ئەگەر پێیان عـەیب نەبوایە هەموشتێکی یەکیان ئەکۆڵییەوە کە چی ئەکەن و چۆن ئەکەن و چۆن لەگەڵ خەڵک ڕەفتار ئەکەن. هەردووکیان یەکیـان زۆر بەئیدئاڵ هاتبووە بەر چاو، هیـوایەتیـان بوو ببن بەیەک گـەلێک پرسیـار لە دەروونیـاندا بوو کـە ڕەوایە هەر کــەس بیکات، تا لە دەوروبەری خــۆیان بگەن و بیناسن، تا چاویان بکاتەوە و لە خـەڵکیـان جیـا نەکـاتەوە. نەسـتـەرەن هیچ چەشنە ئەزمـوون و تەجرەبەیەکی نەبوو دەربارەی کوڕ، ئەوەش بـووبووە هۆی ئەوەی کە نەیدەزانی لە چی بدوێ چۆن قسـە بکات ناسین پێـویستی بەدوان بوو. دوانیش پێـویســتی بەناسین. لالە بۆ ئەوەی بتـوانێ ڕوانینێکی دووبارەی بەسەر ڕابردووی خۆیدا هەبێت، خۆی لەگەڵ نەستـەرەن بەراوەرد دەکرد. کە بەم سـۆنگەوە بتوانێ ڕێگەکەی بگۆڕێ و دیسانەوە بێـتەوە ناو کـۆمەڵ و یەکێ بێ لەو خەڵکە ئاساییە و لە ناویاندا ون ببێ:



– «ئێی...! بۆ چە هیچ نایژی!؟»

– «چی بێژم»

– «چە ئەزانم هەر چە دڵت ئەیخوازێ»

هەردووکـیـان سـەبارەت بەیەک بەدبین بووبوون. پیـان وابوو ئەوەی کـە بەمێشکیانـدا هاتووە بەزاریشـیاندا هاتووە و خۆیان هەڵەئەکەن و چاو لە گرفتی یەکتر ئەقوچێنن. لالە تۆزێک ڕکی نەستەرەنی گرتبوو بەدڵەوە بێ مەیل نەبوو تۆزێک عـەزیەتی بکات. بەچەشنێک پی ڕابوێرێ و سـوکنایی دڵی بهاتایە. سوکناییی ژانێک کە ئێستە لەمدا سەرواز بووبوو. بەشوێن هەلێکدا ئەگەڕا پیلانێکی پێ بڕەخسێنێ. هەروا کە لە گەڵیا قسەی ئەکرد لە پڕ شتێک سەرنجی ڕا کێشا کە پێشتر هەستی کردبوو نەستەرەن چاوی هاتێـوە. ئەمـجـار زۆر چاک سـەرنجی دا و لەگـەڵ ئەوەشـدا سـەرنجی نەستەرەنیشی بەرەو لای ڕادەکێشا.

نەستەرەن بەشێوەی تماشاکردنی لالە هەستی کرد ئەبێ سەیری شتێکی تازە بکات. بەدەم قسەوە ڕوی وەرگێڕا، کوڕە کاڵوکرچەکە خەبەری بووەوە. لالە خـەریک بوو بەچاو و دەست و بەسـە ر، جـارجـارێکیش دەنگ بەرزکردنەوە سەرنجی کوڕەکەی بەرەو لای خۆی ڕادەکێشا. بەم چەشنە ڕکی نەستـەرەنی هەڵدەستـان کـوڕەکـە جاروبار لایەکی ئەکـردەوە و سـەیرێکی هەردووکـیانی ئەکرد، بەڵام زیاتر سەیری لالەی دەکرد. بەهێواشی و لەسەر خۆ ڕووی وەردەگێڕا و سەیری پێشەوەی دەکردەوە. هەردووکیان بەڕاشکاوی هەستیـان بەوە کرد کە کەوتوونەتە نێو ململانێ و کێبەرکێیەکی زۆرەکی. کـە نەستـەرەن حەزی ئەکرد خـۆی لێ دەرباز بکات. بەڵام مـەجالی نەبوو. چاوی گـرتبـوو و دڵـی بردبوی. بازاڕیش ئەوە ناڵێت. چاو هەمـوو شتـێک ئەڵێ درۆ ناکـات. ئاوێنەیە چی تێدا بێ ئەینوێنێ. لالە پەی برد کە کاتی

وەگەڕخستنی پیلانەکەی هاتووە لەگەڵ نەستەرەن قسەی ئەکرد و چاوی لە کوڕەکەوە بوو. ڕووی قسەی لە نەستەرەن بوو بەڵام ڕووی خۆی لە کوڕەکەوە بوو، بەقسە لەگەڵ ئەم و بەئیشارە لەگەڵ ئەو. نەستەرەن بیری کردەوە ئەبێ کارێک بکات چی بکردایە ئەم خۆ هیچ کارێکی نەئەتوانی. لەم لاوە کەوتبووە ناو گوشاری کێشەیەک کە بۆی دروست کرابوو. لەو لاشەوە بێز و نەفرەتێکی دەروونی لە پیاو لە کوڕ، کە بەدرێژیی تەمەن لەگەڵیدا هاتبوو. لەلایەکی تریشەوە خواست و نیازێکی تازە لە دەروونیا سەری هەڵدابوو و سەرەڕای هەمووی ئەمانە ئێستە ئیتر ئەبێ خۆی تاقی بکاتەوە. بیکات بەدرگایەک بۆ ڕەهابوون لەدەس خۆی و چوونە ناو دنیای ئاسایی خەڵکەوە. لالە دیسان بەکەشمەکەشم پەرەی بەقسەکەی داوە، نەستەرەن هەستی کرد کە لالە ئەیەوێت لای بخات. بەڵام هەر کارێکی کرد نەیتوانی ئەو هەموو بێز و نەفرەتە لە دەروونی دەراوێژێ و ڕاستەوخۆ سەیری نێو چاوانی کوڕەکە بکات. بەتماشا پێی بڵێت کە من تۆم ئەوێت. لالەش هەستی کرد کە نەستەرەن ئەیەوێ بەم خۆ هەڵکردنە ئەو لەسەر ڕێگەی لابات. لە یەک بەدبین بووبوون. ئیتر سەرنجیان ڕک و بێزی تێدا بوو.

هەردووکیان هەوڵیان ئەدا بەو تۆزە شارەزاییەی کە لەسەر یەک بوویان لەگەڵ کوڕەکە ڕووبەڕوو ببنەوە... هەردووکیان هەوڵیان ئەدا ئەوی تر لە مەیدان دەر بکەن. بەڵام مەیدان ئەو مەیدانە نەبوو. حەریف دەر نەدەچوو، مەیدان خاڵی نەدەبوو کەوتنە گەڕ لەیەک، دەبوو کارێک بکرایە. تەنانەت فریوێک، هەردووکیان شانیان کردە یەک و بەنووستنی خۆیان ئەویتریان فریواند. چاویان بەست. خەیاڵ هات بەپیریانەوە هێدی هێدی بردنی. نەستەرەن کوڕەکەی ناجێگەی لالە و لالەش کوڕەکەی نا جێگەی نەستەرەن. سەریان نا بەسەندەڵییەکەوە بێ ئیرادە هەردووکیان شانیان نا بەشانی کوڕەکەوە، نەستەرەن ئەو کراوەیییەی لالەی گرتبووە بەر هەمووی



ئەوەی لە دڵیدا بوو بەقسەی عاشقانە و شاعیرانە چرپاندی بەگوێی کوڕەکەدا. چێژی لە خۆی دەبرد و زۆرتر خۆی دەدا بەدەم شەپۆلەکانی خەیاڵەوە. لالە ڕەوتەکەی نەستەرەنی گرتبووە بەر و زۆر بەشیاوی لەگەڵ کوڕەکە ئەجولایەوە ئەو شێوە ڕەفتاری کە حەزی ئەکرد بیبوایە و پەیدای نەدەکرد. خۆشحاڵ بوون. هەردووکیان ئەو بیرەی کە چەن ساڵ بوو گەڵاڵەیان کردبوو بەڵام بۆیان بەئەنجام نەدەگەیشت پەیدایان کردبوو. شاییان بەخۆیان دەهات، شانیان لە شانی یەک هەڵدەسوو خۆیان بەیەک نزیک دەکردەوە وەک بەهەردووکیانەوە خەونی عەشقێک ببینن. لە سیمایاندا شیرینیی خەونەکەیان بەدی دەکرا. کراوەیی و شەرم و خۆپاراستن و بەدەستەوەدان، سەیرنەکردن و ڕووبەڕووبوون. تاراندن و لە ئامێزگرتن، ئاوێتەی یەک بووبوون و بووبوون بەیەک لەپڕ دەنگێک هاتە گوێیان و خەبەریان بووەوە. هەردووکیان ڕاستەوخۆ ئاوڕیان داوە بەلای کوڕە کاڵوکرچەکەدا دەنگە کە دیسان ڕای چەڵەکاندن. شاگردی ماشینەکە بەسەریانەوە ڕاوەستابوو داوای کرێکەی لە نەستەرەن ئەکرد. کچە دەستی کرد بەگیرفانیا و پارەکەی پێدا شاگردەکە ڕووی کردە کوڕە کاڵوکرچەکە و داوای کرێکەی کرد، بەڵام ئەو خەبەری نەبووەوە لالە و نەستەرەن لە دڵی خۆیاندا لەو باوەڕەدا بوون کە ئێستا ئەویش وا لە بیر و خەیاڵی ئەماندا. شاگردەکە لەگەڵ ئەوەی کە داوای کرێکەی ئەکرد بەدەس کوڕەکەی ڕاوەشاند و خەبەری کردەوە کوڕەکە بەشەڵەژاوی خەبەری بووەوە سەیری شاگردەکەی کرد، کوڕە کاڵوکرچەکە بەئیشارەی دەست و لێو بەشاگردەکەی وت کەچی ئەوێ. شاگردەکە سەرێکی لەقاند و لەبەرخۆیەوە وتی: «ئەی هاوار ئەمە خۆ کەڕە»

١٠/ ٤/ ١٣٨١

# کڵاو پەهلەوی

هەمووو خێزانی ماڵ، لەدەور قورسی[١] دانیشتبوون و ماتڵی دەرودراوسێکان بوون کە دەبوو پەیدایان ببوایە. تا بەقسەی خۆش و داهێنانی مەتەڵ، کوڕی شەوچەرە گەرمتر بکەن. ئیمشەو بەپێی سەرە، چەلەی ماڵ کا شەریف بوو. خەڵک پێیان دەوت شەریفە شەنگە، ئەڵبەت ئەم ناوەیان وەک خەڵکی تر لە دزێوی و ناحەزیدا لێ نەنابوو، بگرە هەر بەهۆی جوانچاکی، شەنگەیان پێ دەوت. کە هێشتە جوان بوو. جوانییێک، ئاوێتە لەگەڵ ویقارێکی پیاوانە لە سیمایدا بەدی دەکرا. چاوی ڕەش، برۆی پەیوەست. لووتی کوڵ و بچووک، لێوی باریک و قەیتانی. سمێڵی کە بەهۆی دووکەڵی جگەرەوە زەرد بووبوو، لەبەر خەتی لێویدا کردبووی. ڕیشی خەریک بوو بەرەو سپیبوون دەچو، کە لەژێر ملیەوە تا بەر چەناگەی بەدابیی سۆفی نەقشبندی تاشیبووی. دیانەکانی تاک و تراک لە دەمیدا مابوون. کاتێک کە پێ دەکەنی دەستی دەگرت بەبەردەمیەوە. چون هەستی بەوە کردبوو سەیری زاری دەکەن. مێزەرەکەی هێنابووە ناوچاوی و قیت لای ژووری قورسییەکەوە دانیشتبوو. پای لەسەر پای دانابوو، بەتەزبێحە دەنک وردەکەی یاریی دەکرد.

کاشەریف خێزاندار نەبوو. کچێک و دوو کوڕی هەبوو کە هەرسێکیان لای خوارووی ژورەکەوە دانیشتبوون. کچەکەی ناوی فاتم بوو. لە خوار دوو براکەیەوە سدیق و سالە خزابووە کونجی دیوارەکەوە. فاتم کاتی شووی



هاتبوو. چەن داواکارێکیشی هەبوو. بەڵام کاشەریف نەی ئەدا بەدەستەوە. داواکارەکانی بەدڵ نەبوو، بەتووڕەیی جوابی دەکردن. دەیوت: «ئەم هەتیوە سەر چەورانە کە سەریان بەڕۆن گەرچەک چەور ئەکەن چارەیانم ناوێ. شەو بەتاریکی دائەنیشن و ڕۆژ کە بووەوە دەیساونە سەریان و دەستماڵێک ئەخەنە دەور ملیان و تیسکەی سمێڵیان دێت، بۆکچ پێدان نابن». ئەڵبەت وێڕای ئەم قسانە برێکیش جنێوی پێ ئەدان. ئیتر خاتوامێن خاترجەم کە هەتیوەکەی بەدڵ نییە و بۆ باس کردن نابێت.

سدیق لە ژێرەوە خێسەی لە فاتم دەکرد کە رووسەرییەکەی چاک بکات، چوون قژی بەدەرەوە بوو. سدیق ساڵێک لە فاتم بچووکتر بوو، بەڵام چاو و گۆیی کرابووەوە و دەوروبەری خۆی ناسیبوو. تازە موی لێ ڕوا بوو. چەن جارێک تاشیبووی، بەڵام هێشتا تەواو ڕەش نەبووبوو. سالە کە لە سدیق بچوکتر بوو، لای ژووروویانەوە دانیشتبوو، سەیری کێشەی خوشک و براکەی دەکرد. سدیق سخورتمەییەکی ژەند لە فاتمەوە، تا ڕووسەریەکەی چاک بکات. فاتم لە ڕقی سدیق دەستی برد لە دواوە ڕوسەرییەکەی کێشا خوارەوە و سەیرێکی سدیقی کرد. بەئیشارەی لێو پێی وت: «ئەوەش لەداخی تۆ». سدیق لەبەر بێ دەستەڵاتی و لە ڕقی فاتم لێوی خۆی دەکرۆشت و لەژێر لچەوە جنێوی پێ ئەدا. فاتم داڵغە بردبوویەوە و سەیری چرا لامپاکانی دەکرد، کە لەسەر قورسییەکە دانرابوون بیچمی لەبەر تیشکی چراکان جوان دەرکەوتبوو. کەزیی لە ناوڕاستدا کردبوو بەدووکەرتەوە، خەتی قژی وەک دەڕاڵی شاخ کشابوو بۆ ژێر ڕۆسەرییە هەورییە بەنەوشەکەی. چاو و برۆی خورمایی، مژۆڵی پڕ و درێژ و گلێنکە درشت. لووتی کوڵ و بەرکەپۆی یەک تۆز بەرز. سیمای پان و کراوە و کوڵمی خڕوڕەنگ، سەوزەیێکی مەیلەو کاڵ. دەمی بچووگ و لێوی گۆشتن. چەناگەی یەک تۆز پان و چاڵێکی بچووکی تێدا بوو. ساوگەردنی

بەرز و ساف و سەرنج ڕاکێش. سەرلێوی سەرەوەی کورکێکی نەرمی کەسکی پێوە بوو کە تا دەچووە بن لێوی تۆختر دەبوو. خزم و کەس ئەیانوت: «چاو و برۆی فاتم لە باوکی ئەچێت» . کە سدیق بەم قسە زۆر قەڵس بوو. بۆ ئەوەی دڵی سدیقیش بدەنەوە، دەیان وت: «ماشەڵڵا سدیق گیانیش جوانە، لە هەر کەسە و شتێکی دزیوە. بانەشیدزیبێ و جوان نەبێت، پیاو جوانیی بۆ چییە، پیاو جەوهەری گەرەکە» . فاتم هەندێک سرک بوو. وەک زۆربەی هاوتەمەنەکانی خۆی بەردەوام قوتەی دەهات و چاوی دەگێڕا، سەرنجی ئەدا تا سەرنجی بدەن. هەرچی کە دادەنیشت سینگی خۆی دەخست بەبەردا، لەوەی کە خاوەنی جووتێک مەمی خڕ و پڕ بوو، بەخۆی شانازیی دەهات و خۆی پێوە ڕائەدا. زووزوو ڕووسەرییەکەی شل و توند دەکردەوە و بەم بۆنەوە دەستی لەسەر سنگی دادەنا و بەم شێوە خۆی نیشان ئەدا. شەریف تەزبێحەکەی دەست بەدەست کرد و سەیرێکی منداڵەکانی کرد وتی:

– قورسییەکەی ئەودیو گەرمە؟

سدیق گورج قسەکەی باوکی خوێندەوە کە مەبەستی لە چییە، وتی:

– ئەرێ وەڵڵا گەرمە.

شەریف ڕووی کردە فاتم، وتی:

– دەی باشە کچم، ئەگەر بەجۆرێک بوو، تۆ بچۆرە ئەو دیو. سدیق بەم وتەی باوکی گەشایەوە و شانێکی نا لە سالەوە. هەردووکیان بزەیان هاتێ و سەیری فاتمیان کرد. فاتم کە لە زەوقی درابوو، بەبێ مەیلی هەستا کە بچێت بۆ ژوری بەردەست. لەبەر درگاکەدا وێستا و سەیرێکی باوکی کرد. شەریف لێی ڕاما و لای وابوو تا ئێستە فاتمی ئاوا نەدیبوو. یان وەک ئێستە سەرنجی نەدابوو. بەلایەوە سەیر بوو کچەکەی ئاوا گەورە بووبوو. لە بەر خۆیەوە وتی: «خۆ بنیادەم منداڵی خۆی نابینێ. مەگەر خەڵک



ئاگاداری بکەنەوە منداڵەکەی گەورە بووە. بەلامەوە سەیر بوو داوایان دەکرد» . ئەمجار بەوردی سەیری لەش و لاری کردەوە و سەرێکی لەقاند. فاتم درگای ژورەکەی کردەوە و لە پشت درگاکەوە چەمۆڵێکی نا لە دوو براکەی و لەژێر لچەوە قسەی پێ وتن. کا شەریف وەک گوێی بەڕۆشتنەکەی نەدات بەدەنگی بەرز وتی:

– ئەرێ ئافرەت بەکێت وتووە؟ کێ دێت... کێ نایەت؟

پاش تۆزێک درگای دیوەخان تاییێکی کرایەوە، خاتوامین سەری و تۆزێک لە شانی لە درگاکەوە هێنا ژوورەوە و خۆی دا بەسەر تا بەسراوەکەدا وتی:

– وەڵڵا گشتیانم دەعوەت کرد، ماڵ حاجی فەیزەیش گلەییيان ئەکرد کە بۆ چی ئێمەتان بانگ نەکردووە چووم بەوانیشم وت.

خاتوامین بەئانقەست ناوی ماڵ حاجی فەیزەی هێنا. سەر لە ئێوارێ کە دەنگی دراوسێکانی کردبوو، دەنگی ماڵ حاجی فەیزەشی کردبوو کە ماڵەکەیان لە کۆڵانەکەی پشتەوە بوو. هۆی بانگ کردنەکەشی ئەوە بوو، کە لەوگەڕەکەدا تەنیا ماڵ ئەوان چراتۆڕییان هەبوو. پێی وتبوون: «مەنیجە خانم، بەزەحمەت نەوێ سەر لەشەوێ خۆتان و چراتۆڕەییەکەتان تەشریف بێرن بۆ ماڵ ئێمە. ئیم شەو هاوسێکان هەموو لەوێ دائەنیشن» . خێزانی کاشەریف بەگشتی حەزیان ئەکرد چراتۆڕی ببینن. ئەم بانگ کردنەشیان کردبوو بەبیانوو.

شەریف تەزبێحەکەی دەکرد بەقامکەکانیدا و سەیری ژنەکەی دەکرد. بەڵام خەیاڵی ڕۆشتبوو. هەر تاوێ شتێکی بەبیردا دەهات. خاتوامین یەک تۆز لەناو درگاکەدا وەستا، کە دی شووەکەی هیچ ناڵێت، درگاکەی بەست و چوو بەلای کاریەوە.

شەریف سەیری ناو ژوورەکەی دەکرد. وا بەوردی سەرنجی ئەدا کە تا ئیستە ئەم ژورەوە کەرەسەکانی نەدیبوو. ژورەکە بەدەوردا تاقی تێ کرابوو. کە هەموویان ڕووتاقی سوریان پێدا درابوو. ڕووتاقییەکان بەنەواری سپی دەوردوور کرابوون و ناو تاقەکان پڕبوون لە مسینە و چینی. مسینەکان هەموویان سپی کرابوونەوە و چینییەکانیش چەندانەییێکیان کە شکابوون، گاو[٢] کرابوونەوە. لەناو چینەیەکاندا قۆرییێکی تێدا بوو کە تەلبەند کرابوو. هەروەها دانێکی تریش لوولەکەی شکابوو بەتەنەکە بۆیان دروست کردبوو. شەریف سەیری قورسییەکەی کرد. بەسەیرکردنی گەلێک یاد و بیرەوەریی بەبیردا هاتەوە. ئەم لێفەی لای مەحموو هەلاجی ڕەحمەتیی دروست کردبوو بۆ نۆ ماڵییەکەی، کە ئێستە خا مەحسوومی ژنی داواکاری فاتم بوو بۆ کەریمی کوڕی. ئەمەی کە بەبیردا هاتەوە ناوچاوی گرژ کردەوە و لە دڵیشەوە تۆزێک بزەی هاتێ و لەبەر خۆیەوە وتی: «خۆزگە ئەو ماڵە نەدەهاتن». لە ناو ئەو بیر و خەیاڵانەدا بوو کە دەنگی تەق تەقی درگا، بێدەنگیی ناو ماڵەکەی پێکا، پاش تۆزێک میوانەکان بەدەنگە دەنگ خۆیان کرد بەژووردا. کاشەریف لەبەر درگای دیوەخاندا چو بەپیریانەوە. دەنگی یاخوا بەخێربێن... یا خوا بەخێربێن... تەشریف بەرە لای سەرەوە... فەرموون... فەرموون... نەهەر ئێرە باشە... شتی وا چۆن ئەبێ، ئەوەسەر ڕێگەیە. ناوژوورەکەی ئاخنیبوو. پاش تۆزێک هەموو بێدەنگ بوون، بەس چاوەکان بوون کە لەیەکیان دەڕوانی. خانەخوێ بۆ دواجار بەخێر هاتنی کردنەوە، بەڵام چاوی بەراییی نەئەدا بەخێر هاتنی خامەحسووم و کوڕەکەی بکات. ئەم نفرەتەش لەوکاتەوە لە دەروونیدا سەری هەڵدا بوو کە خا مەحسوم بەقیر سیچمەیی داوای فاتمی دەکرد. شەریف بەناچار بەخێر هاتنی کردن لە ژێر لچەوە بەخێرهاتنی کەریمی کرد لەگەڵ ژنەکان.

خامەحسووم گێلەژن نەبوو، هەموو شتێکی ئەدی و کەمترین شتی



دەخوێندەوە. زۆر چاک هەستی بەو نفرەتە کرد کە لە نگاو ڕەفتاری کاشەریفدا بوو. لەوەی کە سووکایەتی بەکوڕەکەی کردبوو ئێش بەدڵی گەیشتبوو. بەڵام ئێستە دەبوو نەیگرێتە خۆی. لەو ژنانەش نەبوو قسە لەکەس بخواتەوە، بەڵام ئێستە کوڕەکەی هێنابووە سەر بەڕەکەی تا نیشانی بدات کوڕەکەی پیاوە و بۆ ناو پیاو هاتووە. تا ئەم پیاوانەیش لەکاتی خۆیدا شاهێدی ئەوەی بۆ بدەن. خۆی خواردەوە بەڵام ئێشەکەی کاریگەر بوو، گورچک بڕبوو. لە دڵی خۆیدا وتی: «هەرچی ئەکەی بیکە شەریف، تا ڕۆژی خۆی. بەقەولی قەدیمی تۆ دیزەت بەشانەوەیە و من بەردم لە مشتایە. ڕۆژی خۆی دەرخۆنەت بۆ ئەنێمەوە». سەیرێکی کوڕەکەی کرد کە ملی نابوو بەلارەوە، ئاخێکی بۆ هەڵکێشا و پتر تیرەکەی شەریف لەدڵیدا کاریگەر بوو. بەگۆشەی چارەکەکەی لوتی سڕی و چاوەکانی پاک کردەوە و بەپێکەنینەوە ڕووی کردە ژنەکان.

پیاوەکان هەموو لای ژوورووی هۆدەکەوە دانیشتبوون. شەریف کەوتبووە بەری خواری پیاوەکانەوە. سدیق و سالە لەبەردرگاکە دانیشتبوون تا کار و فەرمانی پەزێرایی ئەنجام بدەن. کەریم لەژوور ئەم دوانەوە دانیشتبوو. ژنەکان لەبەری خوارووی قورسییەکەوە دانیشتبوون و سەریان کردبوو بەیەکدا و خەریکی خۆشی و دشی بوون. پیاوەکان تووتن و پەڕەو تەزبێحەکانیان دەرهێنا و لەسەر کۆشیان دانا. هەرکام یەکی ژێرسیگارییەکیان لەسەر قورسییەکە هەڵگرت و لەبەردەم خۆیان دانا. میوانەکان هەموویان سەرنجی پاک و خاوێنی ژورەکەیان ئەدا و بەگشتی سەیری چرا لامپاکەیان دەکرد و مەجەعمەکانی[٣] ژێریان کە خاوێن و سەرنج ڕاکێش بوون شیشەی چرالامپاکان ئەوەنە خاوێن بوون کە چاو هەستی پێ نەدەکردن. پاچراکان وریشەیان دەهات و کاردانەوەی تیشکیان دەیدا لە مەجەعمەکان. خامەحسووم بەوردی لە هەموو شتێکی دەڕوانی و

زۆرچاک لە پەسەندەکەی خۆی ڕازی بوو کە دەستی لەسەر خراپ کچێک دانەنابوو. زۆر جار کە لەناو ژنەکاندا دانیشتبوون لە خاتوامینی بیستبوو دەیوت: «بەخوا خوشکە، خۆمن هەر گیانێکم بەفاتمە، ئەیگنا خۆ ئەوم پێوە نەبێ فریای ناو دوو موسوڵمان نەئەکەوتم و نەم ئەتوانی دوو جێگە و دوو سەرەخۆشی بچم.»

خا مەحسووم هەر ماتڵ بوو فاتم درگا بکاتەوە و بێتە ژوورەوە و گورج بچێت بەپیریەوە، دەست بکاتە ملی و بەدەنگی بەرز بڵێ: «ئابێ لای خۆمۆ دانیشە دایک و باوکم بەساقەو بێ، بووکە جوانەکەم». ئەمجار دەست بهێنێ بەسەر و ڕوویدا: «ئاوا خۆت ڕێکوپێک بکە و دەست بێنە بەخۆتا، قەزات لە دایکم. قەورەکەی باوکم بەقوربانت بێ».

شەریف ڕقی لە خا مەحسووم هەستا بوو کە بۆچی کوڕەکەی لەگەڵ خۆی هێناوە، ئەڵبەت ئەوەشی لەبیربوو کە کوڕەکەی نەکەر کاربوو. بەحیسابێ دەتوانێت دەستێک کەوەر و سییەیەک نان پەیدا بکات و موحتاجی ناپیاو نەبێ. شەو بەسکی برسی سەر نەنێتەوە.

ئەوەشی لەبیربوو کە هەر لەم شوێنانەدایە، یان لە شایی و شیوەن کاری خێر بەڕێوە دەچێت و سەردەگرێ. کچ بۆ کوڕ و کوڕ بۆ کچ پەیدا ئەبێ. هەمووی ئەمانەی دەزانی، بەڵام دەبوو خۆی نەدات بەدەستەوە و کەمتر ڕووی خۆشیان نیشان بدات، وا کە چارەی هەتیوەکەی ناوێت. ئەی شایەد داواکارێکی چاکتری بۆ پەیدابوو. ئەوەی دەزانی کچ کە داواکارێکی بۆ هات، وەخت و بێ وەخت داواکار وێڕای تکاکار خۆیان ئەکەن بەژووردا. لەکاتی هەرزەکاریی خۆیشیدا لە یادیدا بوو کە زیاتر لەم شەوچرا نەدابوو کچ و کوڕی خزم یەکیان دەگرت و یەکیان پەیدا دەکرد و لە ژێرەوە خەریکی چاوشارەکێ دەبوون. هەر کە دەرفەتێک دەستی بدایە دەستێکیان دەبزووت و نەقورچکێکیان دەگرت. یان شانێکیان لێک دەگیرانە. هەربەم هۆیەشەوە



بوو کەمتر جەهێڵ و هەرزەکاریان لەگەڵ خۆیان دەبرد بۆ ئەم شەوچەرانە.

میوانەکان خەریکی چای خواردن بوون. کەس قسەی نەدەکرد. بەس دەنگی هەڵقوراندن و مرقدان لە چای، یان کرماندنی قەند بوو بەدەنگی بەرز دەهاتەگوێ. لە دوایشدا کە دواقومیان دەخواردەوە، دەمیان دەتەقاند و ئیسکان و ژێرپیاڵەکەیان لەسەر قورسییەکە دادەنا و گورج جگەرەییێکیان دادەگیرساند.

ژنەکان سەریان کرد بوو بەیەکدا و تەمموورەی قسەیان دابوو. بەدەم قسەکردنەوە گۆرەوی و دەستکێش و سەرکڵاویشیان دەچنی. خامەحسووم وێڕایی ئەوەی کەسەری لەناو گردەی قسەو باسی ژنەکاندا بوو، بەڵام هەرگوێ قوڵاخی درگاکە بوو کە بکرێتەوە و فاتم بێتە ژورەوە. هەر تاو نەتاوێک سەیری درگاکەی دەکرد و چاوی بۆ تەنگ دەکردەوە لە درزی درگاکەوە بۆ فاتم دەگەڕا، لەناو داڵانەکەدا، کە چرا کۆیەک بەکزی تێیدا دەسووتا. خامەحسوم کە لە یەک کاتدا چەن کاری ئەنجام ئەدا، بەدەست تەقیلەی دەچنی، بەدەم بنێشتی دەجاوی، بەچاو بۆ فاتم دەگەڕا و بەگوێ ئاگای لە قسەی پاڵ دەستییەکانی بوو. بۆ ئەوەی ژنەکان هەست نەکەن ئاگای لە باسەکە نییە و لێی نەکەونە شکەوە و خۆیشی لە باسەکە دوور نەکەوێتەوە زووزوو دەیوت: «دەی... ئەیەڕۆ... دەی تۆغا... دەی... ئەشا... دەی تۆغا ئاخری... ئەشایکە... ئەی دایکی کوێر بێ... ئەی دایکی لاڵ بێ». درگا کرایەوە، خامەحسووم ڕوو بە درگاکەوە چەرخا، خاتوامین هاتەژوورەوە و درگاکەی لە پشت سەر خۆیەوە بەست. خامەحسووم خاترجەم کە لە فاتم خەبەرێک نابێت. لەژێرەوە سەیری کەریمی کرد، وەک بیەوێت دڵداری بداتەوە لچێکی لە خاتوامین هەڵقورتاند و شانی تێ کرد و سەری کرد بەناو کۆڕی ژنەکاندا.

کا شەریف دەیزانی کە هەموویان چاوەڕوانی ئەوەن کە ئەو ڕەسمی

خانەخۆیی بەجێ بهێنێ و نەقڵێکی خۆشیان بۆ باس بکات. یەکێک لە دانیشتوان لەم بێدەنگییەی شەریف تووڕە ئەبێت:

– دەی شەریف کەلە پیاو... ئەی ئێمە بۆچی هاتووین بۆ ئێلە؟!

شەریف سەری هەڵبڕی و سەیری خاوەن دەنگەکەی کرد. کا حەمەسەن بوو. کە لای ژوروی قورسییەکەوە دانیشتبوو. پیاوێکی مام ناوەندی قەڵەوەبوو. لە قسەکردندا پیتی «ڕێی» بۆ نەدەهات و بە«لام» دەیوتەوە. تۆزێک سەیری یەکیان کرد و بەپێکەنینەوە ڕوویان لەیەک وەرگێڕا. شەریف رووی کردە دانیشتوان و چاوی بەناویاندا گێڕا. لای ژووری کاحەمەسەنەوە میرزا مەحموی عەلاف دانیشتبوو، لەبەری خواریشیەوە عەلی لفتە، عەزیزە گێڕ، سۆی فەتاح، قاسمی کووپە، کە هەردوو ژنەکەی خا نازەنین و چکۆلەکەشیان باجی گوڵجەمینی هێنابوو کە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوون. لە ریز ئەوانیشەوە خاتەمین ژنی عەزیز گێڕ، دادە ئامان ژنی سۆی فەتاح، زبە مەنگوڕی ژنی عەلی لفتە، خامەحسووم ژنی مەحموو هەلاجی ڕەحمەتی و خاتوامین دانیشتبوون. میرزا مەحموو سەیرێکی ناو ژنەکانی کرد، جێگەی خێلاتی ژنی خاڵی دی، کە ئەوە بۆ چەن مانگێک دەچوو لە جێگەدا کەوتبوو. حەکیم سمایل و خاشاپەسەن جوابیان کردبووو. حاجی حەکیمیش هیچی پێ نەکرابوو. بەم بۆنەشەوە خەڵک ئەیانوت میرزا مەحمو چاوئەگێڕێ و هەرەکیەتی خۆی لفکە و ناو بکاتەوە. ئەم شەویش زووزوو دزەی نگای ئەدا بەخامەحسووم. کاحەمەسەن دیسان دەنگی شەریفی داوە و ڕووی کردە دانیشتوان و بەئاماژەی سەر داوای لێ کردن کە قسەکەی بسەلمێنن. ئەوانیش وێڕای ئەم هەر یەکەی لەلاییێکەوە دەنگیان هەڵبڕی و داخوازی نەقڵ و قسەی خۆشی ئیمشەو بوون. لەناو ژنەکانیشدا خامەحسووم دەنگی دا دەنگ پیاوەکان. وتی:

– ئەڵبەو وا ئەزانی ئەم خەڵکە هاتووین بۆ سەیری قەد و باڵا جوانەکەی



تۆ... ئەرێ؟! دا...

هێشتە قسەکەی تەواو نەبووبوو کە خاتەمین وتی:

– دەی لاوە راس ئەکا پیاوەکە.

بەم قسەی خاتەمین هەموو پێکەنین چونکە زاراوەی پیاوەکە بەس لەنێوان ژن و شودا بەکار دەبرا. خاتەمین ژنێکی نەرم و نیان و لەگەڵ ئەوەش دڵپاک بوو. خامەحسووم لەم دەرفەتە کەڵکی وەرگرت و بەبێ ئەوەی ڕووبکاتە کەسێک هەواڵی فاتمی پرسی. خاتوامین خۆی بەکۆوەکردنی ئیسکانەکانەوە خەریک کرد و خۆی لە جوابەکەی گێل کرد. کاشەریف گرژ بووەوە و بەتووڕەیی سەیری کەریمی کرد. کەریم بە نالەوازییەوە ملی نا بەلارەوە، خامەحسووم شوێن قسەکەی نەگرتەوە و خۆی بەچنینەکەیەوە خەریک کرد. کاشەریف تەزبێحەکەی دەست بەدەست کرد، لەسەر جێگەکەی خۆی جێبەجێ کرد و مێزەرەکەی برد بەدوادا و هەر دوو لاقی راکێشا ژێر قورسییەکە، شانی دادا سەر باڵنجەکانی پشتی و لەژێرەوە سەیری دانیشتوانی کردەوە و سەری داخست. لەوەی کە دەیدی هەموو بەتامەزرۆیی تەماداری بیستنی قسەکانی ئەون شایی بەخۆی دەهات. سۆی فەتاح دەنگی هەڵبڕی وتی:

– دەی هەتیو ئێژی مجێورەکەی گۆڵەی پەڕیویتە لای ژوورروویماڵەکەوە، یان مجێوری بکەیان پێش نوێژی. وا دیارە هەتیوو هیچ کامیت پێ ناکرێ.

سۆی فەتاح کە لە نێوان عەزیزە گێڕ و قاسمی کووپە دانیشتبوو، پیاوێکی وردیلەی لەڕبوو کە مێزەرێکی گەورەی دەبەست بەسەریەوە، پیاوەکان لەناو خۆیاندا پێیان دەوت «میرزا کۆشکەلان». ئەم پیاوە لەگەڵ ئەوەی کە زۆر بچووک بوو، دەنگێکی زۆر زەلام و نێری هەبوو. کاشەریف چاوی بەناو میوانەکاندا گێرا، وەک بیەوێت بۆ خاوەن دەنگەکە بگەڕێت

وتی:

– ئەوە لەکوێدا خۆی شاردووەتەوە؟

سۆی فەتاح خۆی قیت کردەوە وتی:

– ئاوەهام پیاو بەم ماقوڵییە نای بینی. بچۆ بۆ لای حەکیم. چاوت نابینێ خۆ لووتت کونایە.

شەریف پێکەنی وتی:

– فەتاح خراپت کرد. بەلووتیش پەیدا نابی. خۆ بەناشوکری خوا نەبێ نە تری دەنگت بێ و نە تسی بۆنت بێ.

لە ڕاستیدا ئەم هەموو ماتڵ کردنەی بۆ ئەوەبوو نەیدەویست ڕاستەوخۆ بچێتە سەر باسەکەی. هەرەکی بوو بەجۆرێک کۆڕەکە ئامادە بکات بۆ دارشتنی باسەکەی. ئەمجار وتی:

– جا قوربان ئاغام کە ئێوەبن، ئەم بچوکەی خۆتان عەرزتان بکات. گەرەکمە ئیمشەو داستانی کڵاو پەهلەویتان بۆ باس بکەم. جا بەلاوا لە هاتنی ڕەزا شاوە بۆ سەقز ئەیگێڕمۆ با داستانەکە تۆزێک درێژە پەیا بکا و تا ئاخری شەو بەشمان بکات. ئەڵبەت من خۆم ڕەزاشام نەدیوە، بەڕەحمەت بن باکم و مامەم و ئەوان گێڕاویانەتەوە و لە بیرم ماوە. جا برام کە ئێوەبن بۆ چی لەبیرم نەچووەتەوە خۆی داستانێکی خۆشە. شەوێکی وەک ئیمشەو، چلەی هاوین، خزم و کەس لە دەور یەک دانیشتبووین لەژێر تیشکی مانگەشەوا خەریکی شووتی خواردن بووین. من خۆم پەرژینێ گوڵ بێ لەڕووی جەماعەت بەبەری بەڕەڵڵا، کەوتبوومە لای سەرووی هەموویانەوە و کەوچکێک دارم بەدەستۆ بوو خەریکی توێکڵە شووتی بووم ئەمکرانۆ. کاحەمە فەرەج بەباوکمی وت: «ئەرێ سەعی ئەوکوڕە گەورە بووە بۆچی پاتۆڵی بۆ لەپێ ناکەی» ئەو وەختەش خۆ مناڵ جلوبەرگی



لەبەرانەبوو. کچ و کوڕ کراسێ بوو تا سەر ئەژنۆمان و هیچی تر. جا ئەو شەوە ڕەزاشا هات بۆ ئێرە، لە موبارەکی پاوپێڵەی ئەو شەرواڵیشیان کردە پای من. هەر ئەوشەوە پاتۆڵە کۆنێکی کاکەمیان بۆ چکۆلە کردمۆ هەڵیانکێشا بەقونما. ئەوشەوە لە خۆشی پاتۆڵ هەتا سبحا خوا ڕۆژی کردەتۆ نەخەوتوم. هەرتاو نە تاوێک لەسەر جێگەم هەڵ ئەسام، و پاتۆڵەکەم هەڵ ئەکێشا و تۆزێک بەتاریکی سەیری خۆم ئەکرد و تەخت بۆی ڕادەکشام.

خولاسەی کلام ئەوشەوە هەتا بەیانی ئەمەکاری من بوو بەیانی زوویش لەپێش هەموویانەوە هەستابووم. هەر تەماشای خۆم دەکرد و خۆم ڕائەدا. دەرەلنگی شەرواڵەکەم ئەونە هێڵ و هەرا بوو دەتوت هینی ئەوتورکانەی میاندواوە – دەستێکی هێنا بەدەم و لووتیا و لێفەکەی لە سەر پای لادا. چوار میلکانە دانیشت. جگەرەیێکی داگیرساند و دوکەڵەکەی بێن دا بۆ ناوسینگی و لە لووتیەوە دەری کرد. سەیرێکی خاتوامینی کرد. ئەو چووە دەرەوە ئەم باسەکەی پەرەپێداوە – برا مەواخیزتان بم ئەو بەیانییە لەخۆشی پانتۆڵ هەر بەپاوۆ ناشتاییم خوارد. باوکم بەڕەحمەت بێ لەگەڵ مردووی ئێوە – هەموویان وتیان شەریکە ڕەحمەت بی – بەکاکەمی وت: «قەیرێکی تر کە دوکان و بازارکریاوۆ شەریف بێرە بۆ بازار با لای حەمەدۆم جووتێ کەوشی بۆ بکرین». هەر سەیری کاکەم کرد و ئەم قەیرە تەواو نەبوو. چوم لەسەر خواجەنشینی بەر دریای کۆڵان وێسیام. هەر چاوێکم لە حەوشەوە بوو، نەخەیر کاکەم نەهات. تاوێکی بازم ئەدا خوارەوە و تا ناوحەوشە ئەچومو بەشکم کاکەم بێت و بڕۆین. وەلێ نەخەیر کاکەم نەدەهات. گورج ئەچومۆ سەر جێگەکەی خۆم ئەوێستام و سەیری خۆم ئەکرد.

هەموو دایان لەقاقای پێکەنین . خاتوامین سینیێک چای بەدەستەوە

هاتە ژوور. ئیسکانی ناوقەد باریکی ئێراقیی لێو زەرد لەسەر قورسییەکە داینا و گەڕاوە درگاکەی بەست. هەر یەکەو چاییێکی نا سەر ژێرپیاڵەییێک و دەست بەدەست پێی دان. میوانەکان لێفەکەیان لەسەر لاقیان لادا و خۆیان لەسەر جێگەکەیان جێبەجێ کرد تا تەزیی لاقیان دەربچێت. کا شەریف مژێکی دا لە جگەرەکەی و لەسەر ژێر سیگارەکە کوژاندیەوە. سوتکەکەی لەدەمنەکە دەرهێنا، فوی کرد بەدەمنەکەدا و لەسەر تەپڵەکەکە داینا. گوڵ جەمین دەستی برد بەکۆخین. ژوورەکە دوکەڵی جگەرە ئاخنیبووی. خامەحسووم بەبیانووی ئەوەی کە هەوای ژوورەکە بگۆڕدرێت درگاکەی کردەوە، بەشکەم فاتم ببینێ. خاتوامین بەدەم دانیشتنەوە درگاکەی پێوەدا و درزێکی بچووکی تێدا هێشتەوە وتی:

– ئاوا باشترە ژوورەکە سارد ئەبێتۆ.

خامەحسووم لەژێرەوە خێسەییێکی لێ کرد و ڕووی لێ وەرچەرخان. گوڵ جەمین دیسان کۆخییەوە و دزەی نگاییێکی دا بەکەریم و سەرنجی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا. کەریم سەیرێکی کاقاسمی کرد و نگای لێ شاردەوە. میوانەکان خەریکی چای خواردن بوون. کاشەریف ژێر پیاڵەکەی گرتبوو بەسەر قامکەکانییەوە چایەکەی کردبووە ناو ژێر پیاڵەکەی و ئیسکانەکەی نابووە ناوی. دەستێکی هێنا بەدەم و لووتیدا وتی:

– هەر چۆنێ بوو کاکەم هات و لەگەڵ باوکما چووین بۆ دووکانی حەمە دۆم. لەوێ جوتێ کەوشی لاستیقی سوریان بۆ کڕیم. جا ئەو دوابڕاوەیش ئەونە ڕەق بوو، هەرکە کردمە پام بەر قولاپە و پشت پام بوو بەبرین. وەلێ لە خۆشییا ئاگام لە هیچ نەبوو. لە دووکانی حەمە دۆم دەرکەوتین، کاکەم و باوکم چوون بۆ دووکان، منیش بیلامانێ هاتمۆ بۆ ماڵۆ، لە خۆشی کەوش و شەرواڵ ماڵۆم لە بیرۆ چوو، تەواوی سەقز گەڕام، گەڕەکی ناو قەڵلا و سەرقەوران، سەرپەچە و چنارستان ئاغە گشتی گەڕام. مناڵی سەرقەوران



زانییان خەڵکی ئەو گەڕەکە نیم هەڵایان بڕیم. ئەویش خەتای خۆم بوو. لەگەڵ دانێکیان بوو بەشەڕم. تا ئەم ئاخرییانەیش مابوو نازانم چی بەسەر هات. ئەو وەختە هەرچی گەڕەکە ناوێکی بوو. ئەیانوت: «سەرپەچەیی درنج درنج ، نازانم چییان دابۆ دنکێ برنج. ناوقەلا ، تەشتێ تەلا، کازمخانی شەو ئەون بەگورگ. بەسەر قەورانی شتێ خوشیان ئەوت. سەر قەورانی نانی نانی، تەقەی تریان گەیشتە کانی». منیش لە دوورۆ ئەوەم پێ وت. ئەودانە بوون بەدەپازدەییێکۆ هەڵایان بڕیم. لە حەیوەتا خۆم کرد بەباخی حاجی ئەوڕەحمانا. لەوێ خۆم شاردۆ تا ئێوارە تاریکان. نەموێرا دەرکەوم. لە خواریشۆ ئەیخوارد بەسەر چەمی وەڵی خان کە ئەویش سەگی زۆر بوو. تاریکە و لێڵەبوو هاتمۆ بۆ ماڵۆ. باوکم و دایکم و کاکەم سەقز گەڕابوون بەشوێنما. لایان وا بوو کەوتوومەتە چۆم و ئاو و شتێکەوە. لە خۆشیی ئەوەی کەلە دەست مناڵەورتکە نەجاتم بووە و گەیشتوومەتە ماڵۆ و ئەمەش گەڕەکی خۆمانە. خۆم کرد بەماڵا. دایکم چاوی بووبوو بەکلووی خوێن ئەونە گریابوو بۆم. باوکم باوشی بۆ کردمۆ و هات بە پیریمۆ. منیش گورج خۆم خستە باوەشی وام زانی ڕاس ئەکا. حورمەتی خۆم هیچ هی کەوش و شەرواڵەکەم ڕائەگرێ. چون ئەو ڕۆژە حورمەتم زۆر بۆ خۆم دادەنا. ئاغەی بەماڵم هەر ئەونەی کە دەستی پێم گەیشت. جاکوتامی. جا لێی دام. لەو نەجاتم بوو کاکەیشم چینێکی کوتام. لەوان نەجاتم بوو چۆم بۆ لای دایکم ئەمە ئیشەڵڵا پەنام بۆ برد، لەترسی ئاور کەوتم بەمارا. دایکیشم گرتمی تێروپڕی کوتام کە بەهۆڕێکانە دەچووم. سەرەڕای ئەوگشتە چەرمەسەرییە وەخت بوو کەوش و پاتۆڵەکەیشم لێ بسێننەوە. بەسەر ئەو گشتە شەق و کوتەکەیا کە خواردبووم بۆ خۆم نەئەگریام. قوڕم ئەپێوا بۆ کەوش و شەرواڵەکەم لێمی نەسێننۆ. ئەو شەوە نەکەوشەکەم داکەند، نە شەرواڵەکەم. هەرکە قەرەیشم ئەکەوتن ئەونە ئەگریام و ئەمقیژاند تا وازیان لێ ئەهێنام. ئەوشەوە تەکبیریان کرد. وتیان با بەرەڵڵا نەوێ، بی نێرینە

قوتاوخان باشتێ فێر بێ بۆ خۆی باشە. ناردمیانە لای مەلا مەولو لە مزگەوتی مەلا زاهید. جا وەختێ کە دەرسی پێ ئەوتین خۆی نوچێکی ئەدا. بەدەم وەنەوزۆ باییێکی لێ ئەبووەوە، گورج دەستی ئەکرد بەکوخین و یەک دوو قولّقێنەی ئەدا، کە بەلّێ ئەوە کۆخەبووە ترِ نەبوووە. خولاسە سەرتان نەئێشێنم، هەرچی مەلا وتی من فێر نەبووم. لەوێ دەریان کردم. باوکم خستمیە بەرکار، ئەوە تا ئیستە کار ئەکەم. جا برا هۆی ئەوەی هاتنی رەزاشام زۆر چاک لە بیرماوە. ئەمە بەسەر هاتی من بوو لە رِۆژە موبارەکەدا. جا ئێستە هاتنی رەزاشا بۆ سەقز.

رِوی کردە میوانەکان:

– سەرم ئێشانن... ئەرێ؟؟

بەم پرسیارە ویستی بزانێت باسەکەیان بەلاوە شیرین بوووە یان نە. کە هەر کەس لەلای خۆیەوە خواستیاری بیستنی پاشماوەی باسەکە بوو، بەتامەزرۆیی. بۆ ئەوەی دانیشتوان وچانێک بدەن و پتر تامەزرۆیان بکات. هەموو بێدەنگ سەیری شەریفیان دەکرد. شەریف دەستی برد لە تاقەکەی پشت سەریدا قوتویەکی بچووکی دەر هێنا دەرەوە، درگاکەی کردەوە و لەسەر قورسییەکەی دانا. مجرییەکە پرِ بوو لە جگەرەی پێچراوەی یەک دەست. پیاوەکان دەستیان برد یەکی تەلّێکیان هەلّگرت. کردیان بەدەمنەکانیاندا، شەریف خۆیشی دانەییێکی داگیرساند. هەموویان لەدەمیاندا تامە تامەیان بەدووکەلّەکەی دەکرد و پێیان خۆش و نەرم بوو. عەزیزە گێرِ وتی:

– وەلّلا برا تووتنەکەی خۆشە، پیاو پێی تەنگە نەفەس نابێ.

قاسمی کووپە دووکەلّەکەی لە لووتی دەکرد وتی:

– ئەونە جوان پێچراوەتۆ، پیاو هەر حەز ئەکا بیکێشێ.



میرزا مەحموو نەیتوانی بیکێشێ وتی:

– من حەزم لە تووتنی توندە، ئەمە زۆر نەرمە سینەم پێی خەفە ئەبێ.

میرزا مەحموو جگەرکەی لەبەردەم کا عەزیز دانا و تووتن و پەرِەکەی خۆی دەرهێنا و جگەرەییێکی پێچاوە. کاقاسم دیسان ئاورِی داوە لە کەریم. بەدانیشتنی کەریم بەتەواوەتی عاجز بووبوو. کا شەریف پەرەی داوە بەقسەکەی وتی:

– جا قوربان ئەم بچووکەی خۆتان بۆتان بێژێ، شا لە سالّی ١٣٠٧، حوکمی بەتەواوی ئیدارەکان کرد کە ئەشێ جلی فەرەنگی لەبەر بکەن. سالّی ١٣٠٨ بوو، هات بۆ سەقز پیاوماقولاّن و گەورەپیاوانی سەقزی چوون بەپیریەوە، گشتیان ئالەم بەردەشتی کەیلەگەنما، لای قەلاّ کۆشکەلّە – بەدەست ئیشارەی کرد و چەناگەشی بەردە پێشەوە. عەزیزە گێرِ پێکەنی و وتی: ئەو چییە هەتیو، چەناگەتی لەسەر دائەنێی. ئێژی هالە بەرسکتا. کەس سەقزی نییە تۆ نەوی. قسەکەو بکە. شەریف بەپێکەنینەوە پەرەی داوە بەقسەکەی – کە قەول وایە بیکەن بەتەیارەخانە. پیاوەکان هەموویان بەرِیز وێستان لەوانە رِەیسی نەزمییە، رِەیس دوخان، هینی قەن و شەکەر، مالّیە، دوای ئەوە موفتی سەدرولعولەمای سەقزی کە نومایەندەی مەجلیس بوو. شێخ رِەوفی زیایی کورِی حاجی شێخ موستەفا.

دایە تەمین پەرِییە ناو قسەکەی:

– هیمەت و بەرەکەتی حازر بێ.

شەریف پەرەی داوە بەناوەکان:

– ئەم شێخ رِەوفە یەکەم کەس بوو کە جلی پەهلەویی کردەبەر خۆی. ئیمام جومعە جەنابی شێخولئیسلام. موستەفای کاتەموور کە ئێستە پێی ئێژن تەمورزادە و چەن کەسێکی تریش بوون کە لە بیرم نییە – دەستێکی

هێنا بەدەم و لووتیا و تۆزێک چەناگەی خوراند - ئەها بیرم کەوتەوە ئاغەکانی سەرشیو، خوڕخوڕە و تیلەکۆ و فەیزوڵڵابەگی و چەن ئاغێکی تر هاتبوون. کە ئەوشەوە باوکم و ئەوان ناوی گشتیان بردن، وەلێ من هەر ئەم چەن کەسەم لەبیر ماوە. هەر ئەوشەوە شێر و خورشید لە سەقز دامەزرا. ئەڵبەت هەموویان چبوونە ماڵ حاجی مەجیدی تاتایی.

کەریم پەڕییە ناو قسەکەی وتی:

- ڕەزاشایش لەوێ خەوت؟

کا شەریف بێ ئەوەی ڕوی تێ بکات بە ناقاییلی وتی:

- نازانم - دەستی برد بۆ ژێر مێزەرەکەی سەری خوراند - جا قوربان ئەمەش سەرگوزەشتی من و ڕەزا شا ئا لەو ڕۆژە موبارکەدا. شتێکی تر کە لە بیرم چوو هەر ئەو ڕۆژەکە ڕەزا شا لە سەقز بوو. کابراییێک ژنێکی کوشتبوو. کابراکە ناوی کا حەبیب بوو. ئێستە ژنەکەی بۆچی کوشتبوو کەس نازانێ. ڕەزاشا هاوردی ئالەم قەڵای موسایییانا ئیعدامی کرد. حوکمی کرد تا سێ ڕۆژ ئەشێ لاشەکەی بەدارۆ بێ - دەستی بردە بەر پشتوێنەکەی دەستماڵێکی دەرهێنا ، گرتی بەبەر لووتیەوە و تێی دالووشی. قورگی پاک کردەوە و کردیە تۆبی دەستماڵەکە. بەرسمێڵی پێ سڕی و نایەوە بەر پشتوێنەکەی - با زۆریش کێشی نەهێرین. وردە وردە ئێمە گەورەبووین و وەک ڕێوی سەرمان کرد بەهەزار کونا. لە شاگرد قاوەچییەتی و کەبابی و کەلوپاوە بیگرە هەتا مسگەری. ئاخری لەدەس مسگەری و قون هەڵسوڕاندن نەجاتم بوو چوم فێری سەنعەت بووم. بووم بەشاگرد قەنات لای حاجی وێسو لە کاروانسەرای تاژەوانچی. ئەو وەختە قەزیبەی کڵاو پەهلەوی دەستی پێ کرد ئێمە نیمچە جاهێڵ بووین.

دیسان قسەکەیان پێ بڕیەوە:



- ئێوە کێ بوون.

شەریف ڕووی کردە قاسمی کووپە. کاقاسم کەتێکی زلە بوو. نێوشانی باریک. سک و ناوقەدی ئەستوور. باڵای بەرز، سەری زل، مێزەرێکی بچووکی دەبەست بەسەرەوە، چاوی بچووک و بڕۆی تەنک، لووتی زل و یەک دوو قۆرتی تێدا بوو، سمێڵی هیتلێری، دەمی زل و دیانەکانی پێشەوەی کە هەر ئەوانەشی لەدەمدا بوو درێژ و هاتبوون بۆ پێشەوە. گۆشتی چەناگەی و کرکراگەی بەهۆی ئەوەی کە ملی کوڵ بوو هاتبوو بەسەر یقەی کەواکەیدا و دای پۆشیبوو. قاسم ئیمشەو بەبۆنەی کەریمەوە کە بەرانبەر گوڵ جەمین دانیشتبوو ئازاری دەکێشا و دڵ پیسیی دەکرد. لەگەڵ ئەوەی کە ڕووی لە شەریفەوە بوو، بەڵام هەر دزەی نیگای ئەدا بەکەریم نەوا سەیری ژنەکەی بکات. کەریمیش بەوەی زانیبوو، خۆی لێ دەپاراست. لە ڕاستیدا کەریم ئاگای لە گوڵ جەمین نەبوو. هۆی ئەوەی کە سەرنجی بەرەولای گوڵ جەمین چبوو، تماشاکانی کاقاسم بوو کە بەردەوام چاوی لە هەردووکیانەوە بوو تا سەیری یەک نەکەن. بەڵام ئێستە کەریم بەبێ ئەوەی بییەوێت سەرنجی دەکشا بەرەولای گوڵ جەمین. چەن جار بەچاکی سەرنجی دابوو، ئافرەتێکی منداڵکار بەڵام ڕەنگ ژن، لەو ژنانە بوو کە خاوەنی جوانییێکی تایبەتە. جوانییێکی ژنانە لە ڕەفتار و قسەکردن و نگایدا هەیە کە خۆکرد نییە و لە هەموو ژنەکانی تری جیای دەکردەوە. هەر بۆیە کە دەرفەتێکی بۆ دەڕەخسا ، گورج گۆشەی چاوێکی پێ ئەدا شەریف وتی:

- برات بۆت بڵێ، ئێمە ئەم سۆی فەتاحە حازرییە. عەلی ڕەحمەتی بوو کە پاتیلی چوار قوڵفی پێدا ڕژا و کوشتی. کامینە، مەحموو هەلاجی ڕەحمەتی و دانێکی تر کە لەگەڵ مەلا موستەفای بارزانی ڕۆیی بۆ ئاراس.

خامەحسووم لەبەر خۆیەوە دەگریا یەک تۆز دەنگی گریانەکەی بەرزتر

کردەوە و سەرنجی هەموویانی بەرەولای خۆی ڕاکێشا. سەری هەڵهێنا و ڕووی کردە پیاوەکان وتی:

– یا خوا منی بمرم. پیاوی ناو پیاوان بوو، دا بزانە چەن جێگەی لەناو پیاوەکاندا خاڵییە.

هەموو دلیان دایەوە دایەوە و بەژنێکی لەخۆ بوورد و ناویان برد کە چەن ساڵە بەبێوەژن کۆشی دانیشتە بەلای تەنیا کوڕەکەیەوە. کەریم کە چاوی بەگریانەکەی دایکی کەوت کە باوکی دەلاوێنێتەوە هەستی بەهەتیوی کردەوە. هەستی کرد کە ئەبێ ملی بنێت بەلارەوە و بەداماوی دابنیشێ. ئەم گریانەی خامەحسووم هیچ پێوەندیی بەیادکردنی شوەکەیەوە نەبوو. خەڵکی گەڕەک هەموو لە بیریان بوو کە لەگەڵ شوەکەی چۆن ئەجوولایەوە. لەناو گەڕەکدا بووبوو بەقاو، کە ئەیانوت، ئاخری ئەم هەتیوە بەدبەختەی بەدیقەوە کوشت. خامەحسووم بەوڕەفتارەی کە سەر لەشەوی کاشەریف لەگەڵ خۆی و کوڕەکەی کردبووی، هەستی بەدا بەزین وتێک شکاندنێک ئەکرد و بووبوو بەکۆسپێک لە دەروونیدا. ئێستەش کە ئەم دەرفەتە دەستی دابوو دەیویست بەم گریانە ئەو ڕێز و حورمەتی کە لەدەستی دابوو بەتایبەت هێنی کوڕەکەی زیندووی بکاتەوە تا نیشانی بدات، چ هاوسەرێکی بەئەمەگ و چ دایکێکی جگەرسۆزە، کە ئەمانە بکاتە کێشانەیەک بۆ مەزەنەکردنی کوڕەکەی. میرزا مەحموو وەک پیاوێکی دنیادیدەی دیندار بەدەنگێکی تۆزێک بەرز و عاقلانە دەستی کرد بەقسە کردن:

– گریانی ناوێ... گریانی ناوێ خامەحسووم، بۆچی ئەگری. ئەی ئەگەر وەک خاتوو خێلای خێزانم زەلیل بووبووایە و کاسەت دایەتە ژێری چیت ئەکرد؟

هەموو قسەکەیان سەلماند و خامەحسووم بەدەم گریانەوە وتی:

– خوا بەڕەحم و کەرەمی خۆی ڕزگاری بکات.



میرزا مەحموو چوار میلکانە دانیشت، پەنجەی لێک قوڵف کرد. سەری داخست و لەژێرەوە سەیری خامەحسوومی دەکرد، وتی:

– خوا کەریمی کوڕت سلامەت کا، شکور بۆ خوا وەجاخی ڕۆشنە و کوڕێ شیرین و کارکەری لە شوێن بەجێ ماوە. ماڵ و دوکانەکەی برا و برازا تەپ نادەنەسەری. ئەویش پەنا بەخوا سەر و سامان ئەگرێ و ئەڕوات بەلای کاریەوە و تۆیش ئەشێ لە فکری خۆتابی.

خامەحسووم خۆی قیت کردەوە و چاوەکانی سڕی، لوتی پاک کردەوە و ساوی بەلای دایەنەکەیدا وتی:

– بەخوا تەواوی دڵ خۆشییەکەی منیش هەر ئەم تەنیا چۆلەکەیە. خوا بکا جەرگم پێی نەسووتێ و داو دامەزراو بێ. نەچێتە جێگەیێک بێژن کوڕی خۆیەتی تاریفی ئەکا. لە خوا بەزیاو بێ هەرچی کەسە تاریفی ئەکا. خوا نەیسێنێ لەگەڵ منالی مسولمانان. بەخوا ئەونە کاسبە. دەس و چاوپاک، بێ عەمەڵ، دنیای پێ بسپێرە. – لە جوابی ڕێنماییەکانی میرزا مەحموودا دۆعای بەخێری بۆ کرد – خوا ئەجری چاکە و باتەوە لەم دنیا و لەو دنیا وا ئەونە پیاوی خاسی.

هەموو ماڵ ئاواییی میرزا مەحموویان کرد و دۆعای بەخێریشیان بۆ خاتوو خێلان کرد. عەزیزە گێڕ زۆر بەهێواشی وتی:

– ئەرێ بەخوا، بە ڕەحمەت بێ مەحموو پیاوی خاس بوو. خوا ڕەحم بەخاتوو خێلان بکا. ئەمیش موبارەک کات بەقەدەم خێری.

میرزا مەحموو بێدەنگی لێ هاورد. خامەحسووم خێسەیێکی کرد لە عەزیزە گێڕ و لەبەر خۆیەوە وتی:

– ئەیەڕۆ ئاللەل لەم کەرە پیاو... خۆ ئاگای لە دەمی خۆی نییە... بێژە ئەوە بۆ نامری ڕفێقی تۆ حەوت کفنی زەرد کردە... ئەوە مەحموو حەوت

ساڵە مردە و تۆ ڕفێقی باوکی ئەوی گو بەقەوری باوکت کەرە پیاو. ئەوە ئێژی چی... خۆ ئاگای لە دەمی خۆی نییە.

سایەی بێدەنگی کشا بەسەر هەموویاندا، پیاوەکان بزە نیشتە سەر لێویان و ژنەکانیش کەوتنە قوتەقوت. سۆی فەتاح و کاشەریف سەیری یەکیان دەکرد. سەرنجەکان هەموو گەڕاوە سەر عەزیزەگێڕ. قاسمی کووپە گورج سەری قسەی دامەزراند وتی:

– دەی برا ناوبردەی کە بابزانین کێ بوو چوو بۆ ئاراس.

میرزا مەحموویش تەزبێحەکەی دەست بەدەست کرد و قورگی پاک کردەوە، دەستێکی هێنا بەدەم و سمێڵدا و جگەرەیێکی کرد بەدەمنەکەیدا و ناوی بەلای دەمیەوە وتی:

– ئەرێ برا با بزانین کێ بوو.

شەریف مەنگ بووبوو. هەرچی دەکرد باسەکەی بۆ کۆوە نەدەبوو. سەری باسەکەی لەدەست دەرچووبوو. سەیرێکی دانیشتوانی کرد. ئەمجار برێک سەیری کاقاسم و سۆی فەتاحی کرد و پێیان پێکەنی. بێ ئەوەی بشیەوێت کەوتبووە سەر خامەحسووم و بەڕویدا پێدەکەنی. خامەحسووم سەری هەڵبڕی وتی:

– ئەوە بەچی پێدەکەنی شەریفە شەنگە.

خاتوامین خیسەیەکی کرد خامەحسووم. کا شەریف کەوتە بەر گەمارۆمی پرسیارەکەی، نەیتوانی خۆی لێ دەرباز بکات و ڕووی لێ هەڵبڕێ وتی:

– وەڵڵاهی هەرچی سەیری قاسم و فەتاح ئەکەم بەم قەدو باڵا و مێزەرۆ پێکەنینم دێت.

سۆی فەتاح سەرێکی ڕاوەشاند و وتی:



– حەی... حەی... بەخوا جوانە تەواومان کرد.

شەریف بە پێکەنینەوە وتی:

– ڕاستییەکەی فەتاح بەم مێزەر و باڵاوۆ کە لەپاڵ قاسم دانیشتە لە بووخچەی ژنی تۆراو ئەچێ لە پاڵ یەغانەکەی داینا بێ.

سۆی فەتاح سەرێکی ڕاوەشاند و بەپێکەنینەوە وتی:

– های تڕحێو... شیرحێو... لەم بێ مزەڕەتییە. ئێستە نەمانزانی کاقاسم ژنەکەیە یان یەغانەکە؟

هەموو بەپێکەنینەوە سەیری کاقاسم و سۆی فەتاحیان کرد کە بەس مێزەرەکەی دیار بوو. خامەحسووم تۆزێک بەرز پێکەنی. گوڵ جەمین بەبۆنەی ئاوڕدانەوە بەلای خامەحسوومدا سەیرێکی کەریمی کرد. کاقاسم چاوی لە کەریم هەڵنەدەبڕی. خێسەی لێ دەکرد و لەبەر خۆیەوە جنێوی پێ ئەدا:

– دایکەکەت وا لێ کەم، ئەگەر دوای باوکە گۆڕبەگۆڕەکەت نەمهێشتایە خانمی دایکت کوێرەوەری بکێشێ و چاو لەبەرم بکردایەتی ئێستە ملەقوتێت نەدەکرد و زیتەی چاوت نەدەهات.

کەریم لەژێر زەختی نگای کاقاسمدا چاوی هەڵنەدەبڕی و بەفروزهاتبوو. سەری بردە پەناگوێی سدیقەوە بەگوێیدا چرپاندی:

– من هەرەکمە بڕۆم، کارم هەیە.

سدیق لەژێر لچەوە وتی:

– بۆ کوێ ؟!... تازە خەریکە مەجلیسەکە خۆش ئەوێت.

– حەزناکەم دانیشم.

– بۆ؟!

– بڕۆم باشتره، دواخری پێت ئێژم.

– دەی باشه چۆن خواحافیزی ئەکەی؟!

– خواحافیزیی ناوێت.

– هەرگا وایە سەورکە با ماڵ حاجی فەیزە بێن جا بڕۆ. ئەو وەختە کەس شک ناکا. کا شەریف باسەکەی دامەزراندەوە وتی:

– ئەوە چەن ساڵێکە لای حاجی وێسوی قەنات شاگردم. تازە چاو و گوێم کرابووۆ و نیمچە جاهێڵ بووم. دەوروبەری خۆم ئەدی. بەقەولی وتوان کەوتبوومە گوێ قوتە و کلکەسوتێ.- چاوی گێڕا بەلای کوڕەکانیدا – بەباڵا هەر بەقەی سالە بووم. – سالە سەیرێکی پڕ لە شانازیی دانیشتوانی کرد و بەپێکەنینەوە ڕووی کردە کاکەی و بەسەر کەوتوویی کە باوکم بەقەی من بوووە – لەناوگوزەر مقۆمقۆیێک پەیدا بوو کە ژنێک لە کاروانسەرای چوار قاپییۆ دێتە گوزەری خەیاتەکان، لەوێوۆ دێتە گوزەری ئێمە و لە کاروانسەرای تاژەوانچی دائەگەڕێ بۆ بەرحەمامی حایساڵە. هەرچیش ئەهات پیاوەکانی گوزەر گشتیان ئەهاتنە بەر درگای دوکانەکانیان تا ئەو ژنە تەشریفی بەخێری ئەڕۆیشت. ژن چی، دومیتر باڵا، درشت و قەڵەو. دوکاندارێکیش کە ئاگای لێ نەبووایە دوکاندارەکان گورج ئاگاداریان ئەکردەوە. سەعە مسگەر و مینە جۆڵا ناوی پەڵەهەوریان لێ نابوو. ئیتر هەر لەگوزەرا ناوی هەور ببریایە گشتیان دەرئەکەوتن لە گشتیان پەرۆشتر و تامەزرۆتر بۆ دیتنی ئەو خانمە حاجی وێسوی ئێمە بوو. مینە جۆڵا و مەحمووی تەقەڵ بەحاجی وێسویان زانی. هەر تاونەتاوێک بەدەنگی بەرز قاویان ئەکرد کوڕە هەور و هەڵایە. حاجیش شیرینکاری بەدەستۆ بووبووایە دایئەناو هەڵئەهاتە بەر دریا. کە ئەیدی هیچ خەبەرێک نییە دوو جنێوی مزری ئەدا. وێڕای جنێوەکان دووکاندارەکان ئەیاندا لە قاقای پێکەنین. – سەیرێکی میوانەکانی کرد – جا عەرزی ئاغای خۆم بکەم، قەدیم و



عەیامان چارشێو وەک هینی ئێستە نەبوو. بی ئاڵێنە خۆیان و لە کراسەکەیان تەنکتر بێ و ئاوەڵکراسەکەیان بەدەرۆ بێ. چارشێوی ئەودەم پێیان دەوت عەبا. کە هەردوو قۆڵیان لێی ئەهاتە دەرەوە، لەبەر سکیانا لەژێر عەباکەوە بەدوو پەلکە گرێ ئەدریا. هەروەها دووپەلکەشی بوو لە پشت سەریانۆ گرێیان ئەدا و لەبەر تەوێڵیان توند ئەکرد. ڕووبەندێکیشیان بەبەر ڕوویاندا بەر ئەداوە. کە ئەو بەحەزی خۆی سەیری خەڵکی ئەکردە وەلێ کەس ئەوی نەئەدی. – ئەوەی کە باسی دەکرد بەدەست هەمووی ئەدا – ئەودەم ئەم ژنە هەرچی بهاتایە بۆ بازاڕ ئەگەر سەعەمسگەر تەقەی نەهاتایە دەنگی لەم سەر تا ئەوسەری گوزەر دەبیسترا. هەرچی بەهاتایە و ئەو کاری بکردایە کۆڵێ باوکیان دەر ئەهاورد. ژنە قوربان خۆی ڕائەدا و مێشێک میوانی نەبوو. حاجی وێسو بەتەقەی پێڵاوەکانی ئەوت دەرکەوە هاتم. ئەمە...

عەزیزە گێڕ پەڕییە ناو قسەکەی وتی:

– دەی باشە هەتیو کەم تامە و لامەی بەرۆ، ئاو زا دەمان، لەسەر چی ئەڕۆی.

شەریف بەگاڵتەوە سەیری کرد وتی:

– تۆ هەتیوە دوابڕاوە سەیرێکی خۆت بکە، بزانە بۆ ئەوە ئەبێ ئاو بزێتە دەمت.

عەزیزە گێڕ پیاوێکی درێژی باریکەبوو. لاقێکی گۆج و کوڵ. لەگەڵ هەر هەنگاوێک کە هەڵی دەگرت، دەبوو سمتی بسووڕێنێ و قاچەشەلەکەی بەدەست هەڵبگرێ و فڕێی بدات بۆ پێشەوە. ڕەنگ و ڕووی هاوڵاوی و چاوێکی تانەی لەسەر بوو. هەموو جارێک بەخۆی دەوت: «خوا تۆپەڵێ قوڕی فڕدا، وتی ئەمەیش عەزیز». عەزیز سەیرێکی شەریفی کرد. گەرچی لە دڵەوە قسەکەی پێ ناخۆش بوو، بەڵام نەیگرتە خۆی وتی:

– جا ئەوە قسەیە هەتیو، من خۆم گێرم خۆ دڵم گێڕ نییە.

شەریف بەجۆرێک لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە بیسەلمێنێ مەبەستی خراپی نەبووە بەس لە زاری دەرچوو، بەڵام نەیتوانی. ناعیلاج ڕووی کردە ژنەکەی وتی:

– ئەرێ ئافرەت ماڵ حاجی فەیزە بۆچی نەهاتن؟!

خاتوامین بەحورمەتەوە سەیری کرد، وتی:

– هێشتە ئەوەڵی شەوە، پەیا ئەبن ئێستە.

هەموو لە پەژارەی کاعەزیزدا بوون. لە دڵیشەوە بۆرە قینێکیان لە کاشەریف هەڵگرتبوو. نگاکان بەگشتی لەسەر کاعەزیز و خاتەمینی ژنی دەگەڕا و لە پڕ سەیری کاشەریفیان دەکرد. کە خۆی لە چاوەکان دەشاردەوە، کاعەزیز ئەوەی دەزانی کە زەوقی شەونشینی و داستانەکەی گرتوویەتی و لە دڵەوە ئەم قسەی نەکردووە. بەڵام بەبێ ئەوەی بیەوێت بووبوو بەخەفەت لە دڵیدا، بێگومان بەهۆی پەژارەی دەوروبەریەکانیەوەبوو کە کاری لەسەر ئەمیش کردبوو. سۆی فەتاح هەستی بەپەژارەکەی شەریف کردبوو. دەیویست یارمەتیی بدات و لەم گرفتە دەربازی بکات. ویستی سەری قسە دامەزرێنێ کە لە پڕ دەنگی درگا هەموویانی ڕاچڵەکاند و ئەو تارماییی پەژارە و کەسەرەی لەسەر لابردن. سدیق کرژ چوو بەدەم تەقەکەوە. پاش تۆزێک تەپەی پای حاجی فەیزە کە لە پیلکانەکان سەردەکەوت لەگەڵ برێک وشەی تر دەهاتە گوێ، کە بەهۆی شەکەتی و ماندوویی چاک بەرگوێ نەدەکەوتن. دەنگەکان نزیک بوونەوە و درگای ژوورەکە کرایەوە. ڕووناکیی چراتۆرێک لە پێش میوانەکانەوە هاتە ژوورەوە و ژوورەکەی بەتەواوی ڕووناک کردەوە. نەجیبە خانمی ژنی حاجی بەدواییدا هاتەژوورەوە، هەوایێکی ساردیان لەگەڵ خۆیان هێنا ژورەوە کە بەلووتی هەموویان خۆش بوو. کەریم لەشان نەجیبە خانمەوە خۆی دەرباز کرد. خامەحسووم چاوی



لەگەڵ کەریم ڕۆیشتە دەرەوە و درگاکە لەبەر چاویدا بەسترا. حاجی چراکەی لە گۆشەی قورسییەکە دانا و بەدەم ڕێوە چاک و چۆنیی لە هەموان کرد. چووە ژوور کاشەریفەوە دابنیشێ. عەزیزە گێڕ وتی:

– برا حاجی خوا ڕاستە و خۆشی لە ڕاست دێت. ئەم لەبەر هەستانەی ئێمە بۆ تۆ نەبوو، بەحورمەتی چراتۆریەکەت بوو. خۆت بچۆ سەر قورسیەکە و چراکەت بنێرە ژوروی گشتمانەوە.

هەموو بەپێکەنینەوە دانیشتن. حاجی فەیزە مێزەرەکەی بەفری پێوە بوو. لە سەری داگرت و خۆی کرد بەژێر لێفەکەدا. هەموو دیسان بەخێر هاتنی یەکیان کردەوە، کاشەریف بەهاتنی حاجی فەیزە پشوویێکی پێدا هاتەوە و باسەکەی لە مێشکیدا کۆ کردەوە. نەجیبەخانم لە ژور ژنەکانەوە دانیشتبوو لە پاڵ گوڵ جەمینەوە. سدیق هاتەژورەوە، گوڵ جەمین چاوەڕوانی کەریم بوو بێتە ژورەوە بەڵام درگا پێوە دراو سدیق لە جێگەی خۆیدا دانیشت. کا شەریف قوڕگی پاک کردەوە، ویستی بچێتەوە سەر باسەکەی. بەڵام هێشتە چاک و چۆنی ژنان تەواو نەبووبوو. سۆی فەتاح بەتووڕەیی دەنگی دان:

– ئەرێ سڵاو و بەخێر هاتنێ ئەونەی گەرەکە؟

خامەحسووم لێی هەڵقرا وتی:

– خۆ بنیادەم نەیناسێ زاوری ئەچێ.

کاشەریف کرژ سەری قسەکەی دامەزرانە وتی:

– بەڵێ... لێرەدابووین کە پەڵەهەور هەرچی بهاتایە، تەواوی بازاری دەهاتنە سەیری. دوکاندارەکان دۆعادۆعایان بوو کە بەشکەم چارشێوەکەی بکرێتەوە و دەم و چاوی دەر بکەوێ. ئەم چەتیوە وەها خۆی ئەپێچاوە بایش زەفەری پێ نەدەبرد. کە دی خەڵکی گوزەر گشتیان سەیری ئەکەن چوار هێندە لەخۆی بایی بوو. ئەم جار کە زانیی خەڵک پێی ئەڵێن پەڵە

هەور، دوو سێ حەفتە جارێک کە دەهات بۆ بازار ئەمجار بەدوو مانگیش دەرنەدەکەوت. بگرە درەنگتریش. کاکە پەڵەهەور بوو وا دەر ئەکەوت.

شەریف سەیرێکی دانیشتوانی کرد، دی کەریم دیارنییە. سەیرێکی ناو پیاوەکانی کرد و بۆی گەڕا، لەم کاتەدا کاقاسم ئاوڕی داوە بۆ جێگاکەی کەریم، ڕووی کردە سدیق:

– سدیق گیان ئەی کەریم کوا؟

– زۆرم پێ وت دانیشێت، دانەنیشت.

کاقاسم بەم جوابەی کەریم بەئەرخەیانی کەوتە سەرشان و شانی دادا سەر باڵنجەکانی پشتی و ڕووی کردە کاشەریف. خاتوامین دەورێک چای تری هێنا. سدیق چایەکەی گێڕا. گوڵ جەمین لەگەڵ نەجیبە خانم کەوتبوونە چرپە و شانی کردبووە هەوەکەی. خاتونازەنین شانی توند کرد لە مێردەکەی. نەجیبە خانم چاییەکەی گرت بەدەستەوە و بەئەسپایی وتی:

– وەزعتان چۆنە، پیاتانا ئەگات؟

گوڵ جەمین ئاوڕێکی داوە بەلای هەوەکەیدا و سەری نزیک کردەوە لە نەجیبە خانم وتی:

– ئەگەر ئەم کولّە فیتنە واز بێنێ، باشە خراپ نییە.

نەجیبە خانم ڕچەی قسەکەی پەیدا کرد وتی:

– ئاخر خوشکە گیان ئەویش گوناحە. چەن ساڵ بە کوێرەوەری و نەداری ماڵی ناوە بەیەکۆ ئێستە تۆ هاتی بووی بە شەریکە بەشی هیچ. سبەی ڕۆژ منالێکیش بێری، جێگەی پێ لێژ ئەوێت.

گوڵ جەمین هەناسەیەکی هەڵکێشا وتی:

– تۆ خوا خۆشکەگیان منالّی چی. – یەخەی خۆی گرت و ڕووی کردە



ئاسمان و سینگی خۆی کوتا – ئۆە خوا نەکا. تۆ چوزانی من چیم کێشا خۆشکە. چیم بەسەر هاتە. هەتا منداڵ بوو ئاگام لەدنیا نەبوو. هەر کە پێگەیشتم ماڵ گڕی گرت و دایک و باوک بوون بەکۆڵە. چوومە قون برا و براژن. چیم نەکێشا. چەنێ داواکاری باشم بوو. کاکم ئەیوت ناتدەم بەکەسێک لە خۆم زیاتر بێت. ئەشێ بتدەم بەکەسێک بێتە سلّام کارم نەک بچمە سلّام کاری. تا ئاخری ئەم کەنووەیان دۆزیۆ کە هەر قەومی ژنەکەی بۆ منیان پێ دا.

نەجیبە خانم بەشوێن شتێکدا ئەگەڕا کە خۆیشی نەیدەزانی چییە. بەڵام زۆر پێی خۆشبوو سەر لە ناوەخنی ژیانی ئەم ژنەدەر بهێنێ و توێکڵەکەی دەربخات. سەیرێکی ڕوخساری گوڵ جەمینی کرد و زیاتر لەوە خۆی بەباسەکەوە ماندوو نەکرد وتی:

– خۆ ڕەنگت لەوە ئەچێ سکت بێ. بۆچی وا ئێژی کچێ، خوا لێت نەبیستێ، ژن هەر بەمندالّەوە دلّی دائەسەکنێ.

گوڵ جەمین بزێک نیشتە سەر لێوی و دەستی هێنا بەسکیدا و بەشەرمەوە سەیری نەجیبە خانمی کرد. وتی:

– نەوەڵلّا سکم نییە. قەدیمی ئێژن تیربات لە پاڵ ژن، نەک پیر بێتە پاڵ ژن.

خامەحسووم گوێی هەڵخستبوو تا بەشکم شتێک لە قسەی ئەم دوانە تێ بگات. بەڵام بەهۆی دوورە دەستی لە سرتەکانیان هیچ حالّی نەدەبوو. بەڵام گرتبوونیە ژێر چاودێریی خۆی و چاوی لێ هەڵنەدەبڕین. خاتوامین کەشەفەکەی دابەدەست سالەوە تا پیالّەکان کۆ بکاتەوە. سالە ئیسکانەکانی بەردەمی خڕ کردەوە. ئەوەشی کە لە دوورترەوە بوو هەستا سەر چۆک و خۆی بەسەر قورسییەکەدا درێژ کردەوە تا دەستی پێیان بگات. دایکی لەلاوە سخورتمەیێکی تێوەژەند کە عەیبە وا کۆی مەکەرۆ.

بەڵام ساله گوێی نەدایه و خۆی کێشا بۆ بەری ژووروی قورسییەکە. دەستی نەیگەییشێ. تۆزێکی تر خۆی کێشابۆ بەری ژووروی قورسییەکە. دەستی نەیگەییشتێ. تۆزێکی تر خۆی کێشاوە. میرزا مەحموو ئیسکانەکەی خۆی بۆ بردە پێشەوە. ساله هەرکە دەستی دایە ئیسکانەکە دەنگێکی نامۆ، سەرنجی هەموویانی بەرەولای ساله ڕاکێشا. بێدەنگ بە پێکەنینەوە لێیان دەڕوانی. ساله بەچۆکدا لەسەر جێگەکەی خۆی دانیشت، دەمی داچەقاندبوو، سەری نابوو بەلارەوە. بەماتی سەیرێکی هەموویانی کرد. زیاتر له هەموویان سەیری گوڵ جەمینی دەکرد کە دەستی کردبوو بەدەمیدا و سەری نخون کردبۆوە بەناو سینگیدا و مرقی لێ دەدا. چاو لە گوڵ جەمین هەڵدەگرێ و پاڵ ئەدات بەدیوارەکەوە، چوار میلکانە دادەنیشێت. ڕەنگی تێک دەچێت. ئارەق دەنیشێتە سەر تەوێڵی و نەرمەبزێک دەزێتە سەر لێوی. سەیری پیاوەکان دەکات لە ژێرەوە. بەچاو پێکەوتنیان هەست بەشەرمەزاری دەکات و لچی هەڵدەقورتاند. کە دەگات بەژنەکان لچی کە کۆی کردببووەوە بۆ گریان ئەپشکوێ و بزە دەنیشێتە سەر لێوی بەڵام ئاوێتە بەشەرمێکی شاراوە. ژنەکان لێویان بەزۆر پێکەوە نوسانووە و دیانەکرۆژەیان پێ کەوتووە. ساله لەلاوە ئاوڕ لە دایکی ئەداتەوە، بەسەیرکردنی دایکی لێوی لەبەین بزە و کۆکردنەوە بۆ گریان دەمێنێتەوە. کاعەزیز سەیرێکی ساله ئەکات و ئەڵێت:

– سەرەو خێربێت ئیشاڵڵا، خێری پێوە بێ.

کاشەریف ئەڵێت:

– هیچ نییە سەرمای بووە.

کاقاسم ئەڵێت:

– جا بۆچی ئەگەر کەسێ سەرمای بووبێ حیساب نییە.



میرزا مەحموو ڕوو ئەکاتە کاحەمەسەن، ئەڵێت:

– شتێکم لە دڵا بوو بەیانی بیکەم، بەزنەبوو سەبرهات.

کاقاسم شانێکی ژەند لە خانازەنینەوە کە کەم پێ بکەنێ. کاعەزیز جگەرەیێکی داگیرساند. سۆی فەتاح وتی:

– سەبرکە باوکم سەبر. ئەم سەبرە بێ حێکمەت نییە.

یەک دو وقسەی تر دەکرێ. ژنەکان خۆیان پێ ڕاگیرناکرێ و ئەدەن لەقاقای پێکەنین و گیانێکی تازە دەبەخشن بەهەوای تاساوی ژوورەکە. پیاوەکان خۆیان ڕاگرتووە و پێ ناکەنن. ژنەکان سەریان کردبوو بەیەکدا. لەژێرەوە دەست یان گۆشەی ڕووسەریەکەیان دەخنی بەدەمیاندا تا دەنگیان بەرزنەبێتەوە. پەیتا پەیتا چاویان دەسڕی. ساله سەری هەروا بەلارەوە بوو. دەم داچەقاو، زمانی تابەر لێوی هاتبوو. تاوێک دەیساوی بەلێوی سەرەوەیدا و لە گۆشەیێک لە زاری دادەنا. سدیق کە تازە خۆی بەپیاو دەزانی لاساییی پیاوەکانی کردەوە و پێ نەدەکەنیا. ژنەکان هێدی بوونەوە. بەڵام سەریان هەڵنەدەبڕی. سدیق شانێکی ناله سالەوە کە بچێتە دەرەوە. ساله بەهێواشی خۆی باریک کردەوە و درگاکەی لەپشت سەری خۆی بەست. پاش تۆزێک دەنگی قاقای فاتم لەژووری بەردەست بەرزبووەوە. وێڕای ئەو ژنەکان دەنگیان هەڵبڕی و دایان لە قاقای پێکەنین. درگا کرایەوە و فاتم هاتە ژورەوە و لە جێگەکەی سالەدا دانیشت. کا عەزیز بە پێکەنینەوە ڕووی کردە میرزا مەحموو وتی:

– وتیان سەبرکە... سەبر. ئەم سەبرە بێ حیکمەت نییە. ئەوە جێگە خاڵیانەشی بەجێگە هات.

کە حەمەسەن بەلفکەی مێزەرەکەی زاری سڕی و خۆی قیت کردەوە وتی:

– ئەلێ وەڵڵا جێگەی خاڵی بوو، خاڵی نەوێ.

کاشەریف نەرمە بزێک نیشتە سەر لێوی و بەدەنگی بەرز چووەوە سەر باسەکەی:

- جا ئا لێرەدا بووین - چاوێکی بەناو میوانەکاندا گێڕا و سەرنجی هەموویانی بەرەولای خۆی ڕاکێشا - خانازداری کیسەکێش ئەچێت بۆ دووکانی تەقەڵ. سەعە مسگەر و دراوسێکان هەرکام بەبیانوویێک ئەچن بۆلای جا ئەم تۆزەی کەباسی ئەکەم مەحمووی ڕەحمەتی بۆ گێڕاومەتۆ کەلای تەقەڵ کاری ئەکرد. خانازار بەکامەحموو ئەڵێت: ئەرێ ئەم سەگ و تولآنە بۆچی ئاوا دەوریان داوم. ئەوانیش بەبێ سێ و دوو ناونیشانی پەڵەهەوری بۆ هەڵئەدەن. ئەیشێژن هەرەکمانە بزانین جوانە یان ناشیرینە، هەر ئەونە خانازار ئێژێت ئێوە ماڵەکەی پەیدا بکەن باقیەکەی بۆ من. خواوڕاسان بۆ سبحیا هات بۆ بازار.

حاجی وێسو منی کردە مەئمووری ژنە و کەوتمە شوێنی. چوو بۆ گوزەری حایساڵە لە تەنگەبەرییەکەی دووکانی گەیەخۆرۆ لای دا و چوو بۆ لای چەمۆ، دیسان لەو دیوۆ هەڵگەڕا چوو بۆ لای ماڵ مەنسووری موساییۆ. ئێستە ئەمینە لە کویدایە خویَ کرد بەمالآ. ئەو ماڵە دوو درگای هەیە، یەکیان دێتەوە سەر خیابان، ئەو وەختە ئەهاتۆ بەر کاروانسەرای چوار قاپی کە ئێستە ڕووخاندویانە و کردوویانە بەم فەلەکە. - دەستی لە ئەژنۆی هەڵپێکا و پاڵی داوە - سەرتان نەئێشێنم ئەو چووە ماڵۆ و من بەبەر چای خانەکەی ڕەسوڵی حەیەکە هەڵگەڕام و هاتمۆ بۆ دوکان. ناونیشانەکەم دا بەحاجی وێسو. حاجی وێسو بەوەش قاییل نەبوو، ئێوارە کە دوکانمان بەست، لەگەڵ خۆی بردمی تا ماڵەکەی پیشان بدەم. خانازار پاش چەن ڕۆژێک هات بۆ بازاڕ، حاجی وێسو بانگی کردە دوکان، دراوسێکان هەموویان لەدەوری کۆ بوونۆ. خانازار وتی: ئەو خانم ناوی زلێخایە و کچی ماڵ فلآن کەسە. هێشتە کچیشە، وەلێ چەن بەبالآ



کەڵەگەت و ڕێکوپێکە، ئەونەش بەڕەنگ ناشیرینە، ئیتر هیچ ناڵێم، ئەڵبەو ئەوەیش بێژم چون کچ بوو خانازار ناوی برد، ئەم ژنە زۆر بەناموس و عاقڵ و جێگە باوڕ بوو. دڵتان نەچێتە جێگەیێک خوای نەکردە ئیمانتان زایەبێ. بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان. پیاوەکان لەناو خۆیاندا بۆڵەبۆڵیان دەست پێ کرد کە خانازار ڕاس ناکات. لە حاجی وایە ئەم ئافرەتە زۆر جوانە و خاترجەم خانازار دایناوە بۆ قەم و کەسێکی خۆی. ئەوەشی ئەزانی خانازار کەسی نەبوو. هەموو بلآوەیان کرد. پاش تۆزێک سەعە مسگەر و مەحموو تەقەڵ هاتنۆ بۆلای حاجی. حاجی وتی: «بەخوا براپێم وانەویَ ئەم ژنە ڕاس کات حەتمین دایناوە بۆ کەسێک و ڕاسپاردە کراوە. سەعە و مەحموو سەیری یەک ئەکەن. مەحموو چاوێک لە سەعی دائەگرێت و ئەڵێت: «وەڵڵاهی برا تۆ ڕاس ئەکەی، جارێکیان لە دووکانی ئێمە وتی بەشوێن کچێکی جوان و ڕێکوپێکدا ئەگەڕم، دایک و خوشکەکەی ڕایان سپاردوم. ئەمجار سەعە مسگەر وتی: «حەتمەن هەرچیش ئەگەڕێ بەر چاوی ناکەوێت. بڕێکی تر قسە ئەکەن و ئەڕۆن. حاجی لە پشت دەخڵەکەی دانیشت. خەفەتبار و مەلوول هەموو ڕۆژێکیش کامەحموو و کاسەعی ئەهاتن بۆ لای. سەعی ئەیوت بیهێرە. مەحموو ئەیوت مەیهێرە. نەکەی کاری وابکەی. بەقسەی من بکە لەبیر خۆتی بەرەوە باشترین کارە. بۆ بەیانی سەعی ئەیوت نەکەی کاری وا بکەی. ئاوڕوتان ئەچێ لە خوا بەزیاو بێ ژنەکەی خۆت چییەتی. بۆ بەیانی کامەحموو ئەیوت کوڕە بچۆ بیهێرە، سووکە مارێکی بخەسەر، کێ چوزانێت، دنیا هەر ئەم دوو ڕۆژەیە. ئەوە چییە لە ماڵۆ بەستووتەوە. ئەم دێڵەشڕە. حەیف نییە نان بەشتی وابەی. ئەم جووتە هەموو ڕۆژێک ئەمە کاریان بوو ئەهاتن بۆ جەستەی حاجی. ئەم ئەیوت بیهێرە. حاجی ئەیوت ئەیهێرم. ئەو ئەیوت مەیهێرە. ئەیوت: نە، نایهێرم، سەر چۆن لە خۆم ئەشەوێنم. ئەوەیش بێژم حاجی زۆرێکی زۆر لە ژنەکەی ئەترسا. چون

تەواوی ملّک و ماڵەکەی هینی ماڵەباوکی ژنەکەی بوو. ژنەکەیشی ئامۆزای خۆی بوو. ئەم ژنەش کە هێنابووی قەیرە کچێک بوو، بەو جۆرەی کە من بیستبووم دڵ و دڵخوازی خۆی بووە بەجوانی پێیان نەدا. حاجی زێنبیش قسەم ئەخوات کە شوو نەکات. ئەمجار بەزۆر ئەیدەن بەم ئامۆزای خۆیە. - گوڵ جەمین هەناسێکی هەڵکێشا - حاجی زۆر چاک گیری کردبوو لە بەین هاوردن و نەهاوردنا. ڕۆژێک ئەیوت ئەیهێرم، تێی هەڵدە ملّک و ماڵ، دڵت خۆش بێ. بۆ سبحیا ئەیوت نە باوە نایهێرم بۆ من ناوێ.

ڕۆژێک باسی سەر لێ شێواویی حاجی ئەکەن بۆ خانازار و لێی ئەپاڕنۆ هەر چۆنێک بووە ئەو ژنە بچێتە دووکانی وێسو بۆ شت کرین. - ژنەکان دەستیان لە چنینەکەیان هەڵگرت، لە کۆشیان داناو بەوردی گوێیان بۆ باسەکەی حاجی شل کردووە. پیاوەکان پەیتاپەیتا جگەرە دادەگیرسێنن و چاوەڕوانی ئاکامی ئەم سەربووردەن - خانازاریش ئێژێت جا خۆ ئەو خانمە زۆر کەیف خۆش و قۆشمەیە. حەزی لەم کارانە زۆرە و قەشمەرێکە بۆ خۆی. ئەگەریش پێتان وایە ئەو نازانێ ئێوە خەریکی چین بەهەڵەداچوون. ئێستەکە حاجی وێسو پێوە بووە چ باشتر. من بەجۆرێک ئەینێرم بۆ لای. چەن ڕۆژێک بوو نە خەبەر لە پەڵەهەور بوو نە لە خانازار. لەم ماوەیشدا دانێکیان بوو. ڕۆژێک لای عەسر گشتمان - سەر قالّی کار، من لە پای پاتیلا بووم. حاجی و کوڕەکان خەریکی قەن داگرتنەوەبوون. یەکێ ئاگری خۆش ئەکرد. پەڵەهەور بەحیساب زولەیخاخانم خۆی ئەکات بەدووکانا - سۆی فەتاح هەڵئەستێتە سەر چۆک، عەلی لفتە سەری ناوە بەدیوارەکەوە و بۆی خەوتووە. کاقاسم ئانیشکی ناوەتەسەر قورسییەکە و سەیری کاشەریف ئەکات. لە سیمای هەموویاندا بێ ئۆقرەیی دەبینرا - ژنێکی کەتەی زل، من بانگی حاجیم کرد. حاجی هەرکە چاوی پێی کەوت دەست



و پای خۆی گوم کرد. ئەودەم ڕەسم وابوو هەرکەس کە ئەچوو بۆ حەج دزداشەیێکی لەبەردەکرد و عەگالّی دەبەست. دەستی حاجی شیلاوی بوو. لێی بووبوو بەبار، نەیدەزانی بەچی پاکی بکاتەوە. دامێنی دزداشەکەی هەڵداوە کە دەستی پێ بسڕێت. ژنە هەرکە چاوی بە قاچ و قولی حاجی کەوت دای لە پڕمەی پێکەنین. ئەونەی نەمابوو حاجی بەری بەرەڵڵا بێتە ناو گوزەر. بەڵێ زۆری توول نەدەین دەستی ساوی بەخۆیدا بەپرتەپرت بەخێر هاتنی ژنەی کرد و ژنەش سڵاو و چاک و چۆنیی حاجی کرد و پێی ئەوت کاکەگیان ئەم خانمە دەنگی بێحەد و ئەندازە خۆش بوو.نەرم، ساف، دەتوت زەنگۆڵەیە. سیەیێک نوقڵ و سیەیێک نەبات و مەنێک قەندی کڕی. هەر یەکەی خستە ناو دەستماڵێک و ئەمجار هەرسێکی خستە ناو چارەکێکی گەورەتر. سەر پەنجەکانی و ناومشتی خەنەی لێ دابوو. دەستی هەتا سەر مەچەکی دەرخستبوو. مەچەکی چی، لامەسەب سپی، چەلەنگ، وەک کەللەی قەن. لەو وەختا تازە بازنەی لوشەیی باو بوو. کچ و ژن لەدەستیابوو. کە ئەو خانمەیش لەگەڵ بازنەی تەڵا و موورووی زەرد و مۆرتێکەڵی کردبوو. کە هەموو لە مەچەکی توند بووبوو. قامکەکانی درێژ و شمشاڵی. للام وابێ دەستێکی پەنجەوانەی تێدا بوو. کە هەر لەخۆی و لەو دەست و پەنجە جوانانەی جوان بوو. جووتێ کەوشی فەرەنگی لە پێدا بوو کە تازە سەر و نەشەمەیان پەیدا بووبوو. ئەمجار لە خۆیەوە پرسیاری لە حاجی ئەکرد و ئەیوت کاکە گیان ئەمە و کاکەگیان ئەوە لە دەخڵ و ترازوەکە دورکەوتەوە. گۆشەی چارشێوەکەی لە بە ئانقەست هەڵداوە و پاوپاوانەی دەرخست. کاکەگیان بەجارێک شێت بوو. پاوانەکەی بەزەنگیانە و موورووی ڕەنگاوڕەنگ چنرابوو. لەبەیندا موورووری پیرۆزەیی تێ کردبوو. پای پاوانەکەی یاقووت و لەبەیندا عەشرەفی لێدا بوو. پووز چەلەنگ و سپی، پشت پاژنە پڕ. ئەتوت کۆڵەکەی کافوورە - خاتوامین وەک حەبەسابێت لە مێردەکەی رامابوو.

پێی سەیر بوو کە مێردەکەی ئەوانەیش دەبینێ. لەگەڵ هەر جێگەیێکی زلێخا بەراوردی خۆی دەکرد دەست، پەنجە، مەچەک، پووز. دەستی بە پووز و ئەژنۆی خۆیدا هێنا و پشت پاژنەی خۆی گرت، پتەو، سەرنج ڕاکێش و چاوگر. هێشتە خۆی دەیزانی کە گۆشتی بەنرخی هەیە. ئێستەش لە ناو ژنەکاندا ساوگەردن و سینەی تەخت و خشتی جێگەی سەرنج و قسەی هەموویان بوو. چەندەها جار بەراشکاوی پێیان وتبوو کە: «ئامین لە دوای حەوت سک هێشتە ئێژی گەورە کچە». لە پڕ هەستی بەسەرمایێک کرد کە تەواوی گیانی ئاخیبوو. سەرمایێک کە بەدرێژاییی تەمەن یان بەدرێژایی تەمەنی هەست بەژن کردن لەگەڵی هاتبوو. موچرکێک بەلەشیدا هات. ڕاچەنی و هاتەوە ناو کۆڕەکە. بۆیەک کات بەس مێردەکەی ئەدی کە لیۆتەکان ئەدات. وردە وردە دەنگی هاتەگوێی کە دەیوت:

– ئەو ڕۆیشت و حاجی لە جێگەی خۆیدا زرم دانیشت. پێش ئەوەی کە دراوسێ دووکانەکان بێن بۆ دووکان. دەستمالێک لەبەر دەخلەکە داکەوتبوو. هەڵم گرت و دامەدەست حاجی – هەستا سەر چۆک و تەزبێحەکەی خستە سەر قورسییەکە و سەیرێکی دانیشتوانی کرد. – حاجی دەستمالەکەی کردەوە بەدەوردا ریشکەبەند کرابوو، بۆنی گوڵاومێخەکی لێ دەهات. حاجی کە ئەمەی دی، لێی بەڕاست گەڕا کە ئەم خانمەش حاجیی خۆش ئەوێت. ئیتر ئیمانی نەما. کاسەعی و کامەحموو لە پێشدا هاتن بۆ دووکان و بەدوایاندا ئەوانی تریش هاتن و دووکان قەرەباڵغ بوو. ئیتر حاجی ئێمەی جواب کرد و نەمانزانی چییان کرد و چییان وت. لەو ڕۆژەش بەدواوە ئەو ژنە نەهات بۆ بازار، بەڵام کێشەی حاجی لەگەڵ کاسەعی و کامەحموو وەک خۆی مایەوە، ماڵی حاجی لەگەڕەکی سەر قەوران بوو، ئەشیا لەلای سەروی بازاڕ بهاتایێت. وەلێ لە بەری خوارو ئەهاتۆ. چ مەز ئەچێت سەری ئەو کۆڵانە ئەدات. وایشمان



بیستبوو بەهیوایە لەو کولانە ماڵ بکرێت. سەعە مسگەر و کامەحموو ئەچن بەحاجی ژن ئێژن هۆشت بێ، وێسوی مێردت ژێر سەری بەرز بۆتەوە و هەوای ژن داویە لە کەللەی. کە ئێژێت ئەچم لە کۆڵانی موساییەکان ماڵ ئەکرم و درۆ ئەکات لەو گەڕەکە ژنی ناوەتۆ، حاجی ژن کە ئەمە ئەبیستێت بەجارێک شێت ئەبێت – لاقێکی کێشا ژێر لێفەکە و مێزەرەکەی داگرت و تەقیلەکەی کردەوە سەری – جا ئاغەی بەماڵم، هەور نەما. وەلێ هەرچی ڕۆژ بوو شەڕ ئەهات بەر درگای پێ دەگرتین. حاجی ژن سوێندی خواردبوو ئەگەر ئەو ژنە بێت بۆ دووکان و لەگەڵ حاجی بەجۆرێک قسە بکا، خۆی ئەسووتێنێ، یا خۆی دەرمان خوارد ئەکا. ناچار حاجی ئەحمەی بەزاز و میرزا عەلی سەراج کەوتنە بەین کە ئەم دوانە درۆ ئەکەن و خەریکی فیتنەیی و شۆفارین. حاجی ژن لەو ڕۆژە بەدواوە دووکان نەهات. وەلێ هەرچی ڕۆژبوو شاییەکی ئەدا بەمن تا خەبەری دووکانی بۆ ببەم. من ئەم قسەم لای – بەپەنجە ئاماژە ئەکات بەخامەحسووم – مەحموو کردبوو. ئەویش گێڕابوویۆ بۆ کامەحموو. کا مەحموو پێی وتم ڕۆڵە منیش هەرچی ڕۆژ شاییێکت پێ ئەدەم. بەڵام بەشەرتێ ئەوەی کە من پێت ئێژم لای حاجی ژن باسی بکەی، چەن ڕۆژێک هەروا گوزەرا، کا مەحموو زانی کە من قسە ناکەم ئیتر شایی پێ نەدام وەلێ حاجی ژن هەموو ڕۆژێک جیرەکەی پێ ئەدام. ئەم وەزعە نزیکەی سالێک، بگرە زیاتریشی خایاند. لە هاوینی ١٣١٥دا بوو، جاڕچی جاڕی دا کە لەمە بەدواوە لیباسی کوردی قاغەیە و ژن و پیاو ئەبێ لیباسی پەهلەوی لەبەر بکەن، چەن ڕۆژێک ماوەیان بۆ دانا. لەم بەینا ئەم ژنە هاتۆ بۆ دووکان. تەواوی بازاڕ جموجۆڵی پێ کەوت چوون ئەوە بۆ ساڵ و نیوێک ئەچوو هیچ خەبەرێکی لێ نەبوو. کوتوپڕ کە پەیدا بوو بۆ خۆی ڕووداوێکی سەیر بوو. چارەکەکەی لەسەر شایەنەکە دانا و وتی: دوو کەللە قەنم بۆ بخە ناو ئەو چارەکە. حاجی دەسپاچە بووبوو. هەر چۆنێک بوو ئەو ژنەی بەڕێ کرد. ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە ژنان کەمتر

دەهاتنە دەرۆ ئەویش مەگەر شەوانە. هەر لەو مانگا ئالەم چوار باخی میلییە کە ئەوێتە باخی لەیف ئاوا، جەشنێکی زۆر گەورە گیرا بەزۆر خەڵکیان ئەبرد و جلی پەهلەوییان پێ لەبەر ئەکردن و عەکسیان لێ دەگرتن و ئەیانناردبۆ ڕەزا شا، لەوە بەدواوە هەر کەس جلی کوردیی لەبەر بووبووایە پەتپەتیان پێ دەکرد و لەبەریدا دەیاندڕاند. ڕۆژێک لە قاوەخانەکەی مەشەی عەباس. ئەمنییێک خواعافو نەکردوو بەباوکمی گرت. کە من ژنەکەی تۆم دیوە لە حەوشە لیباسی پەهلەویی لەبەردا نەبووە. ئاخری باوکم دووقڕانی پێ ئەدات و لە کۆڵی ئەبێتۆ. یان ڕۆژێک بە میرزا عەلی سەراجیان گرت کە ژن و کچەکەت لەناو پەنجەرەدا وێستابوون جلی پەهلەوییان لەبەرانەبووە. میرزا عەلی گورج نەفەری تمەنێکێشان پێ ئەدات و بەڕێیان ئەکات. ژنی ئەو عەجەم و ئەمنییانەی لە سەقزا بوون هەموو بەجلوبەرگی پەهلەوی دەرکەوتن. قاچ و تا سەر ئەژنۆ، باڵیان تا سەر ئانیشک، کەوشی پاژنەبەرز و کڵاویان کردە سەریان – کا شەریف بەبێ چاوەدێری هەڵی دایە سەر باسکردنی جوانیی لەش و لاری ئەو ئافرەتانە. کە خاتوامین دیسان پێی خەفەتمەند ئەبێتەوە و هەست بەتەنیایی دەکاتەوە – جا با بێینەوە سەر باسی خازڵەیخا. ئاخری ئەم ژنە لەگەڵ ڕەفیقێکی خۆیا کە یەکەم کەس بوون لە سەقزا جلی فەرەنگییان لەبەر کرد و هاتن بۆ بازاڕەکە ئەلحەق لێیان ئەکاڵایەوە. جا قسەکەی خانازاریان بیرکەوتەوە کە وتی ئەم ژنە چەنێک بە باڵا ڕێکوپێکە ئەونە بەدەموچاو ناحەزە. پیاوەکان کە چاویان پێی کەوت وتیان ئۆخەی ڕەحمەت لە باوکی ئەو کەسەی وا ئەم لیباسەی دروست کرد و تۆی دەرخست. خۆ گیانمان بۆت دەرچوو. لەو ڕۆژەوە حاجی وێسو لەگەڵ دووکاندارەکانی تر بڕێک کەلیمەیان بۆ دروست کرد و بەگۆرانی ئەیانخوێند. کامەحموو کە دەنگی خۆش بوو ئەیوت و ئەوانی تر بۆیان ئەسەندۆ:



موبارەکت بێ کڵاوی پەهلەوی
هەر لە خۆت جوانە چنگ و پەل قەوی
خۆت داشارد ولەژێر ڕوبەند و چارشێو
شکوور دەرکەوتی باجی لەتە دێو
باڵاوەک عەرعەر، پوز وەکو کافوور
ڕەنگ هێڵەک کەوە، لووتیش وێنەی توور

ئەم مەسەلەی حیجاب و ئەمانە هەتا بیستی شەهریوەر ئیدامەی پەیا کرد. کە دوامی ئەوە حەمەڕەشی خان هات و بانەی تاڵان کرد و ئاماری سەقزی سوتاند. کە ئەویش هەڵ ئەگرین بۆ شەوێکی تر.

کاحەمەسەن تەزبێحەکەی دەست بەدەست کرد وتی:

– حەمەلەشی خان سەل زین چیتی مۆل.
هۆلدووەکەی جێ هێشت لۆیۆبۆ ننۆل

هەموودایان لەقاقای پێکەنین و ماڵئاواییی خانە خوێیان کرد.

خاتوامین خەڵوزانەکەی پڕ کرد لە خەڵووز. نیوەی کردە ژێر قورسییەکەی ژووری بەردەست، سالە کە خۆی دەرخستبوو داپۆشی و دیوار کۆکەی کوژاندەوە. نیوەکەی تریشی کردە ژێر قورسییەکەی ژووری میوان، خەڵوزانەکەی لە پشت درگاکە دانا و چووە ژێر لێفە قورسییەکە بەپشتا ڕاکشا.

ماڵ بێدەنگ. بەس دەنگی مرخەمرخی شەریف بوو دەهاتە گوێ. مرخەییێکی پیاوانە، لە پاش ئارامشێکی سەر کەوتوانە بۆ خانە خوییەتی کە باشی بەجێی هێنا بوو، بەشاندا کەوتبوو. ئامین هەستی بەشەکەتی و ماندوییەکی فراوان دەکرد، هەستی بەسەرماییێک دەکرد کە لەناو

ئێسکەکانیەوە دەهاتە دەرێ وەک زستان لە دەروونی ئەودا بێت. هەموو موی لەشی سیخ بووبوو پەلەمریشکەی دەردابوو. پێستی سەری بەهۆی سەخڵەتێ کە لەدەروونیدا بوو جەڕابو بەمێشکیەوە سەرما لە بن دیانەکانی دابوو، کەوتبووە لێوەلەرێ و تەقەی دیانەکانی لەناو دەروونیدا دەنگی ئەدایەوە. لێفەکەی کێشا بەسەر خۆیدا تا بەشکم گەرمی بێتەوە. تاووتینی گەرما هات بەڕوویدا و ئەو نەرمەتووکانی ڕوومەتی کە ڕاستەوە بووبوون، نەوازشی ئەدا. چاوی لەناو تاریکیی ژورە کەدا بێ ئوقرە دەگەڕا. جارجار لەناو تاریکیدا شتێک وەک ئەستێرەیێکی خامۆش و هەڵوڵ دەردەکەوتن و دادەچوون لە پڕ دەستێکی غەریب خەڵوەتی ئامینی هەژاند. دەستێکی نامۆ، بەڵام کارکردە و ئاشنا. لێفەکەی لەسەر لادا. دایەنەی کراسەکەی هەڵداوە، لەشێکی بێگانە، بەڵام مەحرەم. ئامێزێکی سارد وەک دەروونی خۆی لە خۆی گرت. هەناسەیێک ئاوێتە لەگەڵ بۆنی جگەرە و ئارەقەی لەش گیانی ئاخنی. هەستی بەئازارێکی گران دەکرد. دەیان پرسیار وروژمیان بۆ هێنا:

– تۆ چیت؟ تۆ کێیت کە ئاوا بێ پەروا ناخ و دەروون ئەپشکێنی؟ تۆ چیت کە نەک لەش بگرە بەسەر ڕۆح و دەروونیشدا خاوەنی؟ تۆ چیت؟ تۆ کێیێت کە من هیچ نیم لە حاستی تۆدا و هیچ شتێکم لە خۆم نییە؟ تۆ چی ئەبوویت کە هینی من بووایێتی. یان بۆ یەکتر ببوبووایێتین. چی ئەبووی... چی؟

ئامین هیچ کات وەک ئیم شەو، وەک ئێستە بێزی لە مێردەکەی نەکردبوو. ئیمشەو ئەم دیتنەی دەلاقەیێکی بۆ کردەوە تا لەوێوە بڕوانێتە ڕابردوو. ڕابردووی مێردێک کە بەدرێژاییی تەمەنی هاوسەرییان بەس نێربوو. بەس پیاو بوو، هیچی تر، شەریف کولۆکۆی پیاوەتیی دامرکا و لە ئامین دوور کەوتەوە. ئامین سەیرێکی شەریفی کرد. بەدەنگی مرخەکەیدا



دەیزانی کە بەشاندا کەوتووە و ڕووی لە دیوارەکەیە. مرخەیێک نیشانەی ئارامشێکی پیاوانە بوو. ئامین لێفەکەی کێشا بەڕووی خۆیدا. چاوەکانی لەناو تاریکیی ژورەکەدا دەگەڕا. ئاوڕێکی داوە لە مێردەکەی بەئەسپاییی وتی: ئەی من چیم؟!

سینەی خۆی گرت و توند توند گوشیی. شەریف نوکە شەقێکی ژەند لە خاتو امینەوە وتی:

– ئەوەتیوەی کوڕت چاک حەیامانی برد.

پوشپەڕی ١٣٨٣

(١) تەختێکە چوار سوچی گەورەکە لە دیوەخان دادەنێرت. خەڵوزی گەشاوە دەخەنە ژێری و لێفێکی گەورەی بەسەر دادەدەن و دەچنە ژێری.

(٢) جۆش دانەوەی چین.

(٣) سینی گەورەی مسی.

# جیره

باوکی لەسەر کورسییەکەی، لای ژووروی دوکانەکەوە دانیشتبوو. پای خستبوو بەسەر پایدا و پاڵیدابۆوە. ئانیشکی دادابووە سەر دەستەی کورسییەکەی و دەستی نابووە ژێر چەناگەی. بەدەستەکەی تری قامکی ئەکرد بەلووتیدا. ئەوەی کە دەری ئەهێنا تۆزێک لێی ورد ئەبووە و ئەمبار و ئەوباری دەکرد و فڕێی ئەدا. زوو زوو سەیری مەهدی ئەکرد، ناوچاوی لێگرژ ئەکردەوە و ڕوی لێ وەردەگێڕا. مەهدی چاوی لێهەڵ نەدەبڕی.کتێبەکانی بەدەستەوە گرتبو. پەیتا پەیتا سەیری باوکی ئەکرد. فیکەیێک سەرنجی مەهدی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا. سەیری دەرەویکرد. ڕەفێقەکانی بوون، بەئەسپایی بەئاماژەی سەر تێیگەیاندن کە سەبر بکەن. باوکی ئاگای لیبو لەگەڵ ڕەفێقەکانی خەریکی چاو بڕکێیە. هەلی بەدەرفەت زانی. وتی:

– ئەوە خەریکی چیت؟ دیسانەوە خەریکی ڕفێق بازیت. بەخوا گیانیشت دەرچێ تمەنێک سەهلە، قڕانێکیشت پێنادەم. من دوو ڕۆژە سفتاحم نەکردە. بەم بێ بازاڕی و بەوبەختیە پارە پەیاکەم بیدەم بەتۆ... ئەوسا تۆیش بچی خەرجی کەی بۆ ئەم هەتیوە چاومارانە... دەک داوەشێی... هەی عەمرت نەمێنێ... وامزانی هاتی ئێژی ئەچم کاسبی ئەکەم «لە مەهدی ڕوش ئەبێتەوە و لەژێرەوە سەیری ئەکا» بڕۆ دەرۆ... بڕۆ



دەستی دایە داری. مەهدی لەترسی دارەکە هەڵ هاتەدەرەوە. چووە سەر پردی قەناوەکە. ڕووەو دوکان ملی نا بەلارەوە وێستا، ڕفێقەکانی هەر فیکەیان بۆ ئەکرد. بەڵام لەترسی باوکی جوابی نەئەدانەوە. تا پتر قینی لێ هەڵ نەگرێ. باوکی کە لەسەر چوار پایەکە دانیشتبوو لە شیشەکانی ئەم بەر و ئەو بەری خۆیەوە کەبەقەد دیوارەکەوە هەڵپەسێرابوون، سەیری خۆی ئەکردو لە ژێرەوە سەیری دەرەوەی ئەکرد. ئاخری ڕوی کردە مەهدی وتی:

– بڕۆ دوعا بکە... خوا ڕسقم بدات... شیشە بفرۆشم... ئەوسا منیش جیرەکەی ئیمرۆ و دوێنێ و بەیانیت پێ ئەدەم... بڕۆ ئیتر بەرۆکم بەردە. بزانین بەدۆعای کەر جۆ ئەباری.

مەهدی سەری داخست. لە دوکان دور کەوتەوە. وردە وردە بەرەو کۆڵانی موساییەکان بەڕێ کەوت. ڕفێقەکانی لە ڕێگا گرتیانەوە:

– مەهدی چیبو، جیرەی پێ دای؟

– نە...

– ئەی وتی چی؟

– هیچ...

منداڵەکان ئیتر هیچیان لە مەهدی نەپرسی. بەناو یەک دوو کۆڵاندا تێ پەڕین و چونە سەر بانی حەمامی نمرە لە کۆڵانی موساییەکان. پڕ بو لە منداڵ. دەستەیێک خەریکی مێشێن بوون. بڕێ تر لە پشت گومەزیەکانی بان خەریکی شێرو خەت بوون. گەورەترەکانیش لەسەر بانی تونەکە خەریکی کایەیێکی تر بوون. زو زو دەنگیان بەرز ئەکردەوەو جنێویان بەیەک ئەداو پاشان بێ دەنگ دەبوونەوە، دەستیان ئەکردەوە بەکایە. منداڵەکان لەدەور مەهدی کۆ بونەوە. دانەیێکیان وتی:

– من میتە دائەکەم تۆ کایە بکە. ئەگەر بردتۆ بەشەریکی، داونا خۆم ئەی دەم.

– نەوەڵڵا من خۆم میتەی بۆ دائەکەم و...

یەکێ تر نەی هێشت قسەکەیی تەواو بێ وتی:

– مەهدی ئێمە لەگەڵ تۆ ڕفێقین.

– ڕاس ئەکا. ڕفێق یەعنی چی. خۆ گیرفانمان بەش نەکردە.

منداڵەکان لە سیمایاندا نیشانێک لە خۆشی و میهرەبانی و هاوکاری بەدی ئەکرا. هەستیان دەکرد گەورە بون، ئەتوانن بێن بەخەم خۆر و یاریدەری یەک. لەبەر ئەو هەستە بەر دەوام هەر لە مەهدی دووبارەیان ئەکردەوە. مەهدی سەری داخستبوو. منداڵەکان بەچاو و بەدەس ئاماژەیان بەیەکدی ئەکرد و بەدڵسۆزییەوە سەیری مەهدیان دەکرد. دانێکیان لەبەردەم مەهدی هەڵتروشکا. دەستی کرد بەگیرفانیدا و لپی دەستی لەبەر دەم مەهدی کردەوە، تمەنێک لە دەستیدا بوو. وتی:

– بیگرە.

سەیری منداڵەکانی کردەوە. ئەمە ناوی فەرهاد بوو. مەهدی سەری داخستبوو. بەچڵێک دار عەرزی هەڵدەکەند. ڕقی لە خۆی هەستابو. بەڵام لە ڕفێقەکانی زیاتر خۆشی ئەهات. لەجاران زیاتر خۆشی ئەویستن. پڕ بەدڵ حەزی ئەکرد پارەکە وەر بگرێ و یەک دو کایە مێشێن بکات. بەڵام لە دڵ خۆیدا وتی:

– نە،... نە،... ئەگەر دۆڕاندم... دوای چۆن پارەکەیان پێ بەمۆ؟

لە ناو ئەم خەیاڵانەدا، لە ژێریشەوە هەر چاوی لە دەستی فەرهادەوە بو، لە پڕ دانێک بەدەنگی بەرز وتی:



– ڕاس ئەکا. مێشێن ناکەی بێ شێر و خەت کەین.

مەهدی گوێی پێ نەداو سەری بەرز نەکردەوە. ئەیزانی کێیە. دیسان وتیەوە:

– بێ شێر و خەت کەین. ئەگەر مێشێن ناکەی. «تۆزێک وێستا. دەستی نابووە کەمەری و سەیری مەهدی ئەکرد» چییە ئەترسی... ناوێری؟

خولە لە مەهدی نزیک بووە. مەهدی هەستا. بەتوڕەییەوە سەیری یەکیان کرد و چاوییان بڕییە یەک. هەموو سەیری ئەم دوانەیان ئەکرد. منداڵی تریش لە دەوریان کۆ بونەوە.

خولە چەن جار لەدەس مەهدی کوتەکی خوارد بو. بەڵام لە ڕوو نەدەچو. مەهدی بڕۆکانی گرژ کردەوە و لێوی برد بەدەمدا. ڕەنگی سورۆ بوو. خولەیش وێڕای مەهدی خۆی ڕوش کردەوە و پەلاماری مەهدی دا. منداڵەکان کەوتنە بەین و نەیان هێشت ببێ بەشەڕیان. لەیەکیان جیا کردنەوە لەناو ئەو منداڵانەی کە هاتبوون و لەدەوریان کۆ ببونەوە وتیان:

– لێیان گەڕێ، با بزانین کامیان ئازان.

– نەباوە شەڕی چی.

– تۆ دۆڕاندوتەو ئەوان شەڕەکەی بکەن.

– ئەو هەتیوە هەر زۆر ڕووداره.

– هیچیشی پێ نییە. هەر دەمی هەیە.

– نەمانزانی کێ ئازایە.

– مەهدی شەڕکەرە، ئەیکوژێ.

خولە کەدی ناتوانێ لەگەڵ مەهدی بەشەڕ بێ و منداڵەکان خەریکن

مەهدی ئەبەن بەدەنگی بەرز وتی:

– دەبێ شێر و خەت کەین. ئەگەر ڕاس ئەکەی و ناترسی. پوڵت نییە، بێ لەسەر شەڵۆارەکەت بیکە، ترسەنۆک.

مەهدی لەم قسە قەڵس ئەبێ. بۆی ئەگەڕێتەوە. منداڵەکان ناهێڵن. مشتی ڕو بەخولە ئەگرێ و بەدەنگی بەرز ئەڵێ:

– پیاوم، هەرکە جارێکی تر قسەی واکات، دەمی ئەشکێنم.

خولە خۆی فش کردەوە، وتی:

– ئەمە پیاو... ها... ئەمە پیاو. ئەی دەمی ناشکێنی.

ڕوی کردە منداڵەکان. بەدەنگی بەرز بەپێکەنینەوە وتی:

– مەگەر بچی شیشەکانی باوکت بشکێنی.

منداڵەکان مەهدییان لەگەڵ خۆیان برد. خولە لە دورەوە هەر قسەی ئەکرد:

– پارە و پێ نییە مەیە بانی حەمام.

تۆزێکی تر وتی:

– ئەم خەڵکە بێژن چی باوکت جیرەو پێ نایات.

مەهدی بەتوندی ئەگەڕێتەوە و بەهەڵاتن ئەچێ بۆ خولە. دیسانەوە منداڵەکان ناهێڵن بەیەک بگەن. برێ جنێو بەیەک ئەدەن و خۆیان ڕائەوەشێنن. مەهدی ئەڵێ:

– مەگەر بەتەنیا نەتگرم.

ئەگەڕێنەوە بۆ کۆڵانی خۆیان. لەبەر دریای ماڵ فەرهاد لەسەر پلیکانەکان دائەنیشن. مەهدی هەر دو ئەنیشکی ناوەتە سەر ئەژنۆی و



سەری داخستە. منداڵەکان دڵداری ئەدەنەوە کە بیر لە قسەکانی خولە نەکاتەوە.

– ئەوە خۆ بنیادەم نییە.

– ئێمە هیچمان خۆ ڕفێقی ناکەین.

– جا ئەوە کەی بنیادەمە.

مەهدی لە پڕ بیری قسەکەی خولە کەوتەوە «مەگەر شیشەکانی باوکت بشکێنی». سەری ڕاوەشاند وەک چارەی کارەکەی پەیدا کردبێ.

– منداڵەکان پەیدام کرد.

– چیو پەیا کرد، ئادەی بێژە.

بەڵام مەهدی لەوەی کە بەبیریدا هاتبوو باسی هیچ شتێکیان بۆ ناکات، ڕویان تێ ئەکات. ئەڵێ:

– کامتان ئەتوانن چەقۆیەکی تیژ بێنن؟

هیچیان جوابی نادەنەوە و سەریان دا ئەخەن. ئەمە خۆی دیار بو مەعنای چییە. تۆزێک سەیری منداڵەکان ئەکاو ئەچێتە ماڵ خۆیان کە لە تەنیشت ماڵ فەرهاد دا بو لەبەر دریاکە ئەڵێ:

– بوێستن ئەوە دێمۆ.

ئەچێتە ژورەوە، کتێبەکانی دائەنێ. یەک ڕاست ئەچێت بۆ هەوێشخان. دایکی لەوێیە. لە ژێر تیشکی کەم نوری گڵۆپەکەدا، چەقۆکەی بەدستەوەیە، خەریکی پیواز و تەماتە جنینە. سەیری دەستی دایکی و چەقۆکەی ئەکا. پاشان سەیری پەتاتەو پیواز و تەماتە ئەکات. سەوزی هێشتە بەندەکەشی نەکراوەتەوە و هەموی لە دەور دایکی دانراون. بۆ ئەوەش نەدەبو کە ماتڵ بێ. چون دایکی تازە ئەوەڵی بو، یەکەم پیوازی

پاک کردبوو. بۆنی توند و تیژی پیواز لە هەوێشخانەکەدا بڵاو ببۆوە، دایکی خەریک بو چاوی سور ئەبو. دایکی سەیری سەر تا بەخواری مەهدی ئەکا و برێ لێی ورد ئەبێتەوە و ئەڵێ:

– ماتڵی چیت؟!... لە چی ئەگەڕێی؟!...

مەهدی هەر چاوی لە چەقۆکەوەیە و ئاگای لە قسەکەی دایکی نییە. دایکی دیسان ئەڵێ:

– ڕاس بێژە بزانم ماتڵی چیت؟!... ها...

– ماتڵی هیچ...

– هیچ !!؟... هەرگا وایە هیچ، برۆ... برۆ بۆ کۆڵان. لێرە کەوەرۆ، ئەوێ بەقوڕ بگرە و کاولی بکە.

مەهدی دێتەوە بەر دریا دائەنیشێ. منداڵەکان دێن لە دەوری کۆ ئەبنۆ.ئەمجار بەنا بەدڵییەوە ڕویان تێ ئەکاتەوە:

– منداڵەکان ناتوانن بچن چەقۆیەک بێرن؟

سەیری نێو چاوانی هەموویان ئەکات. هەموو بێ دەنگ سەیری مەهدی ئەکەن. منداڵەکان چەقۆیان بۆ نەدەهات. چونکە بەدەست دایکیانەوە بو. ئەگەریش کارەکەیان تەواو ببوایە لەسەر تاق یان شوێنێکی بەرز دایان دەنا تا منداڵ دەستی پێی نەگا، کولی نەکەن و لەدار و بەردی نەدەن. مەهدی بەناو منداڵەکاندا چاو ئەگێڕێ منداڵەکان سەیری یەک ئەکەن و سەیری مەهدی ئەکەن. بەشان و بەسەر ئەڵێن نازانین.

مەهدی دیسانەوە سەری دا ئەخاتەوە، بیر لە قسەکەی خولە ئەکاتەوە. لە پڕ یەکێ لەبەر دەمیدا ئەویستێ و ئەڵێ:

– ها... ئەوە چەقۆ.



مەهدی لە خۆشیا هەڵ دەستێ و هەڵ ئەخاتەوە. باوەش ئەکا بەملی فەرهادا:

– دەس خۆش فەرهاد گیان – ڕوو ئەکاتە منداڵەکان – هەڵێن با بڕۆین.

منداڵەکان هەموویان شوێنی ئەکەون. بەقیژە قیژ لە کۆڵانەکانەوە ڕەد ئەبن و ئەچنە ناو پارکی شار. بەری خواروی پارک لە پاڵ قۆپییەکەی مینە کۆڵ هەمووی دار بی بوو. بەناو دارەکاندا ئەگەڕن. منداڵەکان بێ ئەوەی کە کەسێ پێیان بڵێ بۆ چی بگەڕێن لە دارەکان ورد ئەبنەوە. چەن جار بەناو دارکەندا دێن و ئەڕۆن. دانەیەک کە ناوی برایم بو قیژاندی:

– مەهدی... مەهدی... منداڵەکان پەیام کرد.

منداڵەکان هەموویان بەهەڵاتن چوون بۆ لای برایم. گشتیان سەیری دارەکەیان کرد. بەچاکیان زانی. چەقۆکەی لە مەهدی وەر گرت. دارکەی بڕییەوە. دانیشت لە پای دارەکەدا، لق و پەلەکانی لێ کردەوە. بەڵام کاری تەواو کردنەکەی دانا بۆ مەهدی و دای بەدەستییەوە. مەهدی بەدڵی خۆی دارەکەی داهاورد. چاک سافی کرد و گرێکانی بڕی. هەموویان ڕێکەوتن بەرەو ناو زبڵەکانی قەراغ چەم. سبورەکان خەریک بوون زبڵەکەیان بار ئەکرد. بەناویدا گەڕان، تا، کەوشە کۆنێ یان کوتێ چەرم پەیدا بکەن بۆ جێگە بەرد. هەر یەکێ لە لایێکەوە خەریک بون، هیچیان پەیدا نەکرد. هەوا خەریک بو تاریکی ئەکرد. گەڕانەوە بۆ کۆڵان. فەرهاد چەقۆکەی لە مەهدی وەرگرتەوە. هەموو سەیری یەکیان کردەوە و خودا حافیزیان لەیەک کرد. هەرکەس چۆوە بەرەو ماڵی خۆی. مەهدی دار قۆچەقانیەکەی لە حەوشە شاردەوەو، لەبەر شێری ئاوەکەدا دەست و دەم و چاوی شۆرد. دایکی لە ماڵەوە بەدەنگی بەرز وتی:

– قاچو قولیشت بشۆ و گۆرەویەکەت لەبەر ئاوەکە دانێ با بخوسێ.

ئەوبۆن و بۆساره مەهێره ژووره‌وه.

مەهدی دەستی بەپانتولّەکەی و دەموو چاوی بەقۆلی کراسەکەی وشک کردەوە و چووه سەرەوه. بیری هاتەوه کە تایێک دەستکێشی قایشی دڕاویان بو. له کوێ دیبوی، نەیدەزانی. کتێبەکانی هێنا لەبەر دەستی خۆی داینا. کەژەکەی کردەوە. کتێبەکانی لابردو دەفتەری ئیملاکەی دانا لە ڕوی هەلّەکانەوه بنوسێتەوه. بەدەم نوسینەوه هەر بیری لای دەستکێشەکە بو. نەیدەزانی لە کوێدا دیویەتی. لەوەی کە فڕێنەدار بو ئەرخەیین بو.

باوکی هاتەوه. هەستا لەبەری. سلاّوی لێکرد و چوبە دەمیەوە، ئەو چت و مەکانەی کڕیویەتی لێی وەر ئەگرێ و ئەیبا بۆ هەوێشخان. باوکی لاوه لا سەیری ئەکا. خێسێکی لێدەکات و لەژێر لچەوه بڕێ قسەی پێ ئەلّێ... دایکی ئەچێت بەدەم مەهدییەوه. شتەکانی لێ وەر دەگرێ. مەهدی لە هەوێشخان ئەمێنێتەوه. دایکی ئەچێتە ناو ژورەکەوه خێرهاتنی باوکی ئەکا و ماندونەبونی پێ ئەلّێ. بەئەسپایی بەیەکەوه قسە ئەکەن. مەهدی دەیزانی هەرچی دایکی لێی بەشک ببوایە بەتەنیایی باوکی ئەگرت و لە گەلّیا قسەی ئەکرد.

– نازانم ئەم کوڕە چییەتی!! دیسان چی لە ژێر سەردایە.

مەهدی لەدریایی بەین دو دیوەکەوه. کە هەمووی شیشە بوو، باوکی خۆی ئەدی چۆن لەگەلّ دایکی قسە ئەکا. ئەیدی کە باوکی هەر سەر ئەلەقێنێ و لاوەلا سەیری دایکی ئەکا، جل و بەرگەکەی ئەگۆڕێ، کۆتەکەی لەبەر دەر ئەهێنێ و فڕێی ئەدات بۆ مێخەکە بەمێخەکەوه بەن نابێ و ئەکەوێتە خوارەوه. دایکی هەلّیدەگرێتەوەو ئەیکا بەمێخەکەدا. باوکی دەمی لار ئەکاتەوه و سەری ڕاوئەوەشێنێ. وەک چارەی کارەکەی پەیدا کردبێ:



– مەترسە وای ئەبەسمۆ حەزکەی. تازە ئەمجار، وەک جارەکانی تر نییە. هەتا نەوێ بەبنیادەم و ئەم ڕەفتار و ئەخلاقەی تەرک نەکا نایبینێ. دو ڕۆژە جیرەی گیرفانی پێنادەم، بەم بۆنەوه وەک حەیوانی یەکە ناسی لێدێ. هەتا ساحێوەکەی بانگی لێ نەکا بۆ لای کەس ناچێ. ئەمیش تامل نەدات و سەری خۆی دانەخات بێتو بڕوات لە جیرە خەبەرێ نییە. ئیتر ناچێتە بانی حەمام و لێمان دور ناکەوێتەوه.

دایکی توڕە ئەبێ:

– جا باشە ئەوەکەی کارە. ئەوە کەی قسەیە. شەرمکە، ئەو کوڕە هەرچی بێت لە ئێمەیە. چ تۆیش و چ منیش ئەزانین ئەم کوڕە بەم کارانە عاقلّ نابێ. جیرەکەت بۆ لێبڕیوه. نایێژی منداڵە و ئەخلّەتێ. نایێژی لە دەرەوه چەنێ گورگی تیایە. ناترسی بەم کارانە لە کیسمان بچێ؟

– مەترسە. ئەم نوتفە کە لە ئێمەو تۆ کەوتەتۆ بۆ کەس ناخلّەتێ. ئەوە خۆمان ئەزانین چییە. ڕۆژی هەزار کلاّو ئەکاتە سەرمان و هەزار چەقۆیی بێ دەسکمان پێ ئەفرۆشێ.

– بەتۆ شایەد، وەلێ بەمن نا. چونکە من لەگەلّیا درۆ ناکەم چونکە...

دایکی هێشتە قسەکەی تەواو نەببو کە باوکی دەنگی هەلّبڕی و ڕوی گرژ کردەوه!

– درۆی چی... کـــــام درۆ... درۆی من چی بووە؟... هەرچی هاتم من عاقلّی بکەم و قسەی لەگەلّ بکەم تۆ نەت هێشت – باوکی پشت ئەکاتە دایکی و شەروالّەکەی هەلّ دەکێشێ – باشە... باشە تەواویکە لێی مەلّێ. من برسیم... ماندوم سفرەکە ڕاخە... ئەمە – بەپەنجە ئاماژە ئەکات بەهەوێشخان – بۆ کەس بەنیادەم نابێ.

مەهدی کە لەپشت دریاکەوه وەستابو نەیزانی دایکی کۆتایی بەباسەکە

ئەهێنێ. لە پڕ دایکی دێت بەسەریدا. لەگەڵ دایکی سەیری یەک ئەکەن. دایکی سەر ڕادەوەشێنێو هەناسێک هەڵدەکێشێ و لەبەر خۆیەوە ئەڵێ:

– هەی دایک بەوبەخت.

دایکی سفرەکەی پێ ئەدات کە ڕایخات. لەگەڵ باوکیا هەرچاویان لەیەکەوەیە. هەر جار کە ئەهات و ئەچو باوکی لەژێرەوە خێسێکی لێدەکرد. مەهدی ئیتر سەیری باوکی نەدەکرد و چاوی خۆی لێدەدزییەوە. بەڵام هەستی ئەکرد کە وا لە ژێر چاوەدێری باوکیدا. بەم سەیر کردنەی باوکی پێکەنینی ئەهات. باوکی پاڵی دابووەو کەتبو بەلادا. خەریکی رادیۆ گرتن بو. زوزو ئەیبردە پەنا گوێی و بەشوێن ئێزگەیێکدا دەگەڕا. ئاگای لە پێکەنینەکەی مەهدی بو. وتی:

– پێکەنە... ئەرێ وەڵڵا پێکەنە... بۆ پێناکەنی؟... گشتمانو کردە بەمەسحەکەی دەس خۆت. خێری دایکت. بۆ پێناکەنی...

بەتوڕەییەوە ڕادیۆکە ئەکوژێنێتەوە، ئەڵێ:

– خۆ لە بەر پاڕازیت پیاو هیچ حاڵی ناوێ.

هەموو لەدەور سفرە کۆ دەبنەوە. برا بچکۆلەکەی لەسەر سفرەکە نەبو. باوکی هەرچی لەگەڵ دایکیدا لەیەک توڕە ببوایەن قەد بەناوی خۆی بانگی نەدەکرد. هەر پێی ئەوت ئافرەت:

– ئەرێ ئافرەت ئەوە هادی کوا؟!

دایکی خەریکی چێشت تێکردن بو، وتی:

– وا لەماڵ دایکم. ئێوارە لێرە بون. بیانویی گرت بەشوێنیاندا، دایکم لەگەڵ خۆی بردی.

مەهدی لە بیری خۆیدا بۆتا دەستکێشەکە دەگەڕا، باوکی دەنگی بەرز



کردەوە:

– منداڵ ئەبێ لەسەر سفرەی باوکی خۆی دانیشێ ئەینا گەڕ ئەبێ – بەدەست ئیشارە ئەکا بەمەهدی، مەهدی لە خەیاڵ دێتە دەرەوە و سەیری باوکی ئەکا – ئەبێ ئابەم هەتیوە... ئەبێ ئابەم هەتیوە ناڕەسەنەی نامەهدییە... حاڵی بوی... تێ بگە...ئا... فرەت... وشەی ئافرەتی چاک بەدیان گرت و بەڕکەوە ئەدای کرد. چاوەکانی زیت کردەوەو لێوانەکەی پڕ کرد لەئاو. دەنگە دەنگی دایکی و باوکی بەرز بۆوە، مەهدی بەخەیاڵ چووە ناو کەل و کون و قوژبنی ماڵەکە، بۆ تا دەسکێشەکە ئەگەڕا و ئاگای لە هیچ نەبو. بەدم نان خواردنەوە چوە ژێر خان. ناو قوژبن. ناو یەغانە کۆن، تەلیس و تورەکە گشتی گەڕا. لە کوێ دیبوی؟! بیری نەدەهاتەوە. لەوێ هاتەدەرەوە چو بۆ هەمماری، ورد چاوی بەهەموو شوێنێکیدا گێڕا. لە پڕ بیری دەکەوتەوە کە لەسەر سفرەیە و خەریکە نان ئەخوات. سەری دادەخستەوەو خەریکی نان خواردن ئەبو. بەدەم تیکەگرتنەوە خیاڵی دیسان ئەچێتەوە بەشوێن دەسکێشەکەدا و سەر لە نوێ کەل و کون دەگەڕێ. داڵغە بردویەتەوە و خەیاڵی لای خۆی نییە. نەیدەزانی لە کوێدا دیبوی. دیسان ژێرخان، هەورەبان، هەمماری. وا بەشوێن دەستکێشەکەدا ون ببو کەئاگای لێنەبو سەیری باوکی ئەکات و باوکی بەڕقەوە سەیری ئەکات. بیری کەوتەوە لە کوێدا چاوی پێی کەوتبو. ڕەنگی گەشایەوە و بزە نیشتە سەر لێوی. باوکی بەم بزەو گشانەوەی مەهدی توڕە بو دەنگی بەرز کردەوە:

– ئەوە سەیری کوێم ئەکەی و بەدەممەوە پێئەکەنی؟!... ئاخر من چیم هەیە وا مەدحم بوی و چام لێهەڵ نابڕی... یا خوا کوێراییت دایە. سەرت داخەì سەرت داخەنانەکەت خۆ یا خوا سنان بخۆی.

مەهدی نەیەزانی چاوی والە باوکیەوە و سەیری ئەو ئەکات. سەری

داخست و خەریکی نان خواردنەکەی بۆوە. قسەکەی باوکی بیر کەوتەوە. «کوێم جوانە» دیسان سەیری باوکی کردەوە تا بزانێ کوێی جوانە و چۆنە. لەبەر خۆیەوە وتی: «بۆچی تا ئێستە سەرنجم نەداوە!! راستی باوکم چۆنە؟ جوانە؟» هات دیسان سەیری بکاتەوە لە پڕ بیری قسەکانی باوکی کەوتەوە بزەی هاتێ و سەری داخست. بەگۆشەی چاو سەیری دایکی کرد. نەیوێرا ڕاستەوخۆ سەیری چاوەکانی بکات. چونکە ئەترسا دایکی لە چاویدا بیخوێنێتەوە دایکی خۆی ئەیوت: «ئا تماشام کە... ئا سەیرم کە... تا بزانم چی تێدا نوسریا ناوچاوانت. ئادەی بزانم ڕاس ئەکەی یان درۆ». نان خورا. باوکی پاڵی داوە مەهدی لەگەڵ دایکیا سفرەکەیان کۆوە کرد. مەهدی چای هێنا بۆباوکی و دایگی خەریکی حاجەت شۆردن بو. باوکی دیسان ڕادیۆکەی ناوە پەنا گوێی، کرە کرِ هەرتاوێک دەنگێکی لێدەهات. لەبەر خۆیەوە قسە ئەکات:

– دڵم بەو کوردییەی بەغدا خۆشبو ئەویش نادات... ئەی بەزیاد نەبی... دنیا کاول بووە...... هەر عەرەبی...... هەر فارسی... ئەی قڕتان تێکەوێ.

مەهدی بەئەرخەیانی، لەوەی کەبۆی دەگەڕا پەیدای کردبو، کتێب و دەفتەرەکەی هێنا بەردەستی. دەرسەکانی ئەوەی کەمابو ئەنجامیداو خوێندی. هەر لەویاشدا خەون بردیەوە.

***

بەیانی زوو دایکی بەدەنگەدەنگ خەبەری کردەوە:

– هەستە... مەهدی هەستە... هەستای؟...... ئەوە نیوەڕۆیە... هەستە، کوڕە هەستە، دەمووچاوەکەت بشۆرەو ناشتاکەت بخۆ. بچۆ کوڕەکەی برات بێنەرۆ...... دەهەستە. دەی هەستە. هەستای؟

هەستە هەستەی دایکی لەناو مێشکیدا کاری دەکرد و دەنگی ئەداوە.



هەستە هەستەی دایکی تەواو نابێ تا ئەم هەڵنەستێ و نەچێتە خوارەوە. بەنا بەدڵیەوە هەستا. پانتۆڵەکەی کردەوە پای، کە شەو دایکی بەدەم خەوەوە لە پێی داکەندبوو. توند دەستی برد بۆ گیرفانی. کەلاو تەختەکەی تێدا بو. بەدەم لەترەوە چوە خوارێ، دەم و چاوی شۆرد. بەخنەخن دەستی کرد بەناشتا خواردن. دایکی لێی توڕە بو. وتی:

– ئەوەگێلە گێلی چیتە؟ ئێژی بوکی، نۆکێ بەنۆ گاز ئەخۆی.ئاخ بمزانیایە خەریکیچیت و لەچی ئەگەڕێی. چی لەو مێشکە هەڵۆڵەتدایە. بەخوا برا نەمری و نەچی لە خۆی ئەچی. کوت و مت. ئێژن حەڵاڵزادە لە خاڵۆی ئەچێ. ئەینەهو خاڵۆ حەمەت. هیچ لات نەدا. ئەو تڕییە تۆی لێ دەر پەڕییە... زوو کە... زووکە بچۆ براکەت بێرەرۆ...

مەهدی لە ژێر لچەوە:

– ناچم

دایکی بەتوڕەیی ئەقیژێنێ بەسەریا:

– بۆ ناچی؟

مەهدی سەری داخستو لە ژێر لچەوە:

– دەرسم هەیە.

– دەرست هەیە؟...... ئەری؟!... نەوڵڵا کارت هەیە.

سێ چوار جاریتر پێیئەڵێ، مەهدی بەقسەی ناکات. چارشێوەکەی ئەگرێ بەدەستیەوە لەبەر دریاکە ئەڵێ:

– خۆ نازانم خەریکی چیت و چی ئەکەی، وەلێ دەست بۆ هیچ نەبەی. دەست بۆ هەرچیببەی ئەت کوژم... دەست نەبەی بۆ چەقۆکە... حاڵی بوی.

مەهدی لەشەوەوە بەتەمای ئەم دەرفەتە بو کە دایکی بچێ بەشوێن هادی

براکەیدا و ئەم بەتەنیا لەماڵەوە بمێنێتەوە. تەقەی درگاکە هات. هەستا لەپەنجەرەکەو سەیری کۆڵانی کرد. دایکی توند توند ئەڕۆیی و هەنگاوی گەورە گەورەی هەڵدەگرت. لە سەر پێچی کۆڵانەکەدا لە چاو گوم بو. کتێبەکەی فڕێدا. بەهەڵاتن چو بۆ هەمار. کاتێ کە درگاکەی کردەوە. دی دەستکێشەکەبە مێخەکەوە نییە. چاوی بەمێخەکەوە وشک بو. ئاوی دەمی قوتدا. خیرا چاوی لەسەرەوە بەناو کەرەسەکاندا گێڕا. دەستی بۆ هیچ نەبرد، نەیوێرا چاک پێیاندا بگەڕێ. بێتو شپرزە ببوایە دایکی ئەیزانی، تازە هەڵی پەرژاندبو. بەهێمنی شتەکانی لەسەرەوە لاداو تەماشای ژێرەکەی ئەکرد. لە دایکی ئەرخەیین بو کەتا درەنگان نایێتەوە. هەر کە لەگەڵ دایکی و خوشکی یەکیان بدیایە لانی کەم ساعەتێک قسەیان ئەکرد. پاشان تۆزێ تر لە بەر دریاکە غەیبەتی باوکی منداڵەکانیان ئەکرد. «دیتە منالەکان حەز لەماڵ باوکی ئەو ناکەن داخی لێدی دێن بۆ ئێرە». دوای ئەوە دو سێ هەنگاوی تر ئەنێ. لاوەلا لە ناو دریاکە ئەڵێ «حەزیش بکەن بچن خۆڕویان پێنادەن. کوێر بن منداڵەکانی من نەبینن... دریا هەمیشە لەسەر پشتە بۆ کچ و کچەزا و زاواکانی. ئیتر ئێمە نە بنیادەم... لە دورۆ میاو». لەم خەیالانەدا بو کە چاوی پێی کەوت. دایکی لەژێر سیپی چاییێک شاردبوویەوە. دەری هێنا. سەیری هەمارەکەی کرد. نەشێوابو. درگاکەی بەست و بەپەلە گەڕاوە بۆ سەر. لە پەنجێرەکەوە سەیرێکی کۆڵانی کردەوە. دایکی دیار نەبو. چاوی بۆ مەقەستەکە گێڕا. هەوڵ ببو. لە تاقەکە لەپاڵ ئاوێنەکە دانرابو، چاوی پێی کەوت، پتەوی دەسکێشەکەی لێ کردەوە. پەنجەکەی خستەناو تورەکەی زبڵەکەو هەروا کە گرێی لێدرا بو گرێی لێداوە. دیسان کردیەوە. بەمەقەستەکە دودانە کلاوەی قامکی دەسکێشەکەی لێکردەوە. دیسان خستیەوە ناوتورەکەی زبڵەکەو گرێی لێداوە و کلاوەکانی خستە گیرفانی. دایکی هاتەوە. مەهدی



کتێبەکەی گرت بەدەستیەوە خەریکی هاتو چو بۆوە لە ژورەکەدا. دایکی هاتە ژورەوە. چارشێوەکەی لە دواوە کۆ کردەوەو کردی بەمێخەکەدا. بێ ئەوەی سەیری مەهدی بکات چووە هەوێشخان. بەدەم ڕێوە وتی:

– باوەڕ پێکراوت بەکۆێ زوخاڵ بێ... ئا تماشاکە.

مەهدی سەری داخست. کتێبەکەی گرت بەبەر چاویەوە، بەدزیەوە پێکەنی. دایکی وتی:

– پێکەنە...... بۆ پێناکەنی.

برا بچکۆلەکەی بەپێکەنینەوە هاتە ژورەوەو چو بەرەو ڕوی مەهدی وتی:

– کاکەگیان... کاکە مەهدی گیان... کا...

مەهدی نەیهێیشت قسەی براکەی تەواو ببێ بەتوڕەییەوە لێی گرژ بووە:

– بڕۆ لاچۆ... لاچۆ گووە... لاچۆ

هادی دڵی پڕ بو پاڵی دا بەدریاکەوە و لچی هەڵقورتاند. لەژێرەوە سەیری مەهدی ئەکرد بەمەزڵومی، بەشکم ئاشتی بکاتەوە. مەهدی تۆزێکی تر لە ژورەکەدا خولەی هات. کتێبەکەی لە تاقەکە داناو دیسانەوە لە براکەی ڕوش بۆوە، پانتۆڵەکەی هەڵکێشا وتی:

– دایکە من ئەچم بۆ دەرۆ.

مۆڕەێکیتری کردەوە لە براکەی ئەڵبەت ئەم توڕەبونانە بۆ ئەوە بو براکەی شوێنی نەکەوێ.

دایکی لە هەوێشخان خەریکی کار بو تەقە تەقی حاجەتەکانی ئەهات. وتی:

– جا بۆ ناچی... دنیا لە سەر جێگای خۆیەتی... هەر تۆی کەمە...

بۆناچی ژێرەوژوری کەی... بەخوا تۆلە کۆڵان نەوی عەرز و دارو بەردو عاسمان بەدستۆ ئەحەسێنۆ.

پاش تۆزێک بێ دەنگی، وتی:

– شەڕ نەکەی.

– نە.

– براکەیشت بەرە... با بەر دەستم نەگرێ.

هادی یەک دوو هەنگاو شوێنی کەوت. قامکی کردبو بەدەمیداو لەژێرەوە سەیری مەهدی ئەکرد.

مەهدی دیسان مۆڕەێکی لێ کردەوە و وتی:

– لاچۆ... لاچۆ... لاچۆ گووە... شوێنم نەکەوی... ئەتکوژم.

ماتڵی قسەی دایکی نەما. بەهەڵاتن چو بۆ کۆڵان. دیسان گەڕاوە دارەکەی لەبیر چبو. دەنگی گریانی براکەی و تورەبونی دایکی ئەهاتە حەوشە. دارەکەی لەپاڵ پێ پلیکانەکەدا هەڵگرت و بەڕاکردن چۆوە بۆ کۆڵان بۆلای هاوڕێکانی. هەموویان لەبانی حەمام ماتڵی ئەو بوون. پتەوی دەستکێشەکە و کلاوەی قامکەکانی دەرهێنا. دارەکەشی کردبو بەبەر گۆرەویەکەیدا لەژێر پانتۆڵەکەی دەری هێنا. هەموویان پێکەنان و خۆشحاڵ بون. دانێکیان کە هیچ کارێکی نەکردبوو، ڕوی کردە مەهدی وتی:

– ئەوە خۆ تایێکە. من تایەکی تر لەم دەسکێشەم هەیە. ئەچم لەگەڵ مەقەسەکە ئەیهێنم.

هەموویان بەرەو ماڵی سولەیمان وەرێکەوتن، وتی:

– هەموتان بچنە بەر پەنجەرەکە بوستن.



چووە حەوشە. دایکی لەگەڵ ژنەکانی دراوسێی دانیشتبون و خەریکی قسەکردن بون. چاویان بەسولیمان کەوت قسەکەیان بڕی.

– سلام.

– ئەلەیکە سلام.

– ئەلەیکەسلام کوڕە شیرینەکەم، سولەیمان گیان.

سولەیمان چووە سەر لە بەر خۆیەوە لەو بیرەدا بو ئێستە ژنەکان بەدایکی ئێژن: «وەی ماشەڵڵا سافیە خانم ئەو کوڕتە چەن کوڕی چاکە». دانێکی تر ئەڵێ: «چەن ئاغانە هات سەری داخست و ڕۆیی» لەم خەیاڵانەدا بو کە یەکێ لە ژنەکان بانگی کرد:

– سولەیمان گیان؟

سولەیمان بێ ئەوەی کە جواب باتەوە چووە سەر وێستگەکە وێستا. ڕوی وەرگێڕا. دیسانەوە ئەو ژنە لەگەڵ دایکیا بانگیان کردەوە:

– سولەیمان گیان.

ئەو ژنە دەستی گرت بەدەمیەوە وتی:

– ئەیەڕۆخۆ جوابم ناداتۆ. من چەن کلۆڵم.

سولەیمان ڕوی کردە دایکی:

– بەڵێ دایکە.

وا ڕوی کردە دایکی وەک ئەسڵەن دەنگی ئەو ژنەی نەبیستووە. دایکی و ژنەکان هەموو پێکەوە سەیریان ئەکرد. ئەو ژنەی کەبانگی کردبو دایکی خولەبو سولەیمانیش خۆشی لە خولە نەدەهات،چونکە چەن جار بەرۆکی پێ گرتبو. ببو بەشەڕیان. دایکی خولە وتی:

– حەز ئەکەی ببی بەزاوای من سولەیمان گیان ئەرێ؟

ژنەکان لەناو خۆیاندا کردیان بەشۆخی:

– ئەبێ بەزاوای من.

– نەوەڵڵا زاوای خۆمە.

– هینی هیچتان بەکار نایەت. کەژاڵی خۆمی پێ ئەدەم.

دایکی خولە ڕوی تێکردن. وتی:

– ئەرێ باوە ئەوە بۆچی ئەون بەباعیسی کاری خێر. وەی ژن چەن خراپین.

ژنەکان بێدەنگ بون. سولەیمان چووە ناو فکرەوە. بیری لە کچەکان ئەکردەوە «کەژاڵ ئەوە کەی بەکاردێ. لەخۆم بچوکترە. کچەکەی شیرین خانم. لاوە ئەوە کەی کچە ئەوە زۆر شەڕانیە . حەمیدە، جوانە. ئەرێ وەڵڵا حەز ئەکەم». دایکی خولە چاوی بڕیبوە ناو چاوی. سولەیمان لە دایکی بیستبو کە ژنەکان ئێژن «مەحسومە خانم ئەونە بەدەمو زمانەبەرد نەرم ئەکا». پاش تۆزێ کە لێیان ڕاما مەحسومە خانم وتی:

– ئەگەر ڕفێقی مەحموی منیش بکەی حەمیدەی کچم بۆ تۆ. ئەونە کچی خاسە.

ژنەکان ڕویان کردە یەک و دەستیان کرد بەپێکەنین. سولەیمان بەخاتری حەمیدە تۆزێ خۆشی لە خولە هات. یەکێ لە ژنەکان لەپاڵ شیرین خانمەوە دانیشتبو. وتی:

– بەخوا مەعاملەیەکی جوانە. خۆ ئەمان چۆار کۆڵان ناگەڕن حەمیدە شو ئەکات.

دایکی ڕوی کردە سولەیمان وتی:



– بڕۆ... ڕۆلە بڕۆ... ئەمانە بۆ تۆ خەسو نابن... ئەوانیش بۆ تۆ بەبوک نابن... بڕۆ.

سولەیمان ئەیدی کە ژنەکان لە ناو خۆیاندا لەسەر ئەوەی کە ئەوێ و ناوێ شەڕە قسەیانە. ئەمیش لە دڵی خۆیدا بیری لەوە کردەوە کە ببێ بەزاوای مەحسومە خانم، حەمیدە کە سێ ساڵ لەخۆی گەورەتر بو ببێ بەژنی. بەم خەیاڵانەوە دەسکێشەکە و مەقەستەکەی لە پەنجێرەکەوە دا بەمنداڵەکان. ئەیدی کەبە پەلەپەل پتەوی دەسکێشەکە لێدەکەنەوە. مەقەستەکەیان بۆ خستەوە. یەکێ لە منداڵەکان وتی:

– هاتیتە خوارۆ بەن بێرە بەن... بەنت لە بیر نەچێ.

سولەیمان نەیبیست. لە خەیاڵی ئەوەدا بو لەگەڵ حەمیدە پێکەوە دێن بۆ ماڵ باوکی و ناهێڵێ حەمیدە بچێ بۆ ماڵ خۆیان و سەری دایکی بدات. مەحسومەخانم لەبەر دریاکەی خۆیان هەردودەستی ناوەتە بەر پشتوێنەکەی و پاڵی داوە بەدرگاکەوە و سەیری حەمیدە ئەکا. حەمیدەش کە بۆ خچێک وا بەباوەشیەوە لەناو دریاکەدا وێستاوەو ناچێتە ژورەوە سەیری دایکی ئەکا.

سولەیمانیش کە بەبالا تۆزێ لە حەمیدە چکۆلەترە لە دواوە بەهەردو دەست پاڵیتێوە ئەنێ و بەزۆر ئەیکا بەدرگاکەداو درگاکە شەق پێوە ئەدا. لەگەڵ ئەم پێوەدانە دەنگی پێکەنینی ژنەکان و هەرای دایکی بەرز ئەبێتەوە:

– ئەوە ئەو درگاتە بۆ پێوەدا... یا خوا نەمێنی.

هاتەوە هۆش خۆی دی لە کۆڵانە. دەنگی دایکی بیست کە دێت. لە ترسا هەڵ هاتەسەر کۆڵانەکە. دایکی درگاکەی کردەوە وتی:

– مەگەر نەتگرم کرمە تۆپیو... شەرتبێ بت کوژم... هێشتە هیچ نەبووە

دڵ پیسی ئەکەی.

دایکی چووە ژورەوە. سەیرێکی درگاکەی ماڵمەحسوم خانمی کرد. دی حەمیدە وا لە بەردریا و لەگەڵ کوڕێ خەریکی چاو شارەکێیە و دەس تەکان ئەدا و سەر ڕائەوەشێنێ. ڕقی هەستا لە حەمیدە لە دوورەوە خێسەی لێدە کرد. لەبەر خۆیەوە وتی:

– دایکت تۆی داوە بەمن وەختی خۆی. ئەت تۆپێنم.

ڕوی وەر گێرا و لەگەڵ ئەو خەیاڵە خۆشانەدا چۆوە ناو منداڵەکان. هەموویان دیسانەوە چون بۆ بانی حەمام سەبارەت بەو قسانەی کە لەماڵەوە کرابو. لای منداڵەکان هیچی نەوت. چاوی بەخولە کەوت. لە دڵی خۆیدا هەستی کرد کە ئەبێ ڕێزی لێ بگرێ. بەڵام لەبەر منداڵەکان بەتایبەت لەبەر مەهدی نەدەبو. چونکە دوێنێ قڕەی بەمەهدی فرۆشتبو. هەستا سەر پێ. تا خولە لە پێچی کۆڵانەکەدا ونبو هەر چاوی تێوەی بو. لە دورەوە چاوی بەباوکی مەهدی کەوت کە لە پێچی دوکانەکەی مامەمەولان خەریکە دێ بۆ بانی حەمام. بێ ئەوەی کە دانیشێ یان سەیری خوارەوە بکات، وتی:

– مەهدی باوکت هات بۆئێرە.

مەهدی بەدانیشتنەوە چووە ئەولاوە و خۆی لە پشت فۆتەو قەیفەکاندا کە هەڵیان خستبو وشک ببنەوە، داشارد. باوکی هاتەپێشێ. چووە سەر تەپۆڵکێک کە بتوانێ جوان هەموو ناوبانی حەمامەکە ببینێ. جوان چاوی بەناو منداڵەکاندا گێڕا، وتی:

– مەهدیتان نەدیوە؟

منداڵەکان هەموویان پێکەوە وتیان:



– نە... نەوڵڵا لێرە نییە... نەمان دیوە.

باوکی تۆزێ چاوی بەناو بان و منداڵەکاندا گێڕا. خولەو مەهدی چاویان لەیەکەوە بو. مەهدی ترسا. بەڵام خولە ڕوی وەرگێڕا و چووە ئەو لاوەباوکی دیسان پرسیەوە:

– نەتان دیوە؟

– نەوەڵڵا... لای ئێمە نییە.

– نەتان دیوە؟... دەڕوی باوکی درۆزنەکە.

منداڵەکان دانیشتنەوە خەریکی دار قۆچەقانیەکە بون. سولەیمان بەپاوە وەستا. چاوی لەباوکی مەهدییەوە بو تا ڕۆیی. تا ماوەیێک کە ئەرخەیین بو لە پشت دیوارەکە خۆی دانەگرتە مەهدی بانگ نەکرد. کەژەکانیان بەست بەدارەکەوە و کلاوەی قامکەکانیان کرد بەسەر دارکەدا، تا کەژەکە دەر نەیێت. ئێستە مابۆوە کوتێ چەرم بۆ جیگە بردەکەی. سەیری یەکیان کرد. هەموو تێکڕا سەیری کەوشەکانی یەکیان کرد. مەهدی وتی:

– لە ماڵەوە کەوشەکۆنتان نییە؟!

هیچیان جوابی یەکیان نەداوە. بڕێ سەیری یەکیان کرد. مەهدی کەژەکەی بەست بەدەور دارەکەوە. کردی بەبەر بەندۆخێنەکەیدا و بلوزەکەی داوەبە سەریدا. ئەمجار لەبانی حەمام دەستیان کرد بەکایەکردن و هەڵات هەڵات. بەبۆنەی هەڵاتنی ئەمانەوە لەسەر بانەکە، جامداری حەمام بەدارێکەوە هاتە بان. کەوتە شوێنیان. منداڵەکان هەر یەکێ لە لایێکەوەهەڵهاتن. هەموویان لەبەر دوکانی مامەمەولان یەکیان گرتەوە و یەک تۆز سەیری مێشێنی پیاوەکانیان کرد و هەموو چونەوە بۆ ماڵەوە.

مەهدی دار لاستیقەکای لە حەوشە داشارد. لەبەر ئاوەکە دەست و دەموو

چاوی شۆرد. چووە ژورەوە، کتێب و دەفتەرەکانی کۆکردەوە. دایکی نانی نیـوەڕۆی بۆ دانا. مـەهدی سـەیری هادی برای کـردو بانگی کـردە لای خۆیەوە. مـاچی کـرد و تەختـە و کـەلاکـەی لە گیـرفـانی دەر هێنا و دای بەدەستیەوە وتی:

– ها تا دێمەوە کایەی پێکە گومی نەکەی.

دایکی لە هەوێشـخـان هاتە دەرەوە، چاوی بەتەختـەو کـەلاکـەی دەست هادی کەوت. ڕوی کردە مەهدی وتی:

– ئەرێ وەڵڵا جوانە. نانەکەی خۆت بخەرە کۆشیەوە. لە تۆ تەواومان کرد نۆبەی ئەوە.

دایکی تەختەو کەلاکەی لێ سەند. هادی دەستی کرد بەگریان و لاقە فرتێ. دایکی چووە هەوێشخان و مەهدی بەئەسپای وتی:

– مەگری بۆت دروست ئەکەم.

هادی بەپشتی دەست فرمێسکەگانی پاک کردەوە و بەقۆڵی بلوزەکەی چڵمەکەی سڕی. مەهدی نانەکەی خوارد. کەژی کتێبەکانی کەلە گیرفانیدا بو دەری هێناو پێچای بەدەور کتێبەکانیەوە و خستیە ژێر بلوزەکەی. دەستی هێنا بەسەر براکەیدا و خواحافیزی کرد. دایکی وتی:

– بێستەمەهدی کارم پێتە.

دایکی هات بۆ لای. دەستی هێنا بەسەریداو ماچی کرد. تمەنێکی خستە ناو مشتی و دیسانەوە ماچی کردەوە وتی:

– ئیتر مەچۆ بۆ دوکان. یەکراست بچۆبۆ مەدرەسە حەز ناکەم باوکت ئاوا لەگەڵتا ڕەفتار بکات.

مەهدی تمەنەکەی لە دایکی وەرگرت. سەیری کرد. وتی:



– ئەگەر نەچم بۆ دوکان، داوای جیرەکەم نەکەم ئەزانێ تۆ جیرەکەت پێ داوم. ئەوسا تورە ئەبێ و لەگەڵ تۆئەیکا بەشەڕ.

دایکی دیسان باوەش ئەکا بەملیداو ئەینوسێنێ بەخۆیەوە. ئەڵێ:

– ئۆخەی کوڕە خەم خۆرەکەم.

هادی بەلای دایکیەوە وەستاوە. ڕو ئەکاتە مەهدی و ئەڵێ:

– کاکە بەیانی بۆم دروست ئەکەی؟

مەهدی سەیری ئەکا، ئێژێ:

– نە.

هادی لچی هەڵ ئەقورتێنێ. مەهدی دەست ئەهێنێ بەسەریا و ئەڵێ:

بەیانی بۆت دروست ناکەم وەلێ تەختەکەی من بۆ تۆ.

هادی لە خۆشیا هەڵ ئەخاتەوە. گۆشەی کراسەکەی دایکی ئەکێشێ:

– یالڵلا زوکە تەختەو کەلاکەی کاکەم پێبە.

مەهدی ڕێ ئەکەوێ. تا ئەچێتە دەرەوە دایکی لە دواوە هەر سەیری ئەکا و بەخۆی ئەڵێ:

– یەک ساڵانە دوساڵانە ئەخلەتێنێ ئەمەیە.

منداڵەکان بەپێی عادەت لە ژێر دارەکەی بەر دوکانی کا حەمە ڕەحیمی پینەچی کۆوە دەبون. لەگەڵ مەهدی یەکیان گرت. لای منداڵەکان نەیوت کە دایکی جیرەی پێداوە، منداڵەکان ماتڵ بون تا بزانن مەهدی چی ئەکا. ئەچێ بۆلای باوکی یان ئەچێ بۆ مەدرەسە. خۆیشی کەوتبوە دو دڵیەوە کە بچێ یان نەچێ. ڕوی کردە منداڵەکان وتی:

– یەک تۆزە بوەستن ئەچم تا لای باوکم.

مەهدی ڕووەو دوکانی باوکی وە ڕێکەوت. چووە ناو دوکانەکەوە. باوکی وەک هەمیشە لەسەر کورسیەکەی خۆی لای ژووروی دوکانەکەوە دانیشتبو. لەگەڵ دراوسێ دوکانەکەیدا خەریکی گاڵتەو گەپ بوون و قاقا پێدەکەنان و دەیانکێشا بەڕانی خۆیاندا. دراوسێ دوکانەکە ناوی عەزیز بو، لەسەر کورسییەک لای خواروی دوکانەکە دانیشتبو تا چاویشی لە دوکانەکەیەوە ببێ. مەهدی زۆر ڕقی لەم کابرایە بو. چاوی پێی کەوت، پای سست بو. چووە دوکان و سڵاوی کرد. باوکی جوابی نەداوە بەڵام دراوسێکە بەپێکەنینەوە سەیری مەهدی کرد، جوابەکەی کێش هاورد و درێژی کردەوە وتی:

– ئەی وە عەلە...یکو......مو......سسە... لام

تۆزێ سەیری مەهدی کرد. پاشان ڕوی کردە باوکی وتی:

– چییە؟ باوکی کامەهدی جەنابی کاکە عەبە دیسان نێوانتان شەکەراوە.

کا عەبەخۆی کرد بەکەڕ روی کردە مەهدی:

– هەر ئەوە کە دوێنێ پێم وتی.

مەهدی وێستاو سەیری باوکی کرد،باوکیشی بێ دەنگ سەری داخست تا چاوی لە مەهدییەوە نەبێ. هەموو بێدەنگ بوون. بەس دەنگی جارجاری مێشێک ئەهات، بەتوندی خۆی ئەدا بەشیشەکەدا و ویز ویزی ئەکرد و دیسان گظەی ئەکرد و هەڵدەفڕییەوە.

باوکی تەزبێحەکەی هەڵسوڕان و ڕوی کردە مەهدی:

– برۆ مەوەستە... چیم پێ وتی ئەوە بکە... برۆ دۆعا بکە... دۆعا.

کا عەزیز بەسەر سوڕمانەوەسەیری مەهدی کرد و پاشان ڕوی کردە کا



عەبە پرسی!

– دۆعا بۆ چی؟!... با ئێمەش بزانین... ئەگەر خێرێکی تێدایە و دوقڕانی تێدا پەیدا ئەبێ کاکە ئێمەش هەین – هەر دو دەستی هەڵ هێناو ڕوی کردە ئاسمان – خوایە بۆ خاتری گەورەیی خۆت و...

لەبەر پێکەنین دوعاکەی بۆ تەواو نەکرا ڕوی کردە کا عەبە، سەرێکی ڕاوەشاند، کا عەبە کە دی واز ناهێنێ، تا نەزانێ مەسەلە چییە ئارام ناگرێ و زۆر لە سەری سورە، بۆی گێڕاوە کا عەزیز قاقا پێکەنی و وتی:

– جا ئەوە کارە... کەی تا ئێستە شتی وا بووە. ئەوە دانێ بو بەناوی ئەسحابی کەهف و تەواو بو.

مەهدی پڕ بەدڵ خۆشی لەم کابرایە نەدەهات. بەڵام چونکە ئێستەخەریک بو لایەنی ئەمی ئەگرت تۆزێک خۆشی لێدەهات. باوکی ڕوی کردە ڕفێقەکەی، شێوێکی قەڵسی گرت بەخۆی وتی:

– تۆ خۆت دوو کوڕت هەیە ئەڵێی دەستەییێک گوڵن، قەڕانێ خەرجیان نییە. ئێستە فتوا بۆ ئەوەی ئێمە ئەدەی – تەزبێحەکەی هەڵسوڕاند و خۆی لەسەر کورسیەکە جێ بەجێ کرد – تۆ خۆت ناڵێی هەرچی من هەمە لە سایەی ئەو دوو کوڕەوەیە لە سایەی دۆعا و پاڕانەوەی ئەو دوانەوەیە. جیرەکەیان پێ ئەدەم لێم گل نادەنەوە ئێژن باوکە هەرەکمان ناوێ. تۆ خۆت باسیان ناکەی؟ مەگەر ئەمە قسەی تۆ نییە؟

مەهدی بەبیستنی ناوی ئەو دو کوڕە ڕک و نەفرەت تەواوی گیانی گرت. باوکی هەرچی توڕەئەبو قەزای ئەو دوو کوڕەی لێ دەخست، کە چەن کوڕی چاکن و چەن جگەر سۆزی باوکیانن. مەهدیش چاک ئەیزانی لە مەدرەسە خەریکی چین و چۆن پارە بەدەست ئەهێنن کا عەزیز کە زانی لەوەی لایەنی مەهدی گرتە دڵی کا عەبەی لێ ڕەنجاوە، ڕووی کردە مەهدی وتی:

- ئاخر ڕۆڵە تۆجیرەت بۆ چییە لە ماڵۆ هەرچی شتە ئەی خۆی، بەزیادەوە هەتانەنەک بەکەمۆ، کەوایە تۆ...

مەهدی لە ڕک و ناڕەحەتی خۆیدا ئیتر هیچ لەقسەکانی کا عەزیزی نەدەبیست. سەری داخستبو. لەژێر لچەوە جنێوی پێ ئەدا و پڕ بەدڵ قیزی لە دەمو دیانە ژەنگاویەکەی ئەکرد. باوکی بەدەنگی بەرز پەڕییە ناو قسەکەی کاعەزیز و نەیهێشت تەواوی کا. وتی:

- کوڕە برا خۆت ئاگات لێیە کاسبی نییە. کەس شیشە ناکڕێ. کەس ماڵ دروست ناکا، دیارەبازاڕی شیشە نییە.

مەهدی سەیری پوتی وردە شیشەکەی کرد. ئەوەی دوێنێ سەرەکەی پرچ کراوەتەوە دانێکی تری لەسەر دانراوە، کەتا نیوە هاتووە. کا عەزیز دیسانەوە شوێن قسەکەی خۆی کەوتەوە، تاوێ ڕوی ئەکردە مەهدی، تاوێ ڕوی ئەکردە باوکی. مەهدی هیچی نەدەبیست.

بەس ئەیدی کە لێوی ئەجوێنێ و سەر ئەلەقێنێ و دەست ڕا ئەوەشێنێ. مەهدیش هەر لە ژێر لچەوە جنێوی پێ ئەدا و جارجار لە ژێرەوە سەیری ئەکرد، بەتەواوەتی لە دەمو لاژی ئەم کابرایە عاجز ببو. سەری داخستبو، سەیری کەوشەکانی خۆی ئەکرد، لەپڕ چاوی بەپێڵاوەکانی کا عەزیز کەوت. چاک سەرنجی سەر پەنجەکەی دا. باوکی و ڕەفێقەکەی هەر خەریکی قسەکردن بون.

کا عەزیز لاقی خستبو بەسەر لاقیدا و بەپای کایەی ئەکرد. مەهدی ئاگای لە هیچ نەبو. هەر سەیری پێڵاوەکانی کا عەزیزی ئەکرد و چاک چاوی گرتبو. فیکەی ڕفێقەکانی چوار پێنج جار هاتە گوێی. بەڵام نەدیدەوێرا جوابیان بداتەوە. باوکی زەق سەیری کردو بەتەوسەوە وتی:

- فیکەو بۆ ئەکەن. تەشریفت ناڕوا؟



مەهدی تا هاتە دەرەوە هەرچاوی لەپێڵاوەکانی کا عەزیزەوە بو. بێ خواحافیزی هاتە دەرەوە، ڕەفێقەکەی باوکی بەدەنگی بەرز وتی:

- خواحافیز

هەردووکیان پێکەنان. مەهدی چو بۆلای رفێقەکانی بەپەلە خۆی کرد بەبازاری تاژەوانچیدا، هەموویان شوێنی کەوتن چووە بانی بازار، کە ڕێگەکەی لەپشت قاوەخانەکەی کاعەشرەفەوە بو. لەپشت بانی سەنگەکیخانە دانیشت. منداڵەکان وتیان:

- مەهدی مەدرەسە درەنگە، ئاغای نازم ئەمان کوژێ.

مەهدی هەستا سەیرێکی دەم گوزەکەی کرد. بێ ئەوەی کە سەیری ڕەفێقەکانی بکات وتی:

- ئێوە بڕۆن من تەنیا لێرە ئەمێنمۆ. کتێبەکانیشم بەرن، ئەم دو زەنگە وەرزشمان هەیە. ئاگاتان لەدریایی مەدرەسە بێ. بەسەر تەنەکەکانی بازاڕدا مەڕۆن با دەنگی نەیێت. لەوەلاوە بڕۆن، لەبانی خەیاتەکانۆ.

منداڵەگان بەهەڵاتن ڕۆیشتن. مەهدی لەسەر ئەم بانەوە چاک سەر گوزەرەکەی ئەدی، کێ دێ و کێ ئەڕوا. بانگی نیوەڕۆ درا. عادەتی بازاڕی وابو کە نیوەڕوان تا نوێژی نیوەڕۆیان نەکردایە نەدە چون بۆ ماڵەوە. ڕەفێقەکەی باوکی هات. لەگەڵ دوکانداران دەستی کرد بەقسەکردن و شۆخی کردن. باوکی لەگەڵ نەبو. مەهدی خۆی شاردەوە. لە دواوەسەری دی کە چووەناو حەوشی خانەقا. لەگەڵ بانگدان بازار چۆڵ بو. هەموو چون بۆنوێژ. دوکانەکانیان بەلای منداڵ یان شاگردەوە بەجێ دەهێشت. ئەوەشی کە کەسی لەبەردەستدا نەبوایە چادرێکی ئەدا بەبەر دوکانەکەیدا و ئەچو بۆ نوێژ. چەن دەقێک لەبانگ گوزەرا. مەهدی کرژ هاتەخوارێ و چووە ناو حەوشی خانەقاوە. خەمی مجێورەکەی بو. لەبەر شێری ئاوەکە دەست و

دەموو چاوی شۆرد، خۆی فێنک کردەوە. سەیر کەوشکەنەکەی کرد. کابرای مجێوری تێدا نەبو. چووەپشت دریاکە دەنگی ئامین و ئەڵڵاهو ئەکبەڕ لە ناو خانەقاکە ئەهاتە گوێ. ئەم مزگەوتە چونکە هەموو بازاڕی بو کەسی تری لێنەدەکەوت مجێورەکە بە ئەرخەیانی دەچووە ناو مزگەوتەکەوە نوێژی خۆی لەگەڵجەماعەت دەکرد. تۆزێک سەیری دەورو بەری خۆی کرد. کەس دیار نەبوو. چووە ناو کەوشکەنەکەوە. چاوی بەناو کەوشکەنەکەدا گێڕا. دییەوە. کەوشەکەی کاعەزیز لەتەبەقەی دوهەم لە پشتەوە دانرابو. تایەکی هەڵگرت و بەهەڵاتن هاتەدەرەوە. یەک ڕاست چووە بانی بازار و خنی بەکونی دیوارێکدا. لەبەری ئەو بەری بازاڕەوە چۆوە بۆ مەدرەسە. مەدرەسەکەیان ناوی مەجدی بو. لەخیابانی فەرەح. لەپشت پارکی منداڵان لەبن کۆڵانێکی باریک و درێژ. درگاکەی بەحاڵکردەوە. فەڕاشەکە دیار نەبو. منداڵەکان هەر چاویان لەدرگاکەوە بو. مەهدی درگاکەی کردەوە فیکەیەکی کێشا. منداڵەکان چاویان پێی کەوت و تۆپەکەیان بۆ خست. تۆپەکەی گرتەوە و لەگەڵ تۆپەکەدا هاتە ژورەوە. منداڵەکان بەخۆشی چونەلای و دەستیان کرد بەتۆپێن.

زەنگی کۆتایی مەدرەسە لێدرا. لەناو تەواوی حەوش و کلاسەکاندا دەنگی داوە. تەنانەت لە ناو ماڵەکانی دەورو بەریشدا. منداڵ بەقیژەقیژ و شەڕە شەق لەدریای مەدرەسە هاتنە دەرەوە. مەهدی و ڕفێقەکانی وێڕای منداڵەکانی تر بەقیژەقیژ و هەرا هەرا وەدەر کەوتن. سەر شەقامی فەرەح و کۆڵانەکانی دەورو بەر بۆ ماوەی چەن دەقە گیانێکی تری بەبەر دا هاتەوە. هەموویان بەڕا کردن چونەوە بۆ ماڵ، کتێبەکانیان دانا و هاتنە دەرەوە. مەهدی لەڕێگە پێی وتبوون لە ماڵەوە یەکێکیان چەقۆیەک بێرن. فەرهاد وتی:

– من چەقۆم هاوردە.



مەهدی بەس بیری لای تاکەوشەکە بو کە لەبانی بازاڕ دای شاردبو. لەبەری لای لێفەدروەکانەوە چونە بانی بازاڕ. بەسەر سەر پۆشەکەی بازاڕدا کەبەلۆح و تەنەکە دروستیان کردبوو، هەڵدەهاتن و لە خوارەو بەدەنگی بەرز جنێویان پێ ئەدان. لەسەر بانی سەنگەکی خانە، کە تۆزێ نزمتر بو دانیشتن. مەهدی دەستی کرد بەکەلێنی بەین دوو دیوارەکەدا،تاکەوشەکەی دەرهێنا. منداڵەکان بەسەر سوڕمانەوە سەیریان کرد. تازە زانیان کە نیوەڕۆ چی کردووە. فەرهاد بەنابەدڵی چەقۆکەی دا بەدەستیەوە، تاکەوشەکە زۆر تازەو جوان بو. پێی حەیف بو. مەهدی سەیری فەرهادی کرد. زانی کەوتۆنەتە مەترسی. وتی:

– مەترسن کەس نەمیدی. هەموویان خەریکی نوێژ بون. دوای ئەوەش ئەو کەوشە هینی دراوسێکەی باوکمە،حەقی خۆیەتی. زوزو باوکم تیژ ئەکاتەوە و قسەم پێ ئەڵێن.

برایم وتی:

– کا عەزیز

فەرهاد وتی:

– باوکی ساڵە و حەمە وا ئەوڕا لێمان دان.

مەهدی چەقۆکەی گرت بەدەستیەوە. وتی:

– ئەرێ، ئیمڕۆ قسەی زۆر پێ وتم لەگەڵ کا عەبەی باوکم.

مەهدی باوکی بەکاعەبەناو برد لەڕقا. سولەیمان تاکەوشەکەی بۆ گرت. مەهدی سەر پەنجەکەی لێکردەوەو کردییەوە بەکونی دیوارەکەدا و بەردێکیشی خستە سەری کە لەسەر گوێسبانی سەنگەکیخانە دانرابو و لەقەی دا بەبەردەکەدا تا چاک بچێتە خوارەوە. ئەم سەر و ئەو سەری

چەرمەکەیان کون کرد. کەڗی دار لاستیقەکەیان پێوە بەست، مەهدی یک دوو بان چووە ئەولاترەوە. سەیری دوکانەکەی باوکی کرد. گڵۆپێک لەناو دوکانەکەدا بەکزی ئەسوتا. لەسەر شیشەکەدا نوسرابو. شیشە فرۆشی مەهدی.

منداڵەکان دیسان بەسەر تەنەکەکاندا هەڵهاتن و دەنگی جنێوی دوکاندارەکان لەخوارەوە بەرز بۆوە. بەهەڵهاتن چونە کۆڵانی موسابییەکان، لەسەربانی حەمام دانیشتن. مەهدی دار لاستیقەکەی دا بەدەس برایمەوە. وتی:

– ئەوە دێمەوە.

لە ڕێگە هەر بیری لەباوکی ئەکردەوە بڵێی جیرەکەی پێ بدات و پتر لەوە ئازاری نەدات.

دوکانەکەی باوکی لەپشت حەمام موسابییەکانەوە بو لەسەرو فەلەکەی هەڵۆوە. منداڵەکانی بەجێ هێشت و چووە دوکانەکەی باوکی. لەبەر درباکە بەبێدەنگی وێستا، ئەم بێدەنگییە دیار بو باس لە چی ئەکات. کا عەزیز دراوسێکەی باوکی لەسەر جێگەکەی بەر لە نیوەڕۆی لای درگاکەوە دانیشتبو. تایێک پێڵاوی ڕەش لە بەر پێیداو جوتێ دەمپایی لەپێدا بو. پای خستبوو بەسەر پایداو هەر دوو دەستی لە دەور ئەژنۆی قوڵف کردبو، باوکی لەسەر قورسیەکەی، خۆی پان کردبۆوە، ئانیشکی نابووە سەر دەستەی کورسیەکەی دەستی گرتبو بەدەمیەوەخۆی ئەخواردەوەو لێوی ئەکرۆشت. باوکی پتر لەوە خۆی پێ نەگیرا و دای لەقاقای پێکەنین. چاوەکانی سڕی وتی:

– شۆخی ئەکەی.

– شۆخی چی باوە.



ڕەفێقەکەی زوزو سەیری کەوشەکەی و کاعەبەی ئەکرد. جارجاریش گۆشەی چاوێکی ئەدا بەمەهدی. هەناسێکی هەڵدەکێشاو سەری ڕادەوەشاند. بەمشت ئەیکێشا بەسەر ئەژنۆی خۆیدا، ئەیوت:

– ئەشا باوە... وتمان ئیشەڵڵا...

قسەکەی تەواو ناکاو لەبەر خۆیەوە بەتوڕەیی ئێژێ:

– کێ دزێیێتی! بڵێی ئاشنا نەی بردبێ هەرەکی بێ شۆخی بکات!؟

دیسانەوە سەر دا ئەخاتو تەماشای عەرزەکە ئەکات. کا عەبە ڕوی تێئەکاو ئەڵێ:

– حەتمەن مجێورەکە سۆفی حەمەمین دایشاردە.

– نە باوە ئەو بۆچییەتی.

– چۆن بۆ چییەتی،تایەکی بردە، تاکەی تریشی سەبر ئەکا تۆ فڕێی ئەدەی هەڵی ئەگرێتۆ.

– نە باوە شتی وا چۆن ئەوێ – بەسەر سوڕ مانەوە، سەر هەڵ ئەبڕێ ڕو ئەکاتە کا عەبە – بڵێی شتی وای کرد بی؟!... نەباوە باوڕ ناکەم – بەتوڕەییەوە دەنگی بەرز ئەکاتەوە – ئاخر گو بەقەوری... ئێژێ کابرا جنێو ئەدات.

کا عەبە داخوازی لێدەکات لەسەر خۆ بێت. بەهێمنی ئەڵێ:

– نە... نە... جنێو باش نییە... بێتو نەوێ کاری ئاشنایە. هەرەکیانە سەر خەنە سەرت... هۆشت بێ ئەم تایەی تریشت لێنەدزن. حەز ئەکەی لای من داینێ با نەیبەن.

کا عەزیز بەتوڕەییەوە سەر هەڵئەبڕێ:

– نەکا خۆت دزیوتە... ئەرێ؟!

مەهدی سەیری کاعەزیزی کرد. بزەی کەوتبوە سەر لێو لە دڵەوە پێی پێ دەکەنا لەبەر خۆیەوە وتی: «دەبڕۆ هەر لەبەر خۆتەوە قسە بکەو تاریفی کوڕەکانت بکە» لە خۆشیدا دەستی خۆی هەڵدەگلۆفی و کەیفی بەکارەکەی خۆی دەهات. بیری کەوتەوە کە بۆچی هاتووە بۆ دوکان، سەیری پوتەکەی کرد و سەیری باوکی کرد. باوکی ڕەوتی نیگاکەی خوێندەوە وتی:

– دوکان بۆ هاتی؟ جیرە میرە خەبەرێ نییە بڕۆ.

باوکی ڕوی لە مەهدی وەرگێڕا و ڕوی کردەوە درواسێکەی. کا عەزیز هەر پیشی ئەخواردەوە. باوکی کە ئەیدی کا عەزیز بەم وەزعەوە زۆر ناڕاحەتە و زیاتر لە ڕکی خۆی تێهەڵ قورتاندنە نابەجێگەکەی نیوەڕۆ، زۆرتر ڕقی هەڵدەستاند، بەدەنگی بەرز پێدەکەنی و ئەیدا بەڕان و دەستی خۆیدا. مەهدیش بەم پێکەنینەی باوکی پێدەکەنا وێڕای باوکی قاقای لێدەدا وای ئەنواند کەئێستە زانیویەتی باوکی بەچی پێدەکەنێ باوکی. ئەمجار هەردوکیان وێڕای یەک پێدەکەنان و سەیری کاعەزیزیان دەکرد. باوکی وتی:

– لاوە باوە بۆی دامەچۆ... گوێی مەدەرێ

دیسان دای لەقاقای پێکەنین وتی:

– هەرکەس دزیویەتی من پێم وایە لاقێکی بووە... بەڵام هەرچی بیر لەو دزە ئەکەمەوە سەرم سوڕ ئەمێنێ – کا عەزیز سەیری کرد وەک بەئیشارە پێی بلێ بۆ سەرت سوڕماوە – ئەبێ ئەو دزە چەن چالاک بێ. بەلاقێکەوە دزی کردە ئەی ئەگەر خوای نەخواسەهەر دو لاقی ببوایە حەتمەن خۆیشتی ئەدزی.

کا عەزیز ناوچاوی دابو بەیەکدا و لێوی دەکرۆشت. پەنجەکانی دەستی



ئەتەقاندو هەناسی پڕ ئاخی هەڵدەکێشا، کا عەبە ڕوی کردە مەهدی وتی:

– چاک بۆ خۆت سەیری خۆت کرد و تێر پێکەنایت و پارەشت نەدا.

کا عەزیز بەتوڕەییەوە ڕوی تێکرد وتی:

– جا بۆچی مەگەر سینەمایە؟!

بێدەنگ سەریان داخستەوە. لە فکردا بو، کا عەبە ڕوی کردە مەهدی وەک ئامۆژگاری بکات. هەر چەند خەندە لەسەر لێوی لا نەدەچو وتی:

– ڕۆڵە مەهدی نەچی... ها... ها... ها

لەبەر پێکەنین قسەی بۆ نەدەهات:

– ڕۆڵە نەچی لە دەرۆ بلێیی... ها... ها... ها... تاییێک لە کەو... کەو... کەوشەکەی... ها.ها.ها کەوشەکەی مامەعەزیزیان...

کا عەزیز بەتوڕەییەوە سەیری کرد، تاکەوشەکەی بەقەڵسی هەڵگرت و چووە دەرەوە کا عەبەبەدەنگی بەرز بەدویدا وتی:

– خواحافیز... هۆشی خۆت بێ نەودزن.

ئەم چەن وشەی دوایی بەدەنگی بەرز وت وا کە ئەو بی بیستێ. ڕوی کردە مەهدی چاوەکانی کە بەدەم پێکەنینەوە فرمێسکی تێ زابو پاکی کردەوە وتی:

– بڕۆ ڕۆڵە بڕۆ... لێم تێک مەدە... پارەم پێ نییە. دو ساعەتە خۆم دروست ئەکەم... بڕۆ.

کا عەبە بیری ئەکەوتەوە و ئەیدا لە پڕمەی پێکەنین، مەهدی تۆزێ تر وێستا و سەیری باوکی کرد. بەڵام باوکی سەیری تەزبێحەکەی کرد و ئیتر سەیری مەهدی نەکرد. زوزو بزێک ئەهاتە سەر لێوی و دەیخواردەوە.

مەهدی لە دڵ خۆیەوە وتی: «من خاس پێکەنام یان تۆ» سەری داخست و هاتە دەرەوە بەهەڕاکردن بەرەو بانی حەمام بەڕێکەوت. لەگەڵ منداڵەکان سەریان کرد بەیەکدا و برێ چپە چپیان کرد. پێکەوە ڕێکەوتن. بەچۆلەکە کوشتن بەنێو کۆڵانەکاندا دەگەڕان. دانێکیان وتی:

– هەوا تاریکی بکات لە ماڵەوە شەقمان ئەوێ

– راس ئەکا کەی بەتاریکی کۆتر هەیە.

– نە... نە... کۆتر ئێوارانە زۆرە.

– ئەرێ... لەسەر بان و دیوارەکان ئەنیشنۆ... زیاتر غەریبەن.

– مەهدی... مەهدی ئەها کۆتر

– کوا؟!... کوا؟!...

– هۆشت بێ شیشە نەشکێنی.

مەهدی وتی:

– کەس دیار نییە؟

یەکێ لە منداڵەکان وتی:

– نە... کەس دیار نییە.

– دەی ماتڵی چیت؟ زوکە... خۆهەرەکت نییە کەوێتە هێلکە.

هەموو وێڕای برایم دایان لە قاقای پێکەنین. مەهدی پاش تۆزێک ڕامان و بیرکردنەوە وتی:

– منداڵەکان بڵاوە بکەین باشە ئەگەر بکەوێ لە شیشەیێک دانێکمان گیر ئەکەوین. هەر کامێکتان بچنەسەر کۆڵانێک بوەستن. فەرهاد تۆ بچۆرە لای مزگەوتی دێمەکالان، سولەیمان تۆبچۆ بۆ لای هەڵۆ لەوێوە بۆ ماڵتان



نزیکترە برایم و حەمەش لای حەوزەکەی دومنارە لەبەر کۆڵانەکە بوەستن کەس نەبو فیکەیێک بکێشن. منیش خۆم سەیری ئەم خوارەوە ئەکەم. مەهدی دوو بەردی هەڵگرت. دوانی تریشی پێ بو. بەردەکەی خستە ناو قۆچەقانیەکە، سەیری کۆترەکەی کرد. سەیری ماڵ حاجی مینەو پەنجەرەکانی کرد. لەبەر خۆیەوە وتی: «لە دوێ شەوۆ دۆعا دەکەم بۆ پەنجەرە، ئەشا شیشە».

چوار پەنجەرە بەڕووەی کۆڵان. هەر پەنجەرێک چوار چاوەی گەورەی تێدا بو. بەدەوریشدا چاۆەی زەردو سوری باریکی تێکرابو. جریوەی ئەستێرەکان کە ڕۆشن و خامۆش دەبوون سەرنجی مەهدیان بەرەولای خۆیان ڕادەکێشا کە لە دورەوە مانگ لە پشت هەورەکانەوە بەسپیی واشی خۆی ئەنواند. سەر دریاکان گڵۆپی پێوە نەبو، نزم بوایە ئەیان دزی و بەرز بوایە ئەیانشکاند، کە زیاتریان شکابون. مەهدی سەیری پەنجەرەکانی دەوروبەری کرد. پەردەکانیان دادرابۆوە. ماڵ حاجی مینە چرایان نەبو. مەهدی گوێی ڕایەڵ کرد، هیچ دەنگێ لە ماڵەکەوە نەدەهات. دیار بو لە ماڵەوەنەبون. دەنگی فیکەی منداڵەکان یک لە دوای یەک هاتە گوێ. مەهدی قۆچەقانیەکەی کێشاوە. قرمەو شریخەی شوشە، کۆتر هەڵفڕی... دوەهەم... سێهەم... پەردەکان لادرا، ناو کۆڵان روناک بۆوە، پەنجەرەکان کراوە. مەهدی هەڵهات لەهەر لایێکەوە ئەیان قیڕاند:

– هۆبیگرە...

– هەڵات بەرەو خوار...... چو بۆ لای پارکۆ

– ئەها بیگرە... کوڕە بیگرە

– نەهێڵی دەرچێ. کوڕە بیگرە.

لە کۆڵانی بەر مزگەوتی شێخ مەزهەرەوە هەڵگەڕاو لە کۆڵانی

موسایییەکانەوە چۆوە بۆ ماڵەوە. درگا کرابۆوە. نەیوێرا بچێتەژورەوە. وایدەزانی باوکی لە حەوشە ماتڵیەتی. بەئەسپایی درگاکەی کردەوە. دایکی لە پشت دریاکە لە تاریکی سوچی حەوشەکەدا ماتڵی بو. هەر کە مەهدی دی بانگی کرد. درگاکەی ژەندو چو بۆلای دایکی. دایکی بەهەر دوو دەست بەچەپۆک دای بەسەریدا وتی:

– ئەوە لە کوێی یاخوا قورکەی بەسەرتا دایک بەوبەخت. ئەو هەناسە بڕکێیەت لە چییە...... کێ شوێنت کەوتە؟ شەڕت کردە؟

– نە

– ئەی لە کوێ بوی؟

– لە هیچ کوێ.

– چۆن لە هیچ کوێ... کێ شوێنت کەوتە؟... هان بەشوێنتۆ؟

– نە... نە بەخوا... هیچ کەس

زوزو سەیری درگاکەی ئەکرد تا بزانێ کەس نییە بەشوێنییەوە، دانێک لە کۆڵان هەڵات. دڵی داکەوت وایزانی ها بەشوێن ئەوۆ. دایکی دەستی گرت. مەهدی ئەلەرزی. تەواوی گیانی نیشتبوە عارەق. دەستی دا لە دەموو چاوی. مەهدی لە عارەقدا خوسابو. بردیە بەر لولەی ئاوەکە دەست و دەموچاوی پێشۆرد. گۆرەویەکانی پێ داکەند. وتی:

– دایک بەوبەخت. ئەگەر بەختت ببوایە سەری باوکت نەئەخوارد... سەرەخۆرە. سەری خۆت ئەخوارد نە ئەکەوتیتە ناو ئەم بەو بەختیەوۆ... منیشت بەوبەخت نەئەکرد قوڕ کەی بەسەر خۆتا بۆ من... نەوڵڵا من بیکەم بەسەر خۆما بۆ تۆ و بۆ باوکت. دور لە تاقە براکەم.

بە چارشێوەکەی سەرو چاوی بۆوشک ئەکاتەوە ئەڵێ:



– لای باوکت وتم ناردومە بۆ ماڵ دایکم. تا لەچک و قولاپەکەی ببەیتۆ. عەسر لێرەبون لە حەیوەتی هادی لە بیریان چو.

– ئاخر لێرەبون.

– هادیش زۆر بەشوێنیاندا گریا.

چونەناو دریای داڵان. دایکی بەتوڕەییەوە گەڕاوە وتی:

– بۆئەپرسی هاتن؟!

– ئەترسم لە هادی بپرسێ و تۆبە درۆ بکەویتۆ. ئەوسا ئەوێ بەشەڕ.

– خەمی منت ببوایە ئاوا دیقت پێ نەئەکردم. خەفەت مەدە بەخۆت زەحمەت مەکێشە.

چونە بەر دریای ژورەکە دایکی دیسان گەڕاوە:

– لە بیرت نەچێ وابێژی.

هەر ئەمـــان چونە ژورەوە باوکی دەنگی هەڵبـــڕی بەردەوام بۆ هەلێک ئەگەڕا کە کارەکانی خۆی بسەلمێنێت و دایکی تاوانبار بکات.

– مناڵ بەچی بەو عەمەڵ ئەوێ...؟ هەر لە چوار شتی ئاواوەیە منداڵ لاسار ئەوێ. بۆیە هەرچی من پێی ئەڵێم گوێی پێ نادات. مێشک و گوێی ئەم هەتیوە وەک کاروانسەرای خا شەرافەت وایە. لەم دریاوە دێ و لەو دریاوە ئەڕوا. یەکیان دریایەو یەکیان دەروازە.

دایکی بەهێمنی و بەئارامی وتی:

– دەی باشە چی بووە، ئەوە کوڕەکەت ساخ و سەلیم وا لەبەر چاوتا.

باوکی رادیۆکەی گرتەوە بەدەستیەوە کڕەکڕ مەوجەکەی ئەگەڕان وتی:

– بۆ ئەو لەچکە ئەونە موهیم بو...؟ کە منداڵێ ئا بەم بچوکیە بخەیتە

ڕێ، بەم نیوە شەوە تاریکە!؟ دەی با بەیانی ببوایە.

– ئاخر هێن سودابە خانمی دراوسێیانە. تەواوی ئەکا بۆ ئەو. قەولی پێداوە بۆی تەواو بکات، بەیانی ئەچێ بۆ زەماوەن.

دایکی لە ژێرەوە خێسێکی کرد لە مەهدی. باوکی خەریکی رادیۆکەی بو. وتی:

– کێ ئەچێ بۆ زەماوەن؟

– سودابە خانم... فەریدەو دایکم هاوردیان کەمێک لە ئۆیەکەم دادا.

– دیارە چەنێ لە خەمی سودابە خانمدایە. خانمی خوشکت فەریدە خانم. ئەگەر مەنزوری ببوایە و ئەگەر تۆیش ڕاسکەی لە بیرتان نەدەچو.

دایکی ئەیزانی کەپێی خۆشە دەنگی بێت بەپێکەنینەوە وتی:

– دەی باشە کاورا کەم بلێ ئەوە چی بووە!... بۆ چی وا ئەکەی!

– هیچ نەبووە... هیچیش ناکەم... بەڵام تۆ خۆتو ئەو کوڕتە پێتان خۆشە من عەزیەت کەن.

مەهدی بەبیستنی ئەو کوڕتە لەباوکی قسەکەی دایکی بیر کەوتەوە کە لە حەوشە پێی وت سەری باوکت نەئەخوارد. ئەم قسە لەمێشکیدا دەنگی ئەداوە، لەبەر خۆیەوە وتی «بەیانی لە دایکم ئەپرسم بزانم چی منە» سەیری دایکی کرد و دەستی کردەوە بەنوسین.

شێو حورا. باوکی لە دڵی دەرچبو. کەوتبو بەلاداو رادیۆکەی نابوەبناگوێی. بەدەستەکەی تری تەزبێحەکەی هەڵدەسوڕاند.

باسی کەوش دزینەکەی کاعەزیزی دەگێڕاوەو پێدەکەنا، هەر دوو چاوی فرمێسکی تێزا بو. کەوتبوە هەنیسکە هەنیسک و تەواو گیانی ئەلەراوە مەهدی و دایکی و براچکۆلەکەی هادی وێڕای باوکی پێدەکەنان. ئەمان



بێجگە لە مەهدی، لە مسەلەکە چاک حاڵی نەبون. بەهۆی پێکەنینەکەی باکیەوە کەوتبونە پێکەنین. دایکی بەدەم پێکەنینەوە سەیری باوکی و مەهدی ئەکرد، تا باشتر بۆی دەر بکەوێ، مەهدی ڕوی کردە باوکی و لە دڵی خۆیدا وتیەوە: «من پارەم نەدا یان تۆ،لەعەسرۆ پێدەکەنی جەنابی کا عەبە».

کاتی خەوتن هات. باوکی رادیۆکەی کوژاندەوە و چووە دیوەکەی خۆی. دایکی پێخەفەکانی ڕاخست. هادی نوستبو. دایکی کردیە باوەش و خستیە سەر جێگەکەی. چو چراکان بکوژێنێتەوە. مەهدی وە دوی کەوت:

– دایکە...

دایکی وێستا ،مەهدی چووە پێشەوە، باوەشی کرد بەدایکیدا. دایکیشی دەستی خستە دەور ملی و توند. نوسانی بەخۆیەوە مەهدی وتی:

– دایکە گیان بەیانی زو خەبەرم کەرۆ ئەچم بۆ دوکان. ئیتر لە کۆڵان نابم.

دایکی دیسان نوسانی بەخۆیەوە و ماچی کرد. مەهدی هات ئەوەی کە سەر لە شەوێ لە حەوشە دایکی پێی وتبو ئەوەی کەباوکی وتبوی لێی بپرسا بەڵام نەیدەتوانی بێ ئەوەی بییەوێت وتی:

– دایکە.

دایکی دەستی هێنا بەسەریدا وتی:

– گیانی دایکە ئەڵێی چی... چیت ئەوێ کوڕی شیرینم.

مەهدی لەباوەشی دایکیدا سەری هەڵبڕی، لە ژێرەوە تماشای دایکی کرد. نەیدەتوانی ئەوەی کە لە مێشکیدا بو لای دایکی باسی بکات. بیشی توانیایە نەیدەزانی چی بڵێت. سەری داخست وتی:

- هیچ دایە گیان.

دایکی بەدەست چەناگەی مەهدی گرت و سەری پێ هەڵهێنا دەنگی لێدانی دڵی دایکی یەک لەسەر یەک بەهێمنی دەهاتە گوێی وتی:

- دا تەماشام بکە بزانم ڕاس ئەکەی؟

مەهدی چەناگەی لە دەست دایکی رەها کرد و سەری داخستەوە دایکی وتی:

- دەباشە هەرگا وایە پێم ناڵێیت و ناهێڵی سەیرو بکەم. بڕۆبخەوە با بەیانی زوو خەبەرت ببێتەوە.

مەهدی چووە ناو جێگەکەی، دایکی پەتوەکەی پێدادا و چراکانی کوژاندەوە.

***

بەیانی زوتر لە ڕۆژانی تر دایکی خەبەری کردەوە، تا بچێ بۆ دوکان. ناشتاییەکەی خوراد و کتێبەکەی هەڵگرت، یەک ڕاست چۆ بۆ دوکان. ناو دوکانەکەی گسکداو بەر دوکانەکەی ئاو پرژێن کرد.

کتێبەکەی لەسەر مێزی شیشە بڕینەکەی کردەوە، دەستی کرد بەدەرس خوێندن، ئاگای لە کتێبەکە نەبو نەیشی دەزانی چی ئەخوێنێ و کام کتێبی وا بەدەستەوە، زوزو سەیری دەرەوەی ئەکردو سەیری کتێبەکەی ئەکرد. فیکەیێک ڕایچڵەکاند سەری هەڵبڕی چاوی بۆ گێڕا. فەرهاد بو. بەدەست پێی وت: «دەرس ئەخوێناٚ، ناتواناٚ». فەرهاد ڕۆیی. بەڵام ئەم هەر چاوی لە دەرەوە بو. باوکی لەسەر کورسیەکە هەستا تۆزێک بەسەریەوە وەستا، نخون بۆوە بەسەر مێزەکەدا، تماشاکردنەکەی لە سەر مەهدی سەنگینی دەکرد، خەریک بو هەناسەی توند ئەبو. باوکی دەستی برد لە سەر مێزەکە



لەبەر کتێبەکە پوشێکی هەڵگرت، ترس ڕژایە ناو گیانی مەهدییەوە. وای زانی دەست بۆ کتێبەکەی ئەبات، تەزبێحەکەی هەڵسوڕان و لەبەر دریاکەدا وێستا سەیری دەرەوەی ئەکرد. بەدەنگێکی تۆزێ بەرز وتی:

- ئەمە کەری کاٚ تۆپیوە...؟! یان خوای نەکردە چی قەوماوە...؟!

مەهدی سەیری باوکی کرد، کە لەبەر دریاکەدا دەستی نابوە پشتی و وێستابو. نەیدەزانی لەجوابی باوکیدا چی بڵێ. سەیری باوکی کردەوە تا ئێستە ئاوا نەیدیبو. ناوشانی پان، دەستو مەچەکی گەورە و ئەستور، تەزبێحەکەی هەڵدەسوڕان، لەشان باوکییەوە سەیری دەرەوەی کرد، پەڕێکی لە کتێبەکە هەڵداوە، دەستی دەلەرزی، هەراس و پەرێشانی لەسیمایدا بەدی ئەکرا. باوکی چبوە بەر دوکان لەگەڵ کاعەزیز قسەی ئەکرد. مەهدی پشت گوێی عارەقی کردبو. سەیری سەعاتەکەی کرد، دەو چارەک بو. سەعات ژمێرەکە چەسپابو بەکەفەی سەعاتەکەوە، دەقە ببو بەسەعات و سانیە لە جێگەی خۆی تەکانی نەدەخوارد، وەک شتێکی لەبەردا بێ هەر لە جێگەی خۆیدا چرکەی ئەهات. چرکە چرکی سەعاتەکە لەدوکانەکەدا دەنگی ئەداوە هەروەها لەمێشکی مەهدی دا. سەیری سەعاتەکەی کردەوە، تەکانی نەدەخوارد، یان دەشی خوارد و ئەم نەیئەدی. پەڕێکی تری هەڵداوەو سەیری کتێبەکەی کردەوە، ئاگای لەدەنگە دەنگی دەرەوە نەبو. ماشێن، خەڵک، ئەهاتن، ئەڕۆشتن، بێدەنگ، هیچی نەدەبیست. باوکی سەیری ناو دوکانەکەی کرد، مەهدی سەری داخست، گوێشی ببو بەچاو،هەرکەس دەڕۆیی لەبەر خۆیەوە ئەی وت «دەی تۆبی... دەی بێ ژورەوە... ئەم نەبو... ئەی کەی دێ» خۆی پاٚ ڕاگیر نەدەکرا، سەیری دەرەوەی کرد، کەس دیار نەبو. سەر شەقام چۆڵ کەسی پێدا نەدەهات. بەس دەست فرۆشەکان بون کە خەریکی مێش دەرکردن بون. هەرکەس ئەهات، ئەتوت پاڵی پێوە ئەنێن گورج تێدەپەڕی. سەیری کتێبەکانی کردەوە چاوی ڕێشکەو پێشکەی

دەکرد. وشەکان و رستەکان بەیەکدا دەهاتن و سواری یەک دەبون. سەیری سەعاتەکەی کردەوە لەبەر خۆیەوە وتی:

– حەک دەو نیو... لەو ساوە چارەکێ ڕۆیوە.

لەم خەیاڵانەدا بو کابرایێک هاتە ژوورەوە، باوکی بەدویدا هاتە ناو دوکان. مەهدی ئیتر هیچی نەدەبیست. دەی ئەو بێ؟ کابراکە لەگەڵ باوکی دەستیان لێداوە و برێ پێکەوە قسەیان کرد. باوکی میترەکەی هەڵگرت. ڕوی کردە مەهدی:

– ئەوە دێمەوە ئاگات لە دوکان بێ.

مەهدی سەیری کابراکەی ئەکرد و ئاگای لەقسەکانی باوکی نەبو، باوکی توند دای بەسەر مێزەکەداو دایچڵەکاند. بەتوڕەیی وتی:

– ئاگات لە کوێیە گێژە، هیچ بەهیچ کەس نەدەی. ئاگات لە دوکان بێ ئەوە دێمەوە، ئەچم تا ماڵ حاجی مینە لەم خوارۆ.

مەهدی هەناسێکی درێژی هەڵکێشا وتی:

– ئاخری هات. ئیمرۆ ئاخر ڕۆژە.

کتێبەکەی بەست. چووە سەر جێگەی باوکی دانیشت. پای خست بەسەر پایدا، ئانیشکی نایەسەر کورسیەکە. دەستی نایەژێر چەناگەی و بەدەستەکەی تری لوتی پاک ئەکردەوە، ئەوەی کە لە لوتی دەری ئەهێنا وەک باوکی سەیری ئەکرد و لەبەین قامکیدا خولی ئەدا و فرێی ئەدا سەر مێزەکە. پاش چەن دەقێک باوگی لەگەڵ کوڕێکی بچکۆلە هاتە ژورەوە، ئەندازەی شیشەکانی بڕی. کیلۆیێک زامسقەی کێشاو دای بەدەست منداڵەکەوە. ئەڵماسی شیشە بڕینەکەی خستە گیرفانی. ڕوی کردە منداڵەکە وتی:



– مێختان لە ماڵەوە هەیە؟

منداڵەکە سەر یداخستبو لەژێر لچەوە وتی:

– نازانم

باوکی هەندێک مێخ و چەکوشەکەی هەڵگرت و دوو تیکەکارتۆنی خستە دەور شیشەکە تا دەستی نەبڕێ. لە دوکان چووەدەرەوە لەبەر دریاکەوتی:

– ئەوە دێمەوە هۆشت بێ.

سەعات بوبە دوازدە، باوکی هاتەوە. کەیفی ساز بو، بێ ئەوەی ڕو بکاتە مەهدی و وەک لەگەڵ خۆی قسە بکات وتی:

– دەی خوایەبیگەیێنی، هەموو ڕۆژا، ئەگەر بمزانیایە کێیەئەو منداڵە ئەمکرد بەشەریک.

میترو ئەڵماسەکەی ناوە سەر جێگەی خۆی، چوە سەر کورسییەکەی دانیشت. وتی:

– ئەیانوت منداڵێک بووە، یا خوا بەقوربانی بم،بریا بمناسیایە.

قامکەکانی دەستی تەقاند. خۆی لەسەر کورسیەکە پان کردەوە، پارەکەی گیرفانی دەرهێنا خستیە ناو دەخلێ مێزەکە بەوردی سەیری پارەوشتەکانی نێو دەخلەکەی کرد سەرێکی لەقاندو پاڵی داوە و لاقی خستەوە بەسەر لاقیدا.

مەهدی لەبیری ئەوەدا بو کە ئایا داوای جیرەبکات یان نە... بیلێ... یان نەیلێ... ئەیدات یان نایدات... لە دوو ڕێیانیدا گیری کردبو. ناوچاوی باوکی کراوەو گەش بو. مرو مۆن نەبو تۆزێک ئەم پاو ئەو پای کرد. کتێبەکەی ئەدا بەسەر مێزەکەدا سەری داخستبو، لەژێر لچەوە وتی:

– باوکە

باوکی خۆی لە جوابەکەی نابەڵەد کرد. مەهدی دیسان بانگی کردەوە:

– باوکە

باوکی بەتورەییەوە ڕوی وەر گێڕا وتی:

– ئا... چی ئێژی... چی؟

– جیرەم پێ نادەی؟

– جیرەی چی؟ پارەم لە کوێ بو. بێ برۆ دەرۆ ملت بشکێنە. هاتی بۆ دوکان بزانی چی ئەفرۆشم، لەگەڵما بیکەی بەدوو کوتۆ... یاڵڵا بۆ دەرۆ... برۆ ملت بشکێنە دەی.

مەهدی هەندێک لە باوکی ڕاما. کتێبەکەی گرت بەدەستیەوەو لەدوکان چووە دەرەوە. خۆی ڕاگرت تا نەگریێت. تۆزێک لە کۆڵانەکاندا گەڕا تا ئارام بێتەوە. بەرەو ماڵەوە وەرێکەوت. لەبەر درگاکەدا تۆزێک وێستاو پاشان چووە ماڵەوە. دایکی چاوی پێی کەوت هەستی کرد کە دیسان باوکی عاجزی کردووە. لەبەر خۆیەوە وتی:

– یا خوا دایکت بمرێ. ملم بشکێ وا بەوبەختم کردی.

دایکی نانی نیوەڕۆی بۆدانا و بەلایەوە دانیشت تا نانەکەی خوارد. کتێب دەفتەرەکەی کۆ کردەوە، کەژەکەی تێ ئاڵاند. کەوشەکانی کردە پای. هادی بەلایەوە وەستابو. هەموویان بێدەنگ. دایکی دەستی کردە ملی و ماچی کرد. تمەنێکی تری خستە ناو دەستی مەهدییەوە، بەڵام مەهدی گلی نەداوە وتی:

– هەرکم نییە، هینەکەی دوێنێم پێیە.

دایکی هەناسەیەکی هەڵکێشا و فرمێسکەکەی گلا سەر ڕومەتی



مەهدی. مەهدی خۆی لە ئامێزی دایکی ڕەها کرد و خواحافیزی کرد و چووە حەوشە. لەبن پێپلکانەکاندا دار لاستیقەکەی دەر هێنا و کردی بەبەر بەندوخینەکەیدا و لەدرگا دەرکەوت.

منداڵەکان لەژێر دار توەکەی بەر قەفەسەکەی کا حەمە ڕەحیمی پینەچی کە لەپاڵ موسافیرخانەکەی مەنزەرییەدا دانرا بو لەسەر فەلەکەی هەڵۆوە چاوە ڕۆانی مەهدی بوون. چاک و چۆنیان کرد و پێی وتن:

– ئێوە برۆن من دوای ئێوە دێم.

کتێبەکانی دا بەدەست فەرهادەوە. هەموویان چوونە ناو بازاڕ. مەهدی لێیان جیا بۆوە. ئەوان بەناو بازاڕدا چوون بۆ مەدرەسە. مەهدی بەرەو بانی بازاڕ بەرێ کەوت، بەبەر قاوەخانەکەی کا عەشرەفدا ڕۆیشت دەنگی پیاڵەو ئیسکان و شەقەی دۆمینەو قوڵتەی قلیان دەهاتەگوێ. بۆنی کەبابی ساڵە دەم لار بازاڕی ئاخنی بو. چووە ناو تەنگەبەریەکەی خانەقاوە. سەیری درگاو حەوشەی خانەقای کرد. دریایەکی داری دوو تایی ڕەنگ بواردو. دار تویەکی گەورە کە سایەی بەسەر تەواوی حەوشەو کۆڵاندا بڵاو ببوەوە. لە پشت قاوەخانەکەی کا عەشرەفەوە سەر کەوت. چووە بانی سەنگەکی خانە. یەک دوو بان چووە خوارەوەو سەیری دەورو بەری خۆی کرد. کەس دیار نەبو. دار قۆچەقانیەکەی لەبەر کەمەری دەر هێنا. دانیشت کە لەسەر خیابانەوە دیار نەبێ. بەردێکی لەسەر بانەکە هەڵکەند، خستیەناو دار لاستیقەکەی، سەیری دوکانەکەی باوکی کرد. شیشەفرۆشی مەهدی، بەخەتێکی درشت لەسەر شیشەکە نوسرابو. گڵۆپێک بەکزی لەپشت شیشەکەوە دەگرا. قرمەی شیشە بەرز بۆوە. خەڵک لەدەور دوکان کۆبونەوە و سەیری ئەملاو ئەولایان دەکرد. مەهدی قۆچەقانیەکەی کردەوە بەبەر سکیدا و بەسەر تەنەکەکەی سەر بازاڕ دا

هەڵهات. دەنگی جنێوی دوکاندارەکان بەرز بۆوەو سۆفی حەمەمین بانگی نیوەڕۆی دا.

**١٣٨١/٢/١٥ هەتاوی**

جیرە: پارەی ڕۆژانەی منداڵ